L-1+16.qxd 03/02/1426 08:44 ª Page 1

چاودێر
THE OBSERVER
Aweekly Political, Educational & Social Press
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕووناکبیریی کۆمەڵایەتی هەفتانەیە
ژمارە (٢٠) دووشەممە ٢٠٠٥/٣/١٤

یەکێتیی؛ چاوەڕوانە بەم نزیکانە بکرێتە ئەندامی هەمیشەیی سۆسیال - ئەنتەرناسیۆنال

□ (کەریم پاکزاد) بەرپرسیاری کاروباری ڕۆژهەڵات لە حزبە سۆسیال - دیموکراتی فەرەنسی و ئەندامی گروپی کوردی لە سۆسیال - ئەنتەرناسیۆنالدا، لەنامەیەکی تایبەتدا بۆ (مام جەلال) سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەڵێت: بڕیارمان داوە یەکێتی ببێتە ئەندامی هەمیشەیی سۆسیال - ئەنتەرناسیۆنال ful member. بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی خۆیشی، مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەو باوەڕەدایە گەڵاڵەی بڕیارەکە (کە زۆر گرنگە) تەواو بووەو پەسەندکردنیشی کۆتایی هاتووە. تەنها ڕۆژی کۆبونەوەو چۆنیەتی ڕاگەیاندنی بۆ میدیاکان بەرەسمی ماوە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی (کە نەیویست ناوی بێنین) گوتی: مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەم بڕیارە دڵی خۆشەو پێی وایە سەرکەوتنێکی سیاسی گەورەیە بۆ یەکێتی و کوردستان و ئەزموونە دیموکراتیەکەی گەلەکەشمان. لەمەودواش یەکێتی دەتوانێت پشت ئەستوور بێت بەتەواوی حیزبەکانی سۆسیال - ئەنتەرناسیۆنال. سۆسیال - ئەنتەرناسیۆنالیش دوای نەتەوە یەکگرتوەکان دووەمین دەزگای سیاسی نێو نەتەوەیی سەنگینە.■

- دەست لە کەرکوک و سڕینەوەی تەعریب هەڵمەگرن
- یەکێتیی دەبێتە ئەندامی هەمیشەیی سۆسیال - ئەنتەرناسیۆنال

نەورۆز و هەڵەبجە، کەرکوک و سەرۆک

□ نەورۆز، ئەفسانە بێ، یان ڕاستی، یاخود ڕوداوێکی بچوک بوبێ و ڕۆژگار گەورەو ئاوێتەی هەست و کولتوری هەندێک لەنەتەوە ئارینەژادەکانی کردبێ، ئێستا نەورۆز، بویستڕێ و نەویستڕێ، لەناو نەتەوەی کورددا، زیاتر لەنەتەوەکانی دیکە، جگەلەوەی ڕۆژی نوێبونەوەی ساڵە، هێمای یەکەمین سەرکەوتنی چەوساوەیە بەسەر چەوسێنەردا. ئەمەش هێمایەکە، لەمێژوودا، پێچەوانەی هێمای نەتەوەگەلێکی دیکەی جیهان، بەجوانی هەڵبژێردراوەو هەتا هاتووشە، جوانتر ئاوێتەی هەست و هەڵوێستی وەچەکانمان بووە. هەموو قەڵمڕەوەکانی ئیسلام و پاشان حکومەتەکانی دیکەی داگیرکەری کوردستان، لەزەمانی خولەفای ڕاشدینەوە بۆ زەمانی کۆماری، نەیانتوانی گڕی نەورۆز دابمرکێننەوە.

لەکاتێکدا کورد، لەڕۆژگاری بەرەنگاری (١٧) ساڵ لەمەوبەر خۆی بۆ نەورۆز ئامادەدەکرد، کوردستان کیمیاباران کراو هەڵەبجە کرایە شانۆی تراژیدیای بێوێنە لەڕۆژهەڵاتدا. ئیدی لەوساوە هەستکردن بەسەرکەوتنی مێژوویی نەورۆزو کارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجە، تێکەڵاوون و پێکەوە، کورد شین و شایی هەردوو یادەکە دەگێڕێ.

ڕێکەوتی مێژوویی وای ڕێکخستووە کە هەر لەم مانگەداو لەجەژنی نەورۆزو یادی هەڵەبجەدا، سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر تاوانبارانی هەڵەبجەدا بەدیبێت و ڕژێمی عێراق، دوو ساڵ لەمەوبەر ڕوخا. ئەم سەرکەوتنە، دەروازەی بەختی کوردی کردەوەو لەو دوو ساڵەدا، پێشکەوتن و سەرکەوتنی باش باش هاتنەدی. هەتا گەیشتە هەڵبژاردن و بردنەوەی لیستی کوردستان و سەرەنجام، کاندیدی کوردستان، بەرەو سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، دیاریکراوە. ئەو کۆمارەی عێراق، کە ساڵی (١٩٥٨) دامەزراوەو بەهەزار ئەملاوئەولا، ئامادەبوون (هاوبەشێتی کوردو عەرەب) لەعێراقدا، بەبێ سەلماندنی مافە سیاسیەکانی کوردستانیش، قبوڵ بکەن.

ئێستا.. لەگەرمەی ئەم یادانەدا، ڕۆژی (٢٠٠٥/٣/١٦) لەبەغدای پایتەختدا، لەیادی هەڵەبجەدا، یەکەمین کۆبونەوەی پەرلەمانی عێراق سازدەکرێ. پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق مسۆگەرە. بەڵام کەرکوک و ناوچە تەعریبکراوەکانی دیکە، هێشتا خستنەوە سەر کوردستانیان مسۆگەر نیە. لەم یادانەدا، دەپرسین: سەرۆک کۆماری بێ ڕزگارکردنی کەرکوک و خانەقین و ژەنگارو خستنەوە سەرکوردستانیان، دەردە تەعریبی دێرینەی کوردستان چارەسەردەکا؟ بێگومان نەخێر.

چۆن دەشێ.. کوردێک سەرۆک کۆمار بێ و کەرکوک و خانەقین و ناوچەکانی دیکە، تەعریبیان بەتەواوەتی لێدوورنەخرێتەوەو نەخرێنەوە سەر کوردستان؟ هەرگیز ناشێ.. سەرۆک کۆماری کورد لەعێراقدا، تەعریبچیەکان لەناو خاکی کوردستاندا قبوڵ بکاو ناچاریش بێ، وەکو هاووڵاتی دیکە مامەڵەیان لەگەڵدا بکا؟ ئەمەیان، بەهیچ چەشنێ لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکاری و سەرکەوتن و دیاردە سیاسییە باشانەی لەقازانجی کێشەی کوردستاندایە، یەکناگرێتەوە. پۆستی سەرۆک کۆماری.. سەرەنجامی سەرکەوتنی گەلەکەمان هاتۆتەدی. ئەم سەرکەوتنە، تەنهاوتەنها بەوە تەواو دەبێ، ناوچە تەعریبکراوەکان، تەعریبچیەکانی تیا نەمێنێت و بەکوردستانی دایک شادببنەوە. ئەگینا، سەرۆک کۆماریمان بێ کەرکوک و خانەقین و ژەنگار، نەوێ.. شەرافەتمەندانەترە.■

(جمعية حقوق الانسان) لەکەرکوکدا لانەی موخابەراتی عێراقین

□ لەدوای ڕوخاندنی ڕژێم، جۆرەها ڕێکخستن و سەندیکاو ڕێکخراوی سیاسی و خێرخوازی دامەزراون. هەندێک لەمانە، بە دەسیسەی موخابەرات پێکهێنراوون. بەتایبەتی لەبەغداو موسڵ و کەرکوکدا. (جمعية حقوق الانسان) لەکەرکوک ڕێکخراوێکی دەستکێشی موخابەراتی عێراقەو ئەندامەکانیان کۆنە فیدائی و بەعسیەکانن. (عقيد خلف)ێک کە ناسراوە بە (ابو عبدالله) سەرپەرشتیان دەکاو ئەرکی سەرەکیشیان زانیاری کۆکردنەوەو ڕاپۆرت نوسینە، لەسەر کوردو هێزە کوردستانیەکان، بۆ موخابەراتی سوریا.■

مجلس قيادة الثورةو.. شێخ محمدی کربچنە

□ (١٩٨٢) ساڵی قوڵبونی جەنگی عێراق-ئێران بوو، بەتایبەتی لەکوردستاندا. ڕژێم حسابێکی زۆری بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرد. بۆیە، بەرنامەیەکی هەمە لایەنەی بۆ تۆڕی جاسوسی و زانیاری کۆکردنەوەی دارشت. بۆ ئەم جاسوسیەش، پشتی بەو پیاوە ناودارانە دەبەست کە دەیان توانی لە زۆرترین ناوچە ڕزگارکراوەکاندا، زانیاری لەسەر شۆڕش کۆبکەنەوە. چەندین شێخی تەکیەدار، بوون بە سەرچاوەی جاسوسی و زانیاری بۆ ڕژێم. (شێخ محەمەدی کربچنە) لەوانە بوو کە جێی متمانەی دەسەڵاتی باڵای ڕژێم و داوودەزگاکانی بوو. چونکە لەگەرمیان و کوێستان و کوردستانی ئێرانیشدا، تەریقەتەکەی کاریگەر بوو. بۆیە بەرزترین دەسەڵاتی بەعس (مجلس قيادة الثورة). بەسەرۆکایەتی سەدام و ئەم مەجلیسەش، لەڕێگەی (لجنة شؤون الشمال)و (مديرية الاستخبارات العامة)وە، کارە نهێنیەکانی خۆیان لەگەڵ شێخ و پیاوە بەنفوزەکانی کوردستان ئەنجام دەدا.

لەم بەڵگەنامەیەدا دەسەلمێ کە (شێخ محەمەد) لەڕێگەی (لجنة شؤون الشمال)ەوە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە (مجلس قيادة الثورة)وە هەبووە. هەروەها لە ڕێگەی شێخەوە، (٣٠) کەسی دیکەش موچەی مانگانەیان بۆ براوەتەوە. (لجنة شؤون الشمال)یش لەموخابەرات و ئیستخبارات کەمتر نەبوو.

لەم بەڵگەنامەیەدا، گومان لەوەدا نەماوە کە (شێخ محەمەدی کربچنە) لەڕێگەی دەروێشەکانیەوە، لە کوردستان و کوردستانی ئێران و تورکمانستاندا، ئەوەندە خزمەتی ڕژێمی کردووەو زانیاری هێندە گرنگی پێداون، ئیتر متمانەکەی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە (مجلس القيادة الثورة)وە هەبێ. بە ڕواڵەتیش جەنابی شێخ.. هەر خەریکی تەقواو ئیرشادی تەریقەتی قادری بووەو هەزاران بەستەزمانیشی لە خشتە بردووە.■

مام جەلال.. دەبێتە سەرۆکی یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق

□ بڕیارە (٢٠٠٥/٣/١٦) لە ساڵڕۆژی هەڵەبجەدا، ئەگەر گفتوگۆ لەسەر پۆستە سیادییەکان کۆتاییان هاتبێ یان نا، ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق یەکەمین کۆبونەوەی خۆی ساز بدا. لەم کۆبونەوەیەدا، وا بڕیارە (مام جەلال) وەکو بەتەمەنترین ئەندام، سەرۆکایەتی تەنها یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنەکە بکا. دوای ئەوە، سەرۆک و جێگرەکان و سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵدەبژێردرێن. غازی یاوەریش.. بەهێزترین کاندیدی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەیە.■

تورکیا .. بۆ یەکەمین جارە دۆسیەی کارەساتی ئەرمەن دەکاتەوە

ئاژانسە جۆراوجۆرەکان ٢٠٠٥/٣/٩

□ سەرەک وەزیرانی تورکیا (ڕەجەب تەیب ئۆردۆگان)، لەدوای کارەساتی قەتڵوعامی ئەرمەنەکان لەسەدەی نۆزدەدا، بۆ یەکەمین جارە ڕازی دەبێت (لێکۆڵینەوەیەکی بێ لایەن) لەسەر کارەساتەکە ئەنجام بدرێ. لەم بارەوە ئەردۆگان دەڵێ: دۆسیەکانمان بۆ ئەوانەی باسی قەتڵوعامەکە دەکەن، کردۆتەوە.

وا دیارە.. کردنەوەی ئەم دۆسیەیەش، هەر لەژێر فشاری یەکێتی ئۆروپادا بێت، چونکە لەهەموو کۆبونەوەکاندا ئەم کێشەیە لەنێوان ئۆروپاو تورکیا قوت کراوەتەوە. هەر بۆیە، (دینیز بایکاڵ)ی سەرداری ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی تورکیاش، بەناوی حیزبی گەلی کۆمارییەوە، پشتیوانی لە بڕیارەکە کرد.■

الجمهورية العراقية

د. ئەحمەد چەلەبی هیوای سەرەک وەزیرانی ماوەو لیستی ئیئتیلافیش لەناو خۆیاندا ناتەبان

□ بەپێی هەواڵێکی باوەڕپێکراو، د. ئەحمەد چەلەبی، هێشتا هیوای نەبڕیوە لە پاڵاوتنەوەی بۆ سەرەک وەزیران. د. چەلەبی.. پێی وایە، ئەگەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی عێراقی یەکگرتوو، کێشەی دیاریکردنی سەرەک وەزیران بخەنە ناو پەرلەمان و لەناو پەرلەمانیشدا، د. برایم جەعفەری زۆرینەی دەنگ نەهێنێ، لە حاڵەتی وادا، ڕەنگە لیستی ئیئتیلافی عێراقی چاو بە بڕیارەکەیدا بخشێنێتەوەو ئەوجا، د. چەلەبی بۆ پۆستەکە، کاندید بکەن. هەواڵەکانی ناو لیستی ئیئتیلافیش وا دەگەیەنن کە لەناو خۆیاندا، لەسەر ووردو درشتی مەسەلە سیاسی و ئیداریەکان، ڕێک نین و هەتا دێتیش، ناکۆکیەکانیان قوڵتر دەبێ.■

تورکیا ١٧٢ هەزار پۆلیسی هەیە، ٨٣ هەزاریان سەرپێچیان کردوە

□ دوای ئەوەی یەکێتی ئۆروپا پەیتا پەیتا، ڕەخنە لەدەزگا ئەمنیەکانی تورکیا، بەتایبەتی لە پۆلیسی تورکیا دەگرێ لەسەر ئەو ڕەفتارە دژ بە دیموکراتیەی ڕۆژانە دەینوێنن. حکومەتی تورکیا کەوتۆتە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان لەگەڵ پۆلیسی وڵاتەکەی. هەتا ئێستا (٥١٧٠) کێشە دژی پۆلیس بەرزکراوەتەوە. سەرەنجام: ١٤٣٦ پۆلیس لەسەر تاوان دەرکراون، (١٥٠٠٠) پۆلیسیش بەشێوەیەکی کاتی دوورخراونەتەوە، موچەی (١٦٤٠٠) پۆلیسیش ڕاگیراوە. جگەلە سەرنج ڕاکێشانی (٩٠٠٠) پۆلیسیش. واتا لە (٤٥٪) پۆلیسی تورکیا دەستیان هەبووە لە پێشێلکردنی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤدا.

هەر لەسەر ئەم کێشانە، ستادی سوپای تورکیا بڕیاری داوە (یەکەی جەنگی دەروونی) کە بەشێک بوون لە سوپای تورکیاو ڕۆڵێکی کاریگەریشیان لەسەپاندنی دەسەڵاتی سوپاو نابوت کردنی هێزە نەیارەکاندا گێڕاوە، هەڵبوەشێننەوە. هەموو ئەم هەنگاوانەش، بۆ جوانکردنی سیمای سوپاو دەوڵەتی تورکیایە لەبەردەم یەکێتی ئۆروپادا.■

گۆڤارێکی سێکس و ژنی ڕووت.. لێکۆڵینەوە لەسەر (عدي) بڵاودەکاتەوە

□ گۆڤارێکی ئەمریکی (بلای بۆی) بەناوبانگە بە بڵاوکردنەوەی ژنی هەرە جوان و جوانترین وێنەی ڕووت.. ووتاری سێکسی، کە (٣) ملیۆن دانەی لەئەمریکاو (٥) ملیۆنیش لەدەرەوەی ئەمریکادا، بڵاو دەکرێتەوە. ئەم گۆڤارە ئاگادارییەکی بڵاوکردۆتەوە کە: لێکۆڵینەوەیەک لەسەر دوا ڕۆژەکانی ژیانی عدی سەدام بڵاو دەکاتەوە. بەرپرسانی گۆڤارەکە گوتویانە: نامانەوێ ڕەوتی گۆڤارەکە بگۆڕین، بەڵام لەبەرئەوەی عودەی بەناوبانگە بە ژنبازی و ئاهەنگی سێکسی، بۆیە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بڵاو دەکەینەوە. شایەنی باسە، (پیتر ئەنریت)ی ئامادەکەری لێکۆڵینەوەکە (١٨) مانگ سەرقاڵی لێکۆڵینەوەکە بووە. ناوبراو پەیامنێری c.n.n بووە لە عێراق لەکاتی جەنگدا.■

لێکدانەوەی هەواڵ - ل (٢)
١- مەترسی ڕەگەزە مێژووییەکانی.. (مەلا بەختیار)
٢- سوریا.. بەرەو کام چارەنووس.. (سەرکەوت عەبدوڵڵا)
٣- لە گفتوگۆکاندا کێشەی کەرکوک.. (ئازاد عەلی)

ڤۆڵتێر دوژمنی مەسیحیەت و دیکارتیەت
ئارام سدیق
جیهانبینی ڕوناکبیریی - ل (١٠)

فوادی مەجید میسری و سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی دیموکراسی
ڕەخنەو دیالۆگ - ل (٨-٩)

بەشی پرۆڤەیەک کات ماوە
دیاری قەرەداغی
هونەر - ل (١٤)

هەواڵ و مەترسی

□ ئەمریکا.. هەڵوێەکی دیپلۆماسی و هەڕەشە لە ئێران!

جۆن بۆڵتۆن.. یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ داماڵینی چەک، کە بەهەڵوێەکی دژی ئێران و کۆریای باکوور ناسراوە، کراوەتە نوێنەری ئەمریکا لەنەتەوە یەکگرتوەکاندا. ئەمەش لەکاتێکدا ناوبراو نەتەوە یەکگرتوەکانیشی خۆش ناوێ. لەلێدوانێکدا جۆن بەڵێنی داوە سیاسەتی بوش و ئەمریکا بەرێتە پێشەوە. بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتوەکانیش پاڵاوتنی (جۆن) یان بۆ ئەو پۆستە پێ سەیر بووە!■

□ ئێران: ئیسرائیل وریا بێ و ئۆروپاش بێتوانایە

حەسەن ڕوحانی.. بەرپرسی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران: ئیسرائیلی وریاکردوەتەوە کە ئەگەر پەلاماری ئێران بدا، توندتر پەلاماری دەدرێتەوەو (جەرگەی قەوارەی زایۆنیزم) دەگرێتەوە. هەروا ڕوحانی و ئێران پێیان وایە ئۆروپا بێ توانایە لە جێبەجێکردنی ئەو پەیمانانەی بە ئێرانی داوە. شایەنی باسە.. فشار خستنە سەر ئێران لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی.. هەتا دێت زیاتر دەبێت. ئێرانیش هەتا ئێستا سوورە لەسەر چاکسازی ئەتۆمی!!■

□ موسڵ.. (معرض الراوي) بنکەی تیرۆریستانە

(معرض الراوي) بۆ کڕین و فرۆشتنی سەیارە لەشاری موسڵدا، خاوەنەکەی ناوی (نوری سعید)ە. ئەم (معرض)ە، تەرخانکراوە بۆ هاوکاریکردنی تیرۆریستەکان و بەشی زۆری سەیارە میناویەکان لەم (معرض)ەدا، ڕێک دەخرێت. هەر کێشەیەکیشیان دووچار ببێ (نوری سەعید) خێرا بۆیان چارەسەر دەکا.■

ÇAWDÊR
Political, cultural, social weekly press ..kurdistan iraq
No.: (20) 14-3-2005
THE OBSERVER
خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: مەلا بەختیار
ستافی کارا:
سامی هادی، جەمال حوسێن
نەخشەسازی: جەلیل حسێن
ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان؛ تەها حەمە نوری؛ ئیبراهیم حسێن
www.madaniat.org
info_chawder@yahoo.com
سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٤٠٤١٦ - ٣١٢٧١٢٠
نرخی: (٢٥٠) دینارە

زمانی گفتوگۆ

□ زمانی گفتوگۆی دایک هەر ڕۆڵەگیانەو هی منالی ساواش کخەو بڤەیە. زمانی گفتوگۆی عاشقانیش ماچو مولحەقاتەکانێتی. زمانی گفتوگۆی بەهاریش هەورەگرمەیەو هی پەپوولەش فڕینێکی بێدەنگە. ئەگەر ڕێت کەوتە شوێنێکیش کە سەری زمان و بنی زمانیان هەر شیرینی بوو، ئەوە بزانە ئەو شوێنە سەیتەرەیەکە لە سەیتەرەکانی هەرێم و مەعلومیشە زمانی گفتوگۆی ئەمریکا هەڕەشەیەو ئێرانییەکانیش دەست نانێن بە رووی کەسەوەو هەر ئەڵێن (چەشم) کە یەعنی بڕۆ عەریف بە. زمانی گفتوگۆی بەینی حساباتو هەندەسەش ئەغڵەبی جار چاوداگرتنێکەو ئەوی بەرتیلخۆریش لە بەرتیلبەخش حاڵی ئەکات ئیشارەتی بەنەوعێکەو زمانی گفتوگۆی نێوان خەلیفەو موریدیش دەست ماچ کردنە. تەکەتولچییش تەنیا بە نامەیەکی جیقلاتەیی لە هاوبیرەکەی خۆی تێئەگاتو زمانی گفتوگۆی شای دارستانیش نەعرەتەیەو هی پشیلەی بێ شەخسیەتیش کە بۆ پلە گۆشتێک ئەپاڕێتەوە میاومیاوێکی درێژخایەنە. زمانی گفتوگۆی نەخۆشیش نکەنکەو هی تەلەبەی جامیعەش کە لە وەزعەکە نارازییە مانگرتنەو هی پۆلیسیش تەقەکردنە بە عاسماناو زمانی گفتوگۆی بەینی خەڵکی مەشغوڵ تەنیا هەلاوێکی سەریعەو هی ئیسعافو حەریقیش لورەلورێکی موزعیجە. بەڵام ناخۆشترین زمانی گفتوگۆ زمانی گفتوگۆی تیرۆریستانە کە عیبارەتە لە نارنجۆکو خوێنو تی.ئێن.تیو دانیشن بەخێر.■

پاولۆ کویلۆ دێتە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست



□ ڕۆماننووسی بەناوبانگی بەرازایلی (پاولۆ کویلۆ) لەمانگی (مایۆ)ی داهاتوودا بەسەردانێکی ڕەسمی و لەسەر بانگهێشتی (پرۆگرامی دیالۆگی شارستانیەکان) لەکۆلێژی ئابووری و زانستی زانکۆی قاهیرە دەگاتە وڵاتی میسر.

کۆیلۆ پرۆگرامەکانی گەشتەکەی بەمێزگردێکی تایبەت بەناونیشانی (هەواڵەکانی ئەدەب) لەڕۆژی (٢٠٠٥/٥/٢٤)دا دەست پێدەکات کە بۆ زۆرێک لەئەدیبان و نووسەرانی ئەوشارەی سازدەکات، دواتریش باڵوێزی وڵاتەکەی لەمیسر ئاهەنگێکی پێشوازی بۆ سازدەکات لەژێر ناوی (ئەدەب و دیالۆگی شارستانیەکان) ئەویش بەو پێوانەیەی کە (پاولۆ کویلۆ) یەکێکە لەدیاترینی ئەو ئەدیبانەی لەئێستادا لەنووسینەکانیدا گیانی لەیەکتر بوردن پەخش دەکاتەوە، جێی باسە (کویلۆ) لەڕابردویەکی نزیکدا بوو لەکوردستان و لەشاری سلێمانی بەرهەمێکی ئەدەبی ناوازەی وەرگێڕدرایە سەر زمانی شیرینی کوردی و بڵاوکرایەوە ئەویش ڕۆمانی (پانزە خولەک) بوو.■

سۆلین

٤٥.٥٪ی کچانی ڕوسیا لەدەرەوەی ژیانی هاوسەریدان

□ لە ئاکامی بەدواداچوون و ڕاپرسیەک لەشاری مۆسکۆ ڕایگەیاند کە نزیکەی نیوەی ژمارەی کچان و ژنانی ڕووسیا نەچوونەتە نێو ژیانی هاوسەریەوە.. بەڕایی بڵاوکراوە سەرەتاییەکانیش کە توێژەرەوەیەکی سوسیولۆژی بەناوی (ئەناتولی فیشنیکوف) ئەنجامی دابوو واپیشان دەدەن کە (١٧.٥٪)ی ئەوکچانە نەچوونەتە ژیانی هاوسەریەوە. هەروەها (١١٪) بەشێوەیەکی گشتی تەڵاق دراون و (١٨٪) بێوەژنن.

هەروەها بڵاوکراوەکە لەسەر ئەوکچانەی تەمەنیان لەنێوان (٢٥-٣٠) ساڵەو تائێستا ژیانی هاوسەریان پێک نەهێناوە. دەریخستووە کە دەگاتە (١٠٪)، هەروەها ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد کە تەمەنی ناوەندی پەسەندکراوو شیاو بۆ پێک هێنانی ژیان لەلای کچە گەنجەکان پێشتر (٢٢) ساڵ بوو بەڵام ئێستا بەرز بۆتەوە بۆ (٢٤) ساڵ.. جێی ئاماژە پێدانە ژمارەی ژنان لەڕووسیا لەئاستی ژمارەی پیاواندا بەڕێژەی (١٥٪) بەرزترە. واش چاوەڕوانکراوە کە ڕێژەی دایکان لەکۆتایی ئەم سەدەیەدا بۆ نیوە دابەزێت لەو وڵاتەدا.■

ڕزگار

وەنەوشە

خوێندنەوەی حەمە هاشم

□ کۆمەڵێ ڕەنگی گەرم و ڕیتمێکی خێرا، ڕوبەرومان دەبنەوە لەبینینی، بەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەند (هادی زیائەدینی) کە تێکڕا ئەو ڕەنگانە دەربڕی خەیاڵێکی هێمن و جوان بەخشی ئەوتۆن کە لە بینینماندا جێگای خۆیان جێدەهێڵن.. لەم بەرهەمە هونەرییەداکە لەنێوان کۆمەڵێ هێڵی ستوونی و تێکشکاودا، ولەنێوان کۆمەڵێ دووری و ڕەهەندی هەمەلایەنەدا، وێنەی ژنێک بەدی دەکەین.

ژنێک کە لەباڵایدا تەمەنێک لەئازارو بەدبەختی هەست پێ دەکرێت، کە لەپشتیەوە، دوو دەستی ماندووی پیاو بەچەپکێ گوڵەوە لە گوزەرێکی شەرم ئامێزدا توانستەکانی کەم دەبنەوە.. خەملاندنی کۆمەڵێ ڕەنگی وەنەوشەیی و پرتەقاڵی و سەوز، کە سەرجەمیان دەربڕن لەبێگەردی خۆشەویستی و ڕۆحی پەیوەندییەکی جوان، توانستی خەیاڵە فراوانەکانی هونەرمەندو ئەو ڕیتمە (ڕۆمان) ئاساییانەیە کە لەتابلۆکانیدا هەستی پێدەکرێت، جۆری ئەو ستایڵەی کە هونەرمەند (هادی زیائەلدینی) لە کارەکانیدا لەسەری دەڕوات نزیکە لەهونەری ڕووسی یان باشتر بڵێین (ڕیالیزمی سۆشیالیستی).. هەمیشە لەدەربڕینی کەسایەتی تابلۆکانیدا بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤەکان هەمیشە ئایندەخوازو گەشبینن بەرامبەر داهاتوو، ئەم دەربڕینانەش بەئەندازەو ڕایەڵەکانی ڕەنگەوە بەستراوەو هەمیشە ڕوو لە ڕووناکی، ڕووناکییەک لەکازیوە دەکات، وەستاون، ئەو مرۆڤانەی کە ژیان لەلایان بایەخی خۆی هەیە.

ئەم بەرهەمە هونەرییە لەتەکنیکدا پێکهاتەیەکە لەڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس ئەگەر چی جۆری بەکارهێنانی ڕەنگە ڕۆنیەکە، شێوازێکی تایبەتەو هیچ کوتلەو فیگەرێک بەچڕی ڕەنگە ڕاستەقینەکەی بەرناکەوێت، کە ئەمەش نیشانەی دەربڕی ئەو ڕۆحە ئیستاتیکیەیە کە هونەرمەند بەتوانایەکەوە نیشانمانی دەدات.■

بلیمەتەکانی سوریالیەت دەگەڕێتەوە ناو ژیان

□ دوابەدوای کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی ئەو پیشانگەیەی کە تایبەت کرابوو بۆ کارەکانی نیگارکێشی فەرەنسایی بەناوبانگ (پول گوگان)و (بولیزم) لەشاری مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا، لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش وڵاتی میسر بەتابلۆیەکی پارێزراو لە مۆزەخانەیەکی ناوچەی جیزە کە تایبەت بوو بەو هونەرمەندە مەزنەو ناوی (مردن و ژیان) بوو بەشداری ئەو پیشانگەیەکی کرد. ئێستاش شاری بەرشەلۆنەی ئیسپانیا سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ سازدانی پیشانگەیەکی گەورەتر لەڕووی هونەری و چەندایەتییەوە بۆ زۆرێک لەتابلۆی هونەرمەندە سوریالیستەکانی وڵاتی فەرەنساو شاری پاریس. ئەم پیشەنگایە لەژێر ناوی (پاریس و سوریالیستەکان) سازدەدرێت و چەند مانگێک دەخایەنێت و لەمانگی (سێبتەمبەری) داهاتوودا کۆتایی پێ دێت.

پیشانگەکە پتر لە (٣٧٠) تابلۆ لەخۆدەگرێت بەتایبەت تابلۆی ئەو هونەرمەندانەی کە کاریگەری و گرنگی دیاریان لەسەر بەرەوپێش چوونی بیری (سوریالی) هەبووە یان لەشاری پاریس کۆبوونەتەوەو ئەو شارەیان کرۆتە پایتەختی ڕۆشنگەری هونەرمەندان و نووسەران و دەرهێنەران و دوای جەنگی یەکەم بەیەک گەیشتوون و شۆڕشێکیان لەوکۆمەڵبوونە هەڵگیرسان نەک لەسەر ئاستی بەرهەم هێنانی تابلۆکانیان بەڵکو لەسەر ئاستی (فیکر)یش.■

دێلاف

خزمەتەکانی (الانصات المرکزی) لەسەردەمی جیهانگیریدا

(چاودێر)

□ (٢٠٠٥/٣/١٠) یانزەهەمین ساڵڕۆژی پەخشنامەی (الانصات المرکزی)یە. ئەم پەخشنامەیەی کەمەگەر ئەوانەی خولیای سیاسەت و سیاسەتی جیهانیان سەبارەت بەکوردو عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەر لا گرنگە، بزانن ئەم کۆششە پڕ لە بەخششە، چەند گرنگ و چەندیش سودمەندە. چەندیش بۆ نوسین و هەواڵ و باسی گەرم وگور حازر بەدەستە.

ڕاستە.. ئێستا لەسەردەمی جیهانگیریداین و سەردەمەکەش وەکو گوندێکی گچکەی بۆ دەنگوباس لێهاتووە. بەڵام لەم گوندە بچوکەی جیهانگیریدا، هەورە بروسکە ئاسا، لە چرکە ساتێکدا، هەزاران جۆرە هەواڵ و، دەنگوباس و، ووتار، بڵاودەبێتەوە. لەناو ئەم هەموو باس و هەواڵە زۆر زەبەندەدا، ئەگەر دورنمایەک دەستت نەگرێ و لەناو دونیای پێچاوپێچی سیاسەت و باسەکاندا، باسی گەلە کڵۆڵەکەت و ئەو باسانەی پەیوەندیان بە باسی گەلەکەتەوە هەیە، کۆنەکاتەوە، بێگومان ستەمە بتوانیت تەرکیز بکەیتە سەر ئەو هەواڵ و نوسین و باسانە کە گرنگن بۆ چارەنوسی گەلەکەت. (الانصات المرکزی) بەڕاستی.. لە (١١) ساڵی ڕابردوودا، ئەو ڕۆڵە گرنگە دەگێڕێ کە ڕۆژانە، لە سەرانسەری ئەم دونیایەدا، ئەرکی کۆبەند کردنی هەواڵ و باسەکانت بۆ دەگرێتە ئەستۆ. پێمانوایە، ئەم پەخشنامەیە هیچی کەمتر نیە لە (کوردستانی نوێ)و (الاتحاد) ئەگەر زیاتریش نەبێ. دەشتوانم بڵێم، لەزۆر ڕووەوە، گرنگترە لەو گۆڤارە کوردیانەی دەردەچن. سودیشی زۆر زیاترە لە زۆر بڵاوکراوەی دیکە، کەدڵنیام هەندێک لە بڵاوکراوەکان کەمترین سودیان هەیە.

دەستخۆشی لەوئازیزانە دەکەم (١١) ساڵ لەمەوبەر بیریان لە دەرچواندنی (الانصات المرکزی) کردۆتەوەو ماندوو نەبن هەموو ئەوکەسانەی لەم پەخشنامەیەدا، ماندوو دەبن. بەهیوا.. هەتا دێت سەرکەوتووتر بن، لەم پەیامە جوانەی کە بەڕاستی (الانصات المرکزی) بۆتە ئاوێنەی باڵانمای هەواڵ، لێدوان، ووتارو بۆچوونی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیی..

فوادی مەجید میسری و سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی دیموکراسی

ژیاننامەی فوئاد مەجید میسری

- سالی ١٩٤٧ لە سلێمانی لەگەڕەکی مەلکەندی لەدایک بووە.
- خوێندنی ئامادەیی بەشی ئەدەبی تەواو کردووە.
- لەسەرەتای حەفتاکانەوە بەردەوام دەنوسێ و یەکێکە لەو نوسەرانەی بەنووسین لەسەر بەرهەمەکانی روانگەی نووسیوە.
- لەناوەراستی سالانی حەفتاوە ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کورد بووە.
- شانۆیی خەج و سیامەند، راپۆرت، دادگا، شێرعەلی نووسیوە و چەند شانۆییەکی تری ئامادەکردووە وەک سەلەی نانکەر، چرا، ئادابا.
- چەند نوسین و لێکۆلینەوەی سیاسی و ئەدەبی بەناوی خۆی و جیاجیاوە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بلاوکردۆتەوە.
- لەم سالانەی دواییدا کتێبی کۆمەلگا لەسایەی دەولەتی خەلافەت و بیری ئوسولی ئیسلامی و جیهانگیری نوسیوە و بلاوکراونەتەوە.
- شانۆیی دایکە ئازاو گالیلۆی و بریختی وەرگێراوە.
- هەردوو کتێبی چینی کرێکارانی عێراق و رێنیسانس ی د. کەمال مەزهەری وەرگێراوە.
- سالی ١٩٩٧ چۆتە دەرەوەی ولات و لە هۆلەندا جێگیر بووە.
- ئێستا سەرۆکی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی و سەرنووسەری گۆڤاری (الروءیة)ە کەبە بەعەرەبی دەردەچێت.

چاودێر: زۆرمان پێخۆش بوو، دەمەتەقێیەکی تیۆری و فەلسەفی و سیاسی، لەسەر مەسەلەکانی رۆژ، بەتایبەتی دیموکراتی و پرۆسیسی دیموکراتی و سەرکەوتنی دیموکراتی. ئەمرۆ تۆزێکیش ئاور لەرابردوو بدەینەوە، تۆزێک ئەو ئەدەبیاتانەی لەمەوبەر شەن و کەو بکەینەوە، بۆ ئەوەی بەراستی هەندێک تەمومژی فیکری، هەندێ قسەو بۆچوونی نامۆ بەدنیای دیموکراتی، بەدنیای سۆسیالیزمیش هەیە، ویستمان لەگەڵ یەکێکی وەکو جەنابت، ئەم چاوپێکەوتنە بکەین، کەدەزانین ئێوە لەکۆنەوە خەریکی خەبات و مەسەلە فیکریی و سیاسییەکانن، هیوادارین کە ئێمە شەفاف و کراوە دەبین لەپرسیارەکانمان و ئێوەش بەوپەری ئازادی، قسەی خۆتان دەکەن و ئەگەر ئالوگۆرێکیش لە بیروبۆچوونەکان هەبێت بەرامبەر بە پرسیارەکان، پێمان خۆشە بەشەفافی شتەکان بلاو بکەینەوە. دەمەوێ دەست پێکی پرسیارەکان لەوەوە بێت، کەئایا تۆ پێت وانیە ئەم سەردەمە کە سەردەمی جیهانگیرییە، کەسەردەمی سەرخستنی دیموکراتیە، لە زۆر ولاتانی دنیادا، تۆ پێت وانیە خۆی لە خۆیدا پیاچوونەوەیەک بێت، بەهەموو بەرنامەکانی کەلەمەوبەر گومانی دەخستە سەر پرۆسەی دیموکراتی؟

نەمارکس و نەئەنگلس لەهیچ نوسین و ئەدەبیاتێکیاندا باسیان لەحیزبی کرێکاران و جوتیاران نەکردووە بەوجۆرەی کە لینین لەسەردەمی خۆیدا پیادەی کرد. مارکس و ئەنگلس لەزەمینەیەکدا تیزی حزبی کرێکارانیان پیادەکرد کە هێزە کۆمەلایەتیەکان جیاببونەوە

■ فوئاد مەجید میسری

دیموکراتیەت گرێبەست (عقد)ە لەنێوان دەسەلات و هاولاتیاندا. هەرچی کۆمەلگای مەدەنییە یەکێکە لەپایەکانی سیستمی دیموکراسی. کۆمەلگای مەدەنیش واتە کۆمەلگایەک پەیڕەوی سیستمێکی عەلمانی بکا. عەلمانییەتیش یانی جیاکردنەوەی ئایین لە دەولەت.

بەڕای من ئەوە چوونە پێشەوەیەک بوو لەدوای هەلبژاردنەوە کەگوتاری سیاسی کورد بەخۆیەوە دی. ئەو تێزەی مام جەلال پیادەی کرد زەخمێکی نوێی دا بەگوتاری سیاسی کورد بەلام لایەنی بەرامبەر وردە وردە لەئیستیحقاقەکانی پاشەکشە دەکا.

■ فوئاد مەجید میسری

من پێم وا نییە هیچ هێزێکی مەزهەبی لەگەل دیموکراسیدا بێت، من ئەوەندەی کەشیعە بەترسناک ئەزانم لەسەر دیموکراسی، نالێم سوننە لەگەل دیموکراسیەتایە چونکە سوننەش لەگەل دیموکراسیدا نییە، بەلام شیعە خەتەرێکی تری هەیە ئەویش لەبیرکردنەوەیاندایە

بۆ ل١٣

laparakan.qxd 03/02/1426 09:44 ã Page 1

مەترسیی ڕەگەزە مێژووییەکانی تەعریب و هەڵی مێژوویی سڕینەوەی

مەلا بەختیار

□ تەعریب.. تەنها جوگرافیای کوردستانی بەرتەسک و سەرزەمینی حەڵاڵی گەلی کوردستانی قوتنەدابوو، بەڵکو درێژەکێشانی تەعریب لەسیەکانەوە سەرەنجامی ئەو شکستانەی ڕاپەڕینە چەکداریەکانی کوردستان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە بۆ جەنگی دووەم و شۆڕشی ئەیلول، تێکڕا حاڵەت و سایکۆلۆژییەتێکی نالەباریان لەناخی مرۆڤی کورددا خوڵقاندبوو، بەتایبەتی دواتر شکستخواردنی هەموو گفتوگۆکانی کورد و ڕژێمی عێراق هەر لەسیەکانەوە کە کەمترین داخوازی لەڕاپەڕینی بەرزانیەکان پێشکەش کراوە، هەتادەگاتە لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی لەشەستەکان و ڕێکەوتنامەی (١٩٧٠/٣/١١).. لەتەواوی ئەو سەدەیەدا؛ داگیرکەران لەدوای هەموو ڕاپەڕین و گفتوگۆیەک، وردتر دەکەوتنە جێبەجێکردنی پیلانی تەعریب؛ کەرکوک، خانەقین، ژەنگار و دەوروبەریشیان، کرابونە مەیدانی سەرخستنی تەعریبی داگیرکەران و داڕزاندنی سایکۆلۆژی بەرەنگاری کورد، لەبەرامبەر تەعریبدا. واتا: تەعریب.. شەڕی نەتەوەیی، جوگرافی، سیاسی و سایکۆلۆژی بوو دژی کوردستان و کوردایەتی.

> **هیچ قەڵمڕەوێکی عەرەبی - ئیسلامی لەمێژووی کۆندا؛ هەروا، هیچ حکومەتێکی عێراقی - عەرەبی - ئیسلامی لەعێراقی نوێدا، بۆ یەک جاریش بەرنامەو بڕیاری تەعریبکردنی کوردستان و پێشێلکردنی مافی گەلەکەمانی، لەهیچ بارودۆخێکدا، دوانەخستووە**

هەرکاتێکیش شارو ناوچەیەکی کوردستان، کۆنترۆڵی تەعریبچیەکان کرابێ، دەسەڵاتدارانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەرامبەر کوردستان ڕەقتر دەبوون. ئەمەش ڕاستیەکە لەسەردەمی داگیرکردنی ئیسلامیەوە لەکوردستاندا، لەلایەن هەموو دەسەڵاتدارانی عەرەبەوە بەرامبەر سەردارو سەرکردایەتی کوردستان پەیڕەوکراوە. چونکە هەموو تەعریبکردنێکی ناوچەیەک چەشەی سەرکەوتنی داوەتە دەسەڵاتدارانی ئیسلامی - عەرەبی بۆ سەپاندنی ستراتیژی تەعریب لەسەرانسەری کوردستاندا (هەروا سیاسەتی تەتریک و تەفریس لەبەشەکانی دیکەی کوردستاندا). بەتایبەتی لەرۆژئاواو باشووری کوردستاندا. ئەوە سوریاو ئەمەش عێراق. لەعێراق و کوردستانی بەشی عێراقدا، لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدرێتەوە، بۆگەنی تەعریب لەموسڵ و دەوروبەری تکریت و زنجیرە شاخی حەمرین، هەڵدەستێ.

وەکو گوتمان.. ئەو ڕاستیانەی مێژوو بارێکی سایکۆلۆژی خراپیان لەناو کوردستاندا لێکەوتۆتەوە. ئەمەش وایکردووە بەشی بەرچاوی کورد لەژێر کاریگەری سایکۆلۆجیەتی شکست خواردوودا، بڕواننە دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی و کلتوری عەرەب لەناو ئیسلامدا.

نزیکترین نموونەش، ئەو دەنگە هەرە کەمەی لیستی هەڵبژاردنی هاوپەیمانی کوردستانییە لەناو فەیلیەکان و خەڵکی مەندەلی و قەرەوڵس.. تاد لەبەغداو ناوەڕاستی عێراقدا. ئەمە لەکاتێکدا حیزبەکانی هاوپەیمانی کوردستان زۆر زیاتر لەلیستەکانی دیکەی عەرەبی و شیعە، بەرگری لەمافی فەیلیەکان و داخوازییەکانیان دەکەن. لەپۆستەکانیشدا شوێنی شیاویان داونەتێ. لەناو سەرکردایەتی یەکێتیی و پارتی و هەردوو حکومەتی کوردستانیشدا، نوێنەرانی فەیلی لەمەکتەبی سیاسیەوە بۆ ئۆرگانەکانی دیکە، پلەوپایەی گرنگیان هەیە. کەچی بینیمان.. بۆیەکەمین جار لەمێژوودا، هەڵکەوت، کورد لەعێراقدا ڕیزبەندیەکی نەتەوەیی مێژویی بۆ دونیا دەربخا، بەداخەوە، لەبەغداو خواروی عێراقدا، کە مەزندە دەکرێ زیاتر لە نیو ملیۆن دانیشتووی کوردییان هەبێ، بەڵام لیستی کوردستانی لەناو ئەو هەموو کوردە شیعەیەدا کەمترین دەنگ و لیستی ئیئتلافی شیعەش زۆرترین دەنگیان هێنا. ئەمە دەیسەلمێنێ کە هەستی مەزهەبی زاڵە بەسەر هەستی نەتەوەییدا. ڕەگوڕیشەی ئەم کاریگەرییە مەزهەبیەش بۆ ڕابوردووی دێرین، بۆئەو چرکەساتانە دەگەڕێتەوە کە کورد بەئاین و بەمەزهەب و بەدەسەڵاتی ئیسلامی داگیرکراوە و درێژەکێشانی ئەم داگیرکردنەش لەسەر نیشتمان و لەناو کوردەواری و لەناخی مرۆڤی کورددا، بەشێوەی جۆراوجۆر کاریگەری زیانبەخشی خراپی هەبووە، زیانە هەرە خراپەکەشی دابڕانی خەڵکێکی زۆری کوردە لەنەتەوەکەیان و بەکەتیرەی مەزهەبیش، بەستنەوەیانە بەنەتەوەی عەرەب و دەسەڵاتی ئیسلامی، لەعێراق و کوردستانی باشووردا. لەوڵاتانی دیکەو بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا، هەمان دیاردەی نالەبار بەشێوەی دیکە کەوتونەتەوە. بەتایبەتی لەناوچە زار کەڵهوڕیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان و ئیلام و دەوروبەریان).

سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستیانەی کۆن و نوێ، ڕاستە بەشێکی کوردو چەندین پارچەی کوردستان بەو دەردە تەعریب و مەزهەبیە براون، بەڵام بەشە زۆرەکەی کوردستان و نەتەوەی کورد، بەرگرییان کردووە و چۆکیان دانەداوە، گەرچی زۆریش هەوڵدراوە بەهەمان کارەساتدا، ببرێن.

بەری ئەو بەرەنگارییە بەدرێژایی مێژوو، لەسەرانسەری کوردستاندا هێشتنەوەی نەتەوەی کوردە وەکو یەکێک لەگەورەترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئێستا هیچ چارەسەرێک بۆ ڕۆژهەڵات، بەبێ ڕەچاوکردنی سەنگی نەتەوەی کوردستان، مەحاڵە. لەملاشەوە، ئەم سەرکەوتن و دەستکەوتانەی باشووری کوردستان هەتا ئەوڕادەیەی خەریکە لەبەشێکی گرنگی ناوچە تەعریبکراوەکانی کوردستان، لەکۆنەوە، ڕەگوڕیشەی تەعریب هەڵدەکێشرێ. (لەخانەقیندا ئەنجامدراوە). کەرکوکیش مادەی (٥٨) لەیاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراق، بۆ هەمان ئامانجی کوردایەتی داڕێژراوە. لەو ماوەیەشدا، گفتوگۆی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەگەڵ لیستەکانی دیکەدا، بەشێوەیەکی گشتی چۆتە پێشەوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە واژۆکردن. واژۆنەکردنەکە، بێگومان هۆیەکەی هێزەکانی دیکەن، بەتایبەتی لیستی ئیئتلافی شیعە. ئەم لیستەو چەند لیستێکی دیکە، کاتی خۆیشی لەمەجلسی حوکمدا، لەسەر چەندین مەسەلەی گرنگ، لەوانە بڕگەی (ج)ی مادەی (٢٥)، هێزی پێشمەرگە، سنوری کوردستان و ئاسایی کردنەوەی دۆخی پارێزگای کەرکوک، مشتومڕیان زۆر دەکردو کەمیان دەدا.

سەرکردایەتی کوردستان، لەبەرامبەر کێشەی ڕیشەی تەعریبدا، ئۆباڵێکی مێژوویی هەستیارو چارەنوسسازی لەئەستۆدایە. لەسەدان ساڵی ڕابوردودا، هەرگیز هەلومەرجی وەکو ئێستا بۆ کوردستان هەڵنەکەوتووە. سەرکەوتن لەم هەلومەرجەدا بۆ گێڕانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکانی کوردستان، ئاسانە. بەڵام سەرنەکەوتن زۆر زۆر گرانە. هەرچییەک بەدەست هاتبێ، ئەگەر نەتوانین ناوچە تەعریبکراوەکان بۆسەر کوردستان بگێڕینەوە، وەکو ئەوە وایە هیچمان دەست نەکەوتبێ. بەتایبەتی لەهەلومەرجێکدا کە مەترسیەکانی جارانی ئیقلیمی بۆ سەر کوردستان کەمتری ماوە؛ کێشە ناوخۆییەکانی کوردستانیش لەچاو نۆ ساڵ لەمەوبەر کەمبۆتەوە و هیوای چارەسەری زیاتریش بەڕێوەیە؛ عێراقیش هێشتا پێکنەهاتۆتەوە و ئەو لایەنە سەرەکییانەی لەکایەدان بۆ پێکهێنانەوەی عێراق، لەناوخۆیاندا شیروتیر لەیەک دەسوون و کورد ناوبژیکەریانە؛ وڵاتانی گەورەی جیهانیش، بەتایبەتی ئەمریکاو بریتانیا، داخوازییەکانی کورد، بەنەهێشتنی تەعریبیشەوە، لەناو عێراقی فیدرالدا، دەسەلمێنن. کەواتە: لەوبارەوە. تاوانێکی گەورەیە ئەم هەلە لەبارە، لەبارببرێ.

هیچ قەڵمڕەوێکی عەرەبی - ئیسلامی لەمێژووی کۆندا؛ هەروا، هیچ حکومەتێکی عێراقی - عەرەبی - ئیسلامی لەعێراقی نوێدا، بۆ یەک جاریش بەرنامەو بڕیاری تەعریبکردنی کوردستان و پێشێلکردنی مافی گەلەکەمانی، لەهیچ بارودۆخێکدا، دوانەخستووە. دە بۆچی کورد، ئێستا، بەرنامەو بڕیاری ڕەوای خۆی، بۆ گێڕانەوەی مافی زەوتکراوی، لەم هەلومەرجە لەبارەدا، دوابخا. یان بیخاتە گرەوی ئەگەرونەگەری ئاییندەوە؟! کارو بڕیاری ئاوا، هەرلایەکی سیاسی، هەر سەرکردەیەکی سیاسی، بوێرێ بیکا، خیانەتێکی گەورە لەکورد دەکاو خۆی دەخاتە بەر نەفرەتی نەوەکانی ئێستاو لەمەودوا. بەپێچەوانەشەوە، هەر هێزێکی سیاسی و سەرکردایەتیەک، یان هەر کۆمۆسیۆنێکی هاوبەشی لایەنەکان، بتوانن ئاسەواری تەعریب بسڕنەوە و کوردستانی باشوور یەکبخەنەوە، بێگومان شەرەفێکی مێژوویی بۆ نەهێشتنی گەورەترین غەدری مێژوویی، لەمێژووی نوێی کوردستاندا، تۆماردەکەن.■

سوریا.. بەرەو کام چارەنووس؟

سەرکەوت عەبدوڵڵا

□ سوریا تاقە وڵاتی وڵاتانی عەرەبییە، کە هێشتا پابەندی فەلسەفەی ناسیۆنالیزمی عەرەبییەو حیزبی بەعسیش، تەنها سوریای بەدەستەوە ماوە بتوانێ چارەنوسی خۆی و هەژمونی ئایدیۆلۆژیەکەی، لەم سەردەمە ئاڵوگۆڕەدا، بپارێزێ. بەڵام لەم ماوەیەدا، لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی سەدامەوە، سوریاکەوتۆتە ژێر فشارێکی کەموێنەی سیاسی و ئابوری. کار گەیشتە ئاستێک کە دوای تیرۆرکردنی ناجوامێرانەی (ڕەفیق حەریری) تەنها ڕێگەی کشانەوەی سوپایان بۆهێشتەوە. کە بێگومان، دوای ئەم کشانەوەیە دەرگای چەندین ئەگەری سیاسی مەترسیدارتر لەسەر دەسەڵاتی بەعس و پاشماوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، کەوتۆتە سەر پشک: هەر لە تێکچونی دەسەڵاتی بەعسی سوریاوە، هەتا خۆپیشاندان و ڕابونی جەماوەری فراوان، ئەمە جگە لەوەی، ناکرێ ڕوداوی چاوەڕواننەکراوی کودەتاش، نەخەینە ناو ئەگەرەکانەوە. بەتایبەتی کودەتایەک پشتیوانی ئەمریکای لەپشتەوەبێ. یان ئەمریکا پێی خۆشبێ.

ئەم ڕوداوانە تێکڕا، وێڕای پێشبینی ئەگەرە سیاسیی و عەسکەرییەکان بۆ سوریا، بۆ ڕۆژهەڵات و لەرۆژهەڵاتیشدا بۆ عێراق، بەتایبەتی بۆ کوردستان، زۆر گرنگە. چونکە سوریا، هاوسنوری عێراق و دووبەشی کوردستانە (باشوور و باکوری کوردستان). لەباری بۆچونی خۆمانەوە، هەوڵدەدەین، دۆخ و چارەنووسی سوریا شیبکەینەوە. کە پێمان وایە، زۆر لەمەی ئێمە زیاتر، لێکدانەوەی دەوێ، بەڵکو جۆرێک لەئامادەکردنی بڕیارو بەرنامەی سیاسیشی دەوێ کە لەبەرامبەر هەر ڕوداوێک، هێزە کوردستانیەکان، بەتایبەتی حکومەتی کوردستان (کە هەتا ئەوکاتە بەهیوا یەکبگرێتەوە) وردتر بۆ گۆڕانکاریەکان ئامادەبێ.

سوریا.. لەبنچینەوە، وەکو حیزب و دەسەڵاتێکی (بەعسی - ناسیۆنالیستی) دەمێکە گەیشتۆتە بنبەست. بەعس، لەعێراقدا دەیویست بەفاشیەتێکی دواکەوتوانەی پاکتاوکردنی نەیارەکانی دەرەوەو ناو حیزبەکەش، پێچەوانەی شەپۆلەکانی گۆڕانکاری تەمەنی دەسەڵاتی درێژ بکا، سەرەنجام شکستی خوارد.. بەعسی سوریاش دەیویست بەهەمان ستراتیژی ناسیۆنالیستی و ئایدیۆلۆژی، بەڵام بەتاکتیکی نەرمترو دروشمی قەبەتری ڕزگاری فەلەستین، دەسەڵاتی خۆی لەقەیرانی قوڵ دووربخاتەوە، بەڵام ئەگەر لەبەر کێشەی گەورەتر لەناوچەکەو لەپەنای پاساوی ڕزگاری جۆلان و فەلەستین، هەتا ئەم دوایە بۆی چوبێتەسەر، ئەوا دەرکەوت، کاتێک ستراتیژ لەگەڵ گیانی سەردەم و ڕەوتی گۆڕانکاریەکاندا، نەگونجێ، تاکتیکی سیاسی ناتوانێ هەتاسەر دەستەبەری مانەوە بێ. ئەگەر جاران ئاستەنگەکانی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی سوریا شاراوە بوبن، چەند ساڵێکە، هەتاهاتووە، کێشەکان ئاشکرا دەبن و دەشبنە مایەی پاشەکشەی زیاتری سوریا لەو تێزە ناسیۆنالیستیانەی هەیانبوو؛ لەدەهەی ڕابوردوودا، شایەتی ناوبەناو پاشەکشەی جۆراوجۆر بوین، تەنانەت لەسەردەمی (حافظ اسد)ی باوکیشدا. کار گەیشتە ڕادەیەک، گفتوگۆی ڕاستەوخۆی سوریاو ئیسرائیلیش نەیتوانی ڕێگە لەهەڵخزانی سوریا بەرەو ئەم بنبەستەی ئێستای بگرێ، کە خەریکە نقەی لێدەبرێ.

تاکتیکەکانی ساڵانی ڕابوردوو (گولاج)ی سیاسی بوون. بەڵام سوریا پێویستی بە (عیلاج) هەبوو. نەخۆشیەکانی خۆی هەر شاردەوە، هەتا گەیشتە ئەم دۆخەی ئێستای کە ئیدی جەستەی سیاسی سوریا (گولاج)ی ئارمبەخش، وەرناگرێ.

سوریا.. کە لەمەوبەر دەیتوانی ئاڵوگۆڕی باش بەسەر پێکهاتەو سیاسەتەکانیدا بێنێ، نەیهێنا، ئێستا کە کار لەکارترازاوە، تازە باوەڕناکەین سوریا بتوانێ بەم پێکهاتەو جیهانبینیە ناسیۆنالیستی و سیاسییەی هەیەتی، خۆی لەم بنبەستە خنکێنەرە دەربازبکا. بۆنموونە:

فەلەستین، یەک لایەنە لەگەڵ ئیسرائیلدا خەریکە ڕێک دەکەونەوە؛ لەلوبنانیشدا لەژێر فشاردا سوریایان وڵات بەدەرکرد؛ لەگەڵ تورکیاشدا توانای بەرسنگ گرتنی نەماوە؛ بۆکاروباری ناو عێراقیش، بێگومان سوریا بەم نزیکانە سەراپا سیاسەتی خۆی لەدەستێوەردان و پشتیوانیکردنی تیرۆریستان دەگۆڕێ و دەشبینینەوە بەسەدان تیرۆریست و کۆنەسەدامییەکان ئاودیوی سنوور دەکەنەوە. سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستیانە، هێشتا سوریا ناتوانێ لەچارەنوسی ئاییندەی دڵنیابێ. بەتایبەتی ئێستا لەناو کۆنگریسی ئەمریکیدا گەڵاڵەی یاسای ڕزگارکردنی سوریاو لوبنان، خراوەتە بەرباس و چاوەڕوانیش دەکرێ، بەزووترین کات، پەسەندبکرێ. لەم پرۆژەیەدا، هەمان ناوەرۆکی پرۆژەی یاسای ڕزگارکردنی عێراق، ڕەنگیداوەتەوە، لەدابینکردنی چەکی کۆکوژیەوە بۆ بچوکترین مافی مرۆڤ وردودرشتی سیاسەتی دەرەکی و ناوەکی سوریا لەپرۆژەکەدا باسکراوە و بەرنامەی چۆنیەتی گۆڕینی هەمووشی، سەراپا دانراوە.

ئەم پرۆژەیە، دەیان جار جەخت لەسەر دیموکراتی و مافی مرۆڤی چون وەک یەک و ژیانی مەدەنی و ئازادیەکان دەکاتەوە. کورتیەکەی (یاسای ڕزگارکردنی سوریاو لوبنان) سەرجەم ئەو ستراتیژو سیاسەتە دەگرێتەوە، کە سوریا بەمەسەلە پیرۆزەکانی ئایدیۆلۆژیەتی بەعس و دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەزانێ. هیچ پیرۆزییەک بۆ سوریا ناهێڵێتەوە! لەخوێندنەوەی پرۆژەکەدا ئاسان دەردەکەوێ کە لەساڵانی ئاییندەدا، ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتدار نامێنێ؛ سەرۆکی سوریا دەبێ لەپرۆسەی دیموکراسیدا دیاری بکرێ؛ پاوانی ئایدیۆلۆژی تاک حیزبی هەڵدەوەشێتەوە؛ مافە مەدەنیەکان و کۆمەڵی مەدەنی دێنەدی؛ هەموو مەترسیەکی سوپای سوریاو تەواوی چەکە ستراتیژیەکانی قەدەغەدەکرێن؛ ئازادی و بیروڕای گشتی دابین دەکرێ.. تاد.

پرۆژەکە، ڕۆشنە. تەمومژی سیاسی و یاسایی و ڕاگەیاندنی تیا نییە. واش داڕێژراوە، نە ڕای گشتی جیهان ڕەتی بکاتەوەو نە بیروڕای گشتی تازەسەرهەڵداوی سوریاو لوبنان نەیسەلمێنن.

کەواتە:

سوریا.. بەرەو کوێ؟

سوریا، بەبێ گەمارۆی ئابوری لەناوخۆیدا دوچاری ئاستەنگی کۆمەڵایەتی قوڵ هاتووە؛ بەبێ ئابڵۆقەی سیاسی توشی گێروگازی دژوار هاتووە؛ بەبێ تەقاندنی یەک فیشەکیش لوبنانی جێهێشت.. وڵاتێک دۆخی ئاوابێ، چۆن دەتوانێ بەرگەی فشاری نێونەتەوەیی و ناوخۆیی و بگرە، ڕەنگە زیاتریش بگرێ؟ کەوابێ: ئاییندەی چارەنوسی سوریاش.. دیارە. ئەویش ئەوەیەکە ئەم سیستەم و ئەم حیزبی دەسەڵاتدارە و ئەم پێکهاتەیە، هەرگیز نامێنێ. بەدووریشی نازانین، پێش گۆڕانکاری سەراپایی، سەرۆکی سوریا لەناو سەرکردایەتی بەعس و لوتکەی دەسەڵاتی سوریادا، ئاڵوگۆڕی گەورە بکا، هەموو ئەوانەی لەدەهەی ڕابوردودا، بەتایبەت لەدوای مەرگی ئەسەدی باوکەوە، ڕێگر بوون لەبەردەم ڕیفۆرمی وڵاتی سوریاو بەرپرسیارن لەو تەنگوچەڵەمانەی لەعێراق و لوبنان دوچاری سوریا هاتوون؛ یان گفتوگۆی سوریاو ئیسرائیلیان لەڕادەبەدەر سەخت گرت و بەقۆناغ کێشەکانیان وەکو میسر چارەسەرنەکرد، هەموو ئەو سەرکردەو کارگێڕانەی دەوڵەت، سەرۆکی سوریا دەیانگۆڕێ. یان سزایان دەدا. یاخود خۆیان دەست لەدەسەڵات دەکێشنەوە. ئەمە جگەلەوەی ڕیفۆرمی دیکەش دەکا. تەنانەت بەرامبەر کوردیش کە لەپرۆژەکەی ئەمریکادا بەداخەوە هەر باسی کێشەی کورد نەکراوە، سەرەڕاش، سوریا لەم نزیکانە، دوورنییە ناسنامە بداتەوە کورد، بوژانەوە بخاتەوە کوردستانی سوریاو زیندانی سیاسیان بەردەدا.. تاد. بەڵام هیچی ئەمانە ناتوانن ڕێگەی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی سوریا هەڵبگێڕنەوە. تازە، سوریا ئەو دەوڵەتەیە کە دەبێ لەوڵاتێکی ناسیۆنالیستی و دەسەڵاتی حیزبی تۆتالیتاریەوە، بگۆڕدرێ بەوڵاتێکی دیموکراتی.■

لە گفتوگۆکاندا کێشەی کەرکوک چارەسەرنەکراوە!

ئازاد عەلی

□ لیژنەی پێکهێنراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەبەغدادا لەگەڵ لیستە دەرچووەکانی دیکەی هەڵبژاردن سەرقاڵی کۆبونەوەی بەردەوامن. بەتایبەتی لەگەڵ لیستی ئیئتلافی و لیستی عێراقی یەکگرتوودا.

بەشێوەیەکی گشتی.. گفتوگۆکان وادیارە، باش بەڕێوەدەچێ و لێک تێگەیشتنی گشتی لەسەر پرنسیپە گشتیەکان هەیە. بەڵام لەدونیای سیاسەتدا، گرنگ وردەکارییە، نەک درشتکاری. وتەیەکیش هەیە دەڵێ: لەدونیای سیاسەت و گفتوگۆدا، شەیتان لەوردەکاریەکاندایە.

شەیتان.. وەکو هێما لەو حیکمەتەدا بەکارهاتووە. ئەگینا مەبەستە ڕاستەقینەکە وردکردنەوەی بەرژەوەندیەکانە. کاتێک.. چەند لایەنێک، قسە لەسەر بیروڕاو ئەرکی گشتی دەکا، هەموولایەک چرای سەوز بۆیەکدی دادەگیرسێنێ. بەڵام کە وردەوردە لەگفتوگۆدا، باسەکان وردو، وردتر دەکرێنەوە، ئەوسا بەرژەوەندییە بچوک و گەورەکان قوت دەبنەوەو بیروڕا گشتیەکان دەکەونە ژێر فشاری مەسەلە تایبەتیەکان، سەرەنجام، ناکۆکیەکان زەق دەبنەوەو لێک ترازانیش ئاشکرادەکرێن.

وەفدی دەسەڵات پێدراوی لیستی کوردستانی، ئاخاوتن و قسەکردنیان، هەروا هی لایەنەکانی دیکەش، لەسەر مەسەلە گشتیەکان باشەو گەشبینی تیایە. بەڵام کاتێک مەسەلەکان لەسەر کەرکوک و هێزی پێشمەرگەو جوگرافیای کوردستان ورد دەکرێنەوە، ئیدی لایەنەکانی دیکە، بەتایبەتی ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان، هەست دەکەن بەرژەوەندی تەسکی تایفەگەری و ناسیۆنالیستیان، دەکەوێتە مەترسیەوە. سەرەنجامی ئەمەش، گفتوگۆکان ناگەنە بەرەنجامی سیاسی یەکالاکەرەوە.

دوو هەفتە زیاترە، گفتوگۆ بەردەوامە. ئێستا لیژنەی هاوبەشی لیستی کوردستانی گەڕاونەتەوە کوردستان و هێشتا لەسەر کەرکوک و پێشمەرگەو جوگرافیای کوردستان، ڕێکەوتنامەیان لەگەڵ هیچ لیستێکی دیکەدا، مۆر نەکردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا:

لیستەکانی دیکە، هەتائێستا، بەداخوازییەکانی گەلی کوردستان، بۆ سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب و گێڕانەوەی کەرکوک و خانەقی، بەتەواوەتی ڕازی نەبوون. واش دیارە ئەم کێشەیە دەخرێتە بەردەم پەرلەمانی عێراق. کە خرایە پەرلەمانی عێراقیش، بێگومان کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێ، چونکە مشتومڕەکان دژوارتر دەبن. ڕەنگە لەبەرامبەر چارەسەری کێشەکەشدا، مەرج و مەرجکاری دیکە بەرامبەر کورد، لەلایەن شیعەو عەرەبەوە، قوت بکرێنەوە.

لەهەموو حاڵەتێکیشدا، گرفتی گەورە لەوەدایە کە هەموو لایەنە عێراقیەکان (جگە لە حیزبی شیوعی عێراق) لەناخەوە باوەڕیان بەفیدراڵ و مافە دیموکراتیەکان نەبووە. بەڵکو لەکۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی پێش ڕوخاندنی ڕژێمیش، بەناچاری فیدراڵ و سڕینەوەی تەعریبیان قبوڵ کردووە. تەنانەت لەمەجلسی حوکمیشدا، بەشێوەیەکی کاتی مانەوەی پەرلەمان و حکومەت و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان، سەلماند. دەیانویست کات بەسەرببەرن، هەتا خۆیان دەگرنەوەو حکومەتێکی بەهێز لەعێراقدا، دروست دەکەنەوە. ئەوسا، کورد لاواز بکەن و مەرجەکانیان بسەپێننە سەری.

ئێستاش.. وادیارە سیناریۆکان.. هەر هەمان مەرامی (کات بردنەسەر)ی تیایە. لەم هەلومەرجەدا، کورد هێشتا بەهێزە و لایەنە شیعەو ناسیۆنالیستەکانیش هێشتا بەهۆی نەبونی دەوڵەتێکی بەهێزو ناکۆکیەکانیانەوە، لاوازن. بۆیە، هەمدیس (کات)ێکی دیکەیان دەوێ لەکوردی وەربگرن. دەیانەوێ داخوازییە بنچینەییەکانی کورد، حەواڵە بەگەواڵە بکەنەوە. بەڵکو بتوانن لەساڵی ئاییندەی حکومەت و هەتا نوسینی دەستوور، باشتر خۆیان بگرنەوە و کێشە ناوخۆییەکانیشیان چارەسەربکەن و ئەوسا، فشار بخەنەوە سەر کورد.

کوردیش.. نابێ.. بەڵکو خەتایەکی گەورەیە، هەلەکە لەدەست بداو بواریان بدا (کات) بکەنە بەشێک لەپیلانی دژی دیموکراتی. (کات) لەقازانجی کوردستان و لەزەرەری دژەدیموکراتیەکاندایە. شیعە چۆن کاتی بەفیڕۆنەداو هەڵبژاردنی سەپاند. کوردیش نابێ کات بەفیڕۆبداو داخوازییە بنچینەییەکانی نەسەپێنێ. گێڕانەوەی کەرکوک و خانەقی و ژەنگارو مانەوەی هێزی (پ.م)یش، گرنگترین ئامانجی بنچینەیی بەدیهێنانی فیدراڵی کوردستانە. ئەگینا فیدراڵی کارتۆنی دەبێ و لەئاستی دووریشدا.. ڕەنگە ئەمەشمان لەدەست بسەنن.■

laparakan.qxd 03/02/1426 09:45 ã Page 2

لیوا (عومەر حاجی حەسەن) بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هاتووچۆ.. لەچاوپێکەوتنێکدا:

-بەمەبەستی چاکتر کردنی سیستمی هاتووچۆ، لەگەڵ برادەرانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێردا کۆبونەوەیەکی دوو قۆڵیمان لەهەولێر ئەنجامدا.
-وابەتەماین لەگەڵ ترافیکی گشتیدا.. سەردانێکی شارەوانی بکەین.. سەبارەت بەچۆنێتیو کەی قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناو شاری سلێمانی.

ئا/ محەمەد رەزا

(پێشەکی)

□ **بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆ، وێڕای ئەو خزمەتە زۆرانەی ڕۆژانە بە بەرگی خۆیەوە پێشکەش بەهاوڵاتیانی دەکەن، بۆ ساڵی نوێی ٢٠٠٥ یش کۆمەڵێک گۆڕانکاری دەکەنە بەرگی جوانو درەوشاوەی کارەکانی دیکەیان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەم بەڕێوەبەرایەتیەدا بەشێکی سەربەخۆی ئامار هەیەو بەدیدەکرێت کەئاماری سەرجەم ڕووداوو چالاکیو کارە گرنگەکانی پەیوەستن بەکاری ڕۆژانەیانەوە، لەم بەشەدا کارمەندو ئەفسەری شارەزا تۆماری دەکەنو، هەرکاتو ساتێک پێویست بکات کوانوی پڕ لەزەخیرەی ئەم بەشەی ئامار بەدەوڵەمەندی لەو ڕووەوە خۆی پیشاندەدات، ڕۆژنامەکەمان بەکارێکی ڕۆژنامەوانیو لەسەردانێکیدا بۆ لای بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی، چاوی کەوت بە بەڕێز لیوا (عومەر حاجی حەسەن) لەچاوپێکەوتنێکی کورتدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی داینەوەو سەرەتا لێمان پرسی:-**

چاودێر: بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان.. لەساڵی نوێی (٢٠٠٥)دا، ئایا چ بەرنامەیەکی نوێتان هەیە بۆ چاکترکردنی سیستمی هاتوچۆ بەگشتی؟

لیوا عومەر: خۆشبەختانە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەگەڵ برادەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێردا کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا، کەتیایدا (هەڵکەوت عەبدوڵڵاو دیاری دارتاش) ئامادەبوون، وەک شارەزایەکی نەخشەسازی هاتووچۆ، مەبەستیشمان لەو کۆبونەوە دوو قۆڵییە، چاکترکردنی سیستمی هاتوچۆیە بەگشتیو، چەند خاڵێکی هاوبەشمان نوسیوەو لەسەری ڕێک کەوتووین، کەسوودی هاوڵاتیانی خۆشەویستی تیایەو برتیین لەم چەند خاڵەی خوارەوە:

بۆ لەمەولا کەوەرزی بەهار دێتە پێشەوە، سەیرانگەکان بەزۆری خەڵک روی تێدەکەنو پێویستی زۆرمان بەکارمەندانی هاتووچۆ دەبێت

١-بەدەست هێنانی هۆیەکی پەیوەندی بۆ کاتی ئێستامان لەنێوان هەردوولاماندا، بۆ ئاڵوگۆڕکردنی راوبۆچونی هەردوولا جگە لەکارئاسانی کردن بۆ هاوڵاتیان.
٢-گواستنەوەی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل لەهەولێر بۆ سلێمانیو لەسلێمانیەوە بۆ هەولێر، بەمەرجێک لەمۆدێلی (١٩٩٥) کەمتر نەبێت.
٣-گواستنەوەی مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیل تایبەت - گشتی (خصوصی - عمومی) بۆ هەردوولا.
٤-ڕێککەوتن لەسەر کردنەوەی نوسینگە بۆ فێرکردنی لێخوڕینی (ئۆتۆمۆبێل).
٥-گواستنەوەی کارمەندان لەنێوانماندا، واتە (نقل)کردن.
٦-سیستمی پێدانی (سی دی) کە ئۆتۆمۆبیلەکانی لەسەر تۆمار کراوە بۆ هەردوولا.
٧-هەردوولا ڕێککەوتین، لەسەر ئەوەی داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین هێمای هاتووچۆ لەسەر ڕێگاکانی دەرەوە بەشێوازێکی مۆدێرن دابنێین.

چاودێر: ئایا سەبارەت بەچاڵو تاسەی سەر شەقامەکان چیتان کردووە، کەگرفتێکی گەورەی لەبەردەم شۆفێراندا خولقاندووە؟

لیوا عومەر: ئەم لیژنەیەی خۆمان کەسەردانی هەولێرمان کردبوو، وابەتەماین لەگەڵ ترافیکی گشتیدا، سەردانێکی شارەوانی سلێمانی بکەین، سەبارەت بەچۆنێتیو کەی

هەردوولا ڕێککەوتین، لەسەر ئەوەی داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین هێمای هاتووچۆ لەسەر ڕێگاکانی دەرەوە بەشێوازێکی مۆدێرن دابنێین

قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناو شارو، جیاکردنەوەی (مەساری) ئۆتۆمۆبێل لەناو شەقامەکاندا، بەهۆی سیرامیکو بۆیاخەوە، هەروەها بۆ وەرگرتنی راوبۆچوونی شارەوانی بۆ فراوانکردنی شەقامەکان، بەلابردنی هەندێک لەشۆستەکان.

چاودێر: ماوەیەکە ژمارەیەکی بەرچاو، پۆلیسی هاتوچۆتان دامەزراندووە، ئایا ئەو دامەزراندنە بەردەوامە، پاشان شێوازی ئێستای دامەزراندن چۆنە؟

لیوا عومەر: هەر بەردەوامین لەدامەزراندنی پۆلیس، سەبارەت بەشێوازی دامەزراندنیش ئێستا ئێمە هەوڵی ئەوە ئەدەین، ئەوکەسانە دابمەزرێنین کەبڕوانامەی سەروی سێی ناوەندیان هەیە، بەردەوامیش لەهەوڵی ئەوەداینو داوا لەبەڕێز وەزارەتی ناوخۆ دەکەین دامەزراندنمان بۆ بکەن، چونکە لەلایەک شاری سلێمانی خۆشەویست لەگەورەبوندایەو، لەلایەکی تریشەوە پۆلیسی هاتووچۆ لەگەشەکردندایە، بەتایبەتی بۆ لەمەولا کەوەرزی بەهار دێتە پێشەوە، سەیرانگەکان بەزۆری خەڵک روی تێدەکەنو پێویستی زۆرمان بەکارمەندانی هاتووچۆ دەبێت.

چاودێر: دەنگۆی ئەوە هەیە هێمایەکی گەورەتر لەوەی بەردەم ئوتێل پاڵاس، لەنزیک (سەرا) دادەنێن، ئایا تاچەند ئەوە وایە؟

لیوا عومەر: بەڵێ راستە شتێکی وامان بڕیارداوەو بەم زوانە ئەو هێمایە تەواو دەبێت، حەجمەکەشی دوو هێندەی ئەوەی بەردەم ئوتێل پاڵاس دەبێت، بۆ هەمان مەبەست بەکاری دەهێنین.

چاودێر: بەشی ئامارتان بەردەوامن لەسەر ئەرکەکانی خۆیان، ئایا هەردەم بەم شێوەیەی کەئەمڕۆ بینیمان لەکارەکانیان دا بەردەوامن؟

لیوا عومەر: بەڵێ بەردەوامین لەسەر ئامارکردنی سەرجەم کارە زۆرەکانی بەڕێوەبەریەتیەکەمان، بەشەکەمان گرنگی باشمان پێداوە سەرجەم ئەو ئەفسەرو کارمەندانەی بۆ ئەو بەشە دانراون لەکەسانی خاوەن بڕوانامەی بەرزو کەسانی شارەزان، لەکۆتاییدا ئەمەوێت سوپاسی بەڕێزتان بکەمو سوپاسی بەڕێز وەزیری ناوخۆ بکەم کەهەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە پێداویستییەکانمان بۆ دابین دەکات هەمیشە بەپەرۆشەوەیە بۆ چاکترکردنی سیستمی هاتوچۆو هەرچیەکمان پێویست بێت دەمو دەست بۆمان جێبەجێ دەکات.■

ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٤		ژمارەی ئەوانەی گیانیان لەدەست داوە		ژمارەی ئەوانەی بریندار بوون	
		نێر	مێ	نێر	مێ
کانونی دووەم	٢٧	١٧	٤	٤٩	٤٣
شوبات	١٦	٢٢	٤	١٤٨	٧٨
ئازار	١٧	٢٣	٧	١٨٤	٨٨
نیسان	١٦	١٣	٥	١٤٣	٩٢
ئایار	٢٠	١٨	٥	٢٢٨	١٣٩
حوزەیران	٢٢	٣٦	٩	١٩١	١٢٥
تەموز	٢٧	٢٧	١٢	١٦٧	١٠٥
ئاب	٣٧	٤١	٥	١٥١	١٠٦
ئەیلول	٣٦	٣٩	١٤	٢٤٥	١٥٤
تشرینی ١	٢٧	٢٥	٩	٣٥٣	٢٢٣
تشرینی ٢	٢٤	٢٩	٧	٢١٥	١٣٠
کانونی یەکەم		١١	–		
کۆی گشتی	٢٦٩	٢٩١	٨١	٢٠٧٤	١٢٨٣

کورتیلە باس

ئیستخباراتی ئەمریکا خۆی بۆ لێدانی ئیستخباراتی دژەکانی ئامادە دەکا

□ بەردەوام ئەمریکا سەرقاڵی دارشتنی ستراتیژێکی نوێیە، بۆ تێکشکاندنی ئەو هێزو دەوڵەتانەی مەترسییان لێدەکا. بەتایبەتی لەدوای (١١/ی ئەیلول)وە، تەواوی توانای عەسکەری، سیاسی، ئابوریو میدیاکانی ئەمریکا، بۆ ستراتیژی تێکوپێکدانی سەرچاوەکانی تیرۆر، تەرخانکردووە. لەئەفغانستانو عێراقیشدا، سەرکەوت. لەباقی وڵاتانیش، بەتەمایە گەرموگوڕتر بکەوێتەکار. لەم روەوە..

ئێستا.. ئەمریکا، سەرقاڵی نەخشەیەکی ئیستخباراتیە بۆئەوەی لەهەرشوێنێک مەترسی جاسوسیکردنی لەسەر خۆی هەبێ، پێشوەخت پەلاماری بداو مەترسیەکە، کوێربکاتەوە. نەخشەکەی ناوناوە (هێرشی خۆپارێزی). بۆ باشتر ساغکردنەوەی نەخشەکە، وەکو تەواوکەری ستراتیژی ریشەکێشکردنی تیرۆر لەجیهاندا، هەفتەی رابوردوو لەشاری (تکساس)دا، کۆنگرەیەک سازدراوە. لەمبارەوە، گەورەبەرپرسانی ئیستخباراتی ئەمریکا دەڵێن: ئەمریکا بۆتە ئامانجی سەرەکی ئیستخباراتی چەندین وڵات. ئەوەی دەمانەوێ بیکەین، هەرئەوەیەکە دژی تیرۆر لەدەرەوەی ئەمریکادا کردومانە. ئەویش ئەوەیەکە مەیدانی جەنگ دەگوازینەوە بۆ مەیدانی ئەولایەنانەی دەستدرێژیمان دەکەنەسەر.

شایەنی باسە..لەئەمریکادا (١٥) دەزگای دژایەتیکردنی جاسوسی هەیەکە لەژێرناوی (وەکالاتی ئیستخباراتی ولایەتی ئەمریکا) تێدەکۆشن.

بەرپرسانی ئیستخباراتی ئەمریکا دەڵێن: چین، کۆریای باکوور، ئێران، سوریا، لیبیا، کوباو روسیا خراونەتە ژێر چاودێری کە مەترسی هەڕەشەیان لێدەکرێ بەرامبەر ئەمریکا.■

تورکیا.. لەیادی ژناندا پەلاماری ژنان دەدا

□ تورکیا.. لەدوو ساڵی رابردوودا هەوڵێکی بێ وچانی دا، لەبەردەم یەکێتی ئۆروپاو رای گشتیدا وای بنوێنێ، مەرجە دیموکراتیەکانی یەکێتی ئۆروپا، بۆ قبوڵکردنی لە ریزی وڵاتانی ئۆروپادا، جێ بەجێ دەکا. ئاشکرایە چەند بنچینەیەکی سەرەکی بۆ جێبەجێ کردنی دیموکراتی لە وڵاتاندا هەیە: چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوکان، ئاڵوگۆری ئازادانەی دەسەڵاتو ئازادی رای گشتی، هەروا، یەکسانی ژنو پیاو لەهەموو ئاستو ئاراستەکاندا.. تاد.

کەوابێ.. مافی ژنان لە ناسینی ئەزموونە دیموکراتیەکاندا مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. لەکاتێکدا تورکیا لە ساڵی رابردووە خەریکی ئارایشتی دیموکراتی سیستەمەکەیەتی، کەچی، لەبەردەم خۆپیشاندانێکی بچوکی ژنانی تورکیا لە ٨ی مارسی جەژنی جیهانی ژندا، کە داوای مافە یەکسانییەکانی خۆیان کرد، پۆلیسی تورکیا لەبەرچاوی تەلەفیزیۆنەکاندا، دڕندانە کەوتە گیانی ژنانو بەوپەری رقی پۆلیسانەی سەرکوت کەر، بەشەقو دۆنکیو دەست رێژی گوللەو گازی فرمێسک رێژی دەسەڵاتی باوکسالاری، ئەوەی بەو ژنە ئازادیخوازانەیان کرد، مەگەرهەر لەسەردەمی دیکتاتۆریەتی کۆنی سەرمایەداری دواکەوتوودا، لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەسەر ژناندا، هاتبێ. کە (٨)ی مارس، هەر سەرەنجامی کاری نا دیموکراسی ئاوای دڕندانەوە، بڕیاری لێدراوە.

ئەم تاوانە.. تاقیکردنەوەیەکی بچوک بوو، بەڵام سەلماندی دەزگاکانی تورکیا چەند پابەندی ئەو پەیمانە دیموکراتیەنین کە داویانە بە یەکێتی ئۆروپا بۆ دیموکراتیزە کردنی دەوڵەتی تورکیا. پێشمان وایە ئەم کارە کاریگەری نا لەباری لەسەر حکومەتی تورکیاو گفتوگۆکانی لەگەڵ یەکێتی ئۆروپادا، دەبێ. کاردانەوەکانیش کە لە ئۆروپاو میدیاکاندا دەربران، دەریان خست چەند بەئاسانی هەڵوێست لەتورکیا وەردەگیرێ.■

(چین)یش.. زیاتر دێتە پێشەوە لە کوردستان!!

□ ئاژانسی (شنخوا الصينيه ٢٠٠٥/٣/١١) گوتارێکی رۆشنی لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی مام جەلالو یادەکانی مانگی ئازار، نوسیوە. لەم هەواڵو گوتارەدا، باشتر لەهەموو ساڵانی پڕ لە مەینەتی کوردستانو کارەساتەکان، چین، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر تاوانەکانی سەدامو رۆڵی کوردو سیاسەت لەکوردستاندا ساغ کردۆتەوە.

بەدرێژایی ساڵانی مەرگەساتی کوردستان، چین بەشێوەیەکی خەمناک بێدەنگی هەڵبژارد. هەڵوێستی بەرامبەرئەوهەموو تاوانەی لەکوردستاندا ئەنجام دەدران.. دەرنەدەبڕیو دوای ئەوەی تەواوی وڵاتانی دونیا ئیدانەی تاوانەکانی هەڵەبجەیان کرد (بەروسیاشەوە) ئەوسا چین، نەرمە هەڵویستێکی ساڵی (١٩٨٩) دەربڕی. ئەویش نەشیش بسوتێو نەکەباب!

ماوەیەکە.. چین، بەرەو کوردستان جوڵاوە. بەرەبەرە سەنگی گەلی کوردستانو ئەزموونە دیموکراتیەکەی بۆی دەرکەوتووە. لەم گوتارەداکە ئاژانسی سەرەکیو رەسمی (شنخوا الصينيه) بڵاوی کردۆتەوە، پانۆرامایەکی لەسەر ئازارەکانو خۆشیەکانی مانگی ئازار لە کوردستاندا، یاد خستۆتەوە. جەختیشی لەسەر ئەوە کردووە کەکورد لە عێراقو ئەنجومەنی نیشتمانیدا رۆڵی کاریگەریان هەیەو کاندیدی کوردستانیش (مام جەلال) دەبێتە یەکەمین کورد کە هەڵبژێردرێ بۆ پۆستی سەرۆکایەتی. پێمان وایە ئەم وتارە ئاماژەیەکە بۆ بەرنامەیەکی سیاسی فراوانتری چین لەکوردستاندا، کە چەند ساڵێکە وردە وردە هەنگاویان بۆ هەڵهێناوە.■

laparakan.qxd 03/02/1426 09:45 ã Page 3

له‌به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ته‌ندروستی سلێمانیدا

به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی ته‌ندروستی: کێشه‌یه‌کی گه‌وره‌ی ده‌زگا ته‌ندروستییه‌کان ئه‌وه‌یه، هه‌مووی له‌ناوه‌ڕاستی شاردا کۆبووه‌ته‌وه.. بۆیه وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی له‌به‌رنامه‌یدایه ئه‌و گوشاره له‌ناوه‌ڕاستی شاردا لابه‌رێت.

به‌شی مۆڵه‌ت: مۆڵه‌ت به‌هه‌موو فه‌رمانبه‌رێک ئه‌درێت به‌و مه‌رجه‌ی لێپرسراوی به‌شه‌که‌ی لاری نه‌بێت و شوێنه‌که‌یش چۆڵ نه‌بێت!.

هاوڵاتیه‌ک: داواکارین سه‌رخه‌ر (مصعد)ه‌کانی نه‌خۆشخانه‌کان سودی لێ ببینرێت نه‌ک بۆ جوانی دابنرێت.

ریپۆرتاژی/ هێدی گه‌لاڵی

□ له‌ئه‌مڕۆدا بواری ته‌ندروستی به‌گرنگترین بواری خزمه‌تگوزاری داده‌نرێت که هاوڵاتیان به‌شێوه‌یه‌کی گشتی سودی لێده‌بینن. له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و خزمه‌تگوزاییه ته‌ندروستیه‌ی که‌نه‌خۆشخانه‌کان پێشکه‌ش به‌هاوڵاتیانی ده‌که‌ن.. تاڕاده‌یه‌ک ئاستی چاره‌سه‌رکردن و ڕێژه‌ی چاکبونه‌وه له‌ساڵانی پێشوتر به‌رزتره.. به‌ڵام هێشتا لێره و له‌وێ گله‌یی و ره‌خنه له‌نه‌خۆشخانه‌کان ده‌گیرێت، زۆربه‌ی هاوڵاتیان داواکارن که نه‌خۆشخانه و دامه‌زراوه ته‌ندروستیه‌کان بگواسترێته‌وه ده‌ره‌وه‌ی شار.. گله‌یی ئه‌وه ده‌کرێت که له‌کاتی له‌کارکه‌وتنی ئامێره پزیشکیه‌کان که‌مته‌رخه‌می هه‌یه..! بۆ زیاتر ده‌ستکه‌وتنی وه‌ڵام و چۆنێتی چاره‌سه‌رکردنیان سه‌ردانی (د. شێرکۆ عه‌بدوڵلا) به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی فه‌رمانگه‌ی ته‌ندروستی سلێمانیمان کرد و دواتر چه‌ند به‌شێکی فه‌رمانگه‌که‌مان به‌سه‌رکرده‌وه که‌له‌باره‌ی چۆنیه‌تی کاره‌کانیان دوان.

سه‌ره‌تا ئه‌م پرسیاره‌مان ئاراسته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی فه‌رمانگه‌که‌کرد.

چاودێر: شوێن و پێگه‌ی فه‌رمانگه‌ی ته‌ندروستی سلێمانی له‌ناو چه‌قی شاردایه و قه‌ره‌باڵغیه‌کی زۆری له‌سه‌ره، ئایا له‌به‌رنامه‌تاندا نیه که بۆ ده‌ره‌وه‌ی شار بگوێزنه‌وه؟

د. شێرکۆ: کێشه‌یه‌کی گه‌وره‌ی ده‌زگا ته‌ندروستیه‌کان ئه‌وه‌یه، هه‌مووی له‌ناوه‌ڕاستی شاردا کۆبووه‌ته‌وه به‌تایبه‌تی نه‌خۆشخانه گه‌وره‌کان که‌گه‌یشتنی نه‌خۆش و هاتووچۆ زۆر زه‌حمه‌ت بووه. ئێستا وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی له‌به‌رنامه‌یدایه که‌ئه‌و گوشاره له‌ناوه‌ڕاستی شاردا لابه‌رێت. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش چه‌ند نه‌خۆشخانه‌یه‌ک و ده‌زگایه‌کی ته‌ندروستی له‌ده‌ره‌وه‌ی شاردا کردۆته‌وه هه‌ندێکیان له‌قۆناغی ته‌واوبووندان.

چاودێر: ئه‌گه‌ر دابینکردنی ئامێری نوێ هه‌یه.. وه‌ک مژده‌یه‌ک به‌هاوڵاتیانی رابگه‌یه‌نیت؟

د. شێرکۆ: له‌ماوه‌ی رابردوودا گۆڕانێکی زۆر ئیجابی بووه له‌ڕووی دابینکردنی ئامێر و که‌ره‌سته‌ی پزیشکی و مه‌وادی تاقیگه‌یی.. ملیۆنه‌ها دۆلار خه‌رج کراوه بۆ دابینکردنی ئه‌و ئامێرانه. وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی کۆمه‌ڵێک ئامێری نوێی هێناوه وه‌کو (MRI و C.T.scan) و کۆمه‌ڵێک ئامێری تری تازه به‌ڕێوه‌یه که بۆ یه‌که‌مجار له‌ناوچه‌که‌مان به‌کاردێت. ئێستا ئامێری نوێی وامان هه‌یه بۆ پشکنینی هۆرمۆنات به‌کاردێت که‌تا ئێستا نه‌بووه له‌وڵاته‌که‌مان. هه‌نگاوی گه‌وره نراوه بۆ دابینکردنی هه‌موو پێویستیه‌کان.

چاودێر: ماوه ماوه ئامێری سی تی سکان (ته‌نوره‌که)ه‌ی نه‌خۆشخانه‌ی جامیعه‌که تێکده‌چێت نۆره‌یه‌کی زۆریشی بۆ گیراوه، بۆچی ئامێرێکی ئاوا گرنگ له‌چاککردنه‌وه‌یدا په‌له ناکرێت؟!

د. شێرکۆ: کێشه‌ی ئه‌و ئامێره ئه‌وه‌یه که‌چاککردنه‌وه‌که‌ی له‌سه‌ر ڕێکخراوی (WHO) بوو. ئێستاش ئه‌و ڕێکخراوه نه‌ماوه.. چاککردنه‌وه‌که‌ی هاتۆته سه‌ر ئێمه. بۆ چاککردنه‌وه‌ی ئه‌م ئامێره وه‌زاره‌ت گرێبه‌ستی له‌گه‌ڵ کۆمپانیایه‌ک کردووه که‌بڕێکی زۆر پاره‌ی بۆ ته‌رخان کردووه، به‌م زوانه ده‌ست به‌کارده‌بن. کاتی خۆیشی ڕێکخراوی ته‌ندروستی جیهانی (WHO) ئه‌و گرێبه‌سته‌ی کردووه که‌هه‌ر کاتێک له‌کارکه‌وت چاکیبکاته‌وه به‌ڵام هه‌ر ئه‌وسا به‌ناته‌واوی گرێبه‌ست و کاره‌کانی ده‌کرد. تاکو ئێستا سێ تا چوار جار ئه‌م ئامێره له‌کارکه‌وتووه ته‌نانه‌ت جارێکیان چوار مانگ چاکنه‌کرایه‌وه.. بۆیه ئێمه لێی به‌رپرسیار نین.

چاودێر: ئه‌ی کێ چاکیبکاته‌وه؟!

د. شێرکۆ: ئێستا وه‌زاره‌ت له‌گه‌ڵ کۆمپانیایه‌کی بیانی رێکه‌وتووه و به‌م زوانه چاکیده‌که‌نه‌وه..!

چاودێر: هاوڵاتیان به‌گشتی گله‌یی ئه‌وه ده‌که‌ن که‌سوود له‌مه‌سعه‌ده‌کانی نه‌خۆشخانه‌کان وه‌رناگیرێت.. بۆ نمونه ده‌بوایه له‌نه‌خۆشخانه‌ی مناڵاندا به‌رده‌وام مه‌سعه‌د کاریبکردایه بۆ دایکان و مناڵانی نه‌خۆش.. که‌چی هه‌ردوو مه‌سعه‌ده‌که هاوڵاتیان سودی لێ نابینن؟!

د. شێرکۆ: زۆربه‌ی مه‌سعه‌ده‌کانی نه‌خۆشخانه‌کانی سلێمانی کۆنن.. دروستکراوی حه‌فتاکان و هه‌شتاکانن که هه‌م پارچه‌یان نه‌ماوه و هه‌م چاککردنه‌وه‌یان زۆر زه‌حمه‌ته.. ئه‌و تایبه‌تمه‌ندیه‌ش له‌لای ئێمه له‌وبواره‌دا کارێکی تازه‌یه بۆ چاککردنه‌وه‌ی ئه‌و ئامێره چه‌ند جارێک ئه‌ندازیاری شاره‌زامان له‌به‌غداوه هێناوه که‌چی هه‌ر شکاوه‌ته‌وه. ئه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه‌ی مناڵانیش کاتی خۆی که (WHO) نۆژه‌نی کرده‌وه.. چاککردنه‌وه‌ی هه‌تا ساڵێک هه‌ر له‌سه‌ر نه‌خۆشخانه‌ی مناڵان بوو. چه‌ند جارێک شکاوه و له‌کارکه‌وتووه ئه‌وان چاکیان نه‌کردۆته‌وه. ئێستا که WHO ڕۆیشتوونه‌ته‌وه و لێره نه‌ماون تا چاکیبکه‌نه‌وه. به‌ڵام وا خه‌ریکن له‌گه‌ڵ به‌شی وه‌رشه‌دا چاکیبکه‌نه‌وه، ئه‌گه‌رچی ئامێره‌کان زۆر زۆر کۆنن هی سی چل ساڵ له‌مه‌وپێشه و پارچه‌ی نه‌ماوه.

له‌به‌شه‌کاندا..

هه‌ر له‌فه‌رمانگه‌ی ته‌ندروستی سلێمانیدا له‌وێستگه‌ی سه‌ردانه‌که‌مان له‌به‌شی هونه‌ریدا گیرساینه‌وه به‌م جۆره لێپرسراوی به‌شه‌که (**شه‌یما خه‌لیفه**) له‌باره‌ی گرنگترین کاره‌کانی قسه‌ی کرد.

-کاری ئێمه دابه‌شکردنی موقیم ده‌وریه‌کان به‌سه‌ر نه‌خۆشخانه‌کانی ناو شار و ده‌ره‌وه‌ی شاردا.. کاتێک ته‌ده‌روج ده‌بن دابه‌شیان ئه‌که‌ین به‌سه‌ر مه‌ڵبه‌نده‌کانی ده‌ره‌وه‌ی شار. هه‌ر له‌به‌شه‌که‌ماندا پاش ئه‌وه‌ی نه‌خۆش داواکاری پێشکه‌ش ده‌کات به‌هاوپێچی راپۆرتی پزیشکی ره‌وانه‌ی لیژنه‌ی پزیشکی هه‌میشه‌یی ده‌که‌ین، هه‌روا ئیشه‌کانی تاقیگه‌کان

د. شێرکۆ عه‌بدوڵا
به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی فه‌رمانگه‌ی ته‌ندروستی سلێمانی

به‌گشتی ئه‌که‌ین ئێشکگر بۆ موقیم و پزیشکی پسپۆڕ و ده‌رمانساز و به‌هاوکاری سه‌رۆکی موقیمه‌کان داده‌نێین.

هه‌ر له‌ڕیزی به‌شی هونه‌ریدا چه‌ندین به‌ش و ژووری تری کاری ئیداری هه‌یه.. له‌ناویاندا به‌شی دۆسیه‌ی که‌سییه. لێپرسراوی به‌شه‌که (**بورهان عومه‌ر ره‌شید**) که ٣٤ ساڵه له‌و به‌شه‌دایه پله‌ی وه‌زیفی گه‌یشتۆته یاریده‌ده‌ری به‌ڕێوه‌به‌ر.. وتی:

له‌به‌شه‌که‌ماندا رۆژانه فه‌رمانبه‌ران رووی تێده‌که‌ن و هیچ کێشه‌یه‌ک له‌به‌شه‌که‌دا نیه. ده‌توانم بڵێم ماوه‌ی ٣٤ ساڵه له‌و به‌شه‌دام گرفتێکی وام توش نه‌هاتووه که‌سه‌رئێشه‌م بۆ دروست بکات. کاری سه‌ره‌کی من له‌و به‌شه‌دا کۆکردنه‌وه‌ی زانیاری پێویست سه‌باره‌ت به‌ساڵ و شوێن و ناوی فه‌رمانبه‌ر و ڕێکخستنی دۆسیه‌کان به‌ڕێکوپێکی و پاراستنیان له‌سه‌ر ره‌فه‌ی ژووره‌که‌دا.

پاشان له‌نهۆمی دووه‌می فه‌رمانگه‌دا (**پرشنگ جه‌لال عه‌زیز**) لێپرسراوی به‌شی مۆڵه‌ت له‌باره‌ی چۆنیه‌تی دابه‌شکردنی به‌شه مۆڵه‌ته‌کان و جۆرو ماوه‌ی هه‌ر مۆڵه‌تێکی ره‌سمی دا وتی:

-له‌به‌شه‌که‌ماندا کاری مۆڵه‌ت ئه‌که‌ین که سێ جۆر مۆڵه‌ت له‌به‌شه‌که‌ماندا هه‌یه ئه‌وانیش (مۆڵه‌تی ئاسایی، مۆڵه‌تی دایکایه‌تی، مۆڵه‌تی نه‌خۆشی) مۆڵه‌تی ئاسایی به‌موچه‌ی ته‌واوه‌وه‌یه ماوه‌که‌ی له ١ رۆژ بۆ ٣٠ رۆژ ده‌بێت. که له‌ده‌سه‌ڵاتی به‌ڕێوه‌به‌ری گشتیدایه. ئه‌گه‌ر له‌حاڵه‌تی پێویستیدا له ٣٠ رۆژ زیاتر بێت ئه‌وه به‌رزی ده‌که‌ینه‌وه بۆ وه‌زاره‌ت. له‌وکاته‌دا ده‌بێت فه‌رمانبه‌ره مۆڵه‌ت پێدراوه‌که ره‌سیدی مۆڵه‌تی تری مابێت.. ئێمه مۆڵه‌ت به‌هه‌موو فه‌رمانبه‌رێک ئه‌ده‌ین به‌و مه‌رجه‌ی لێپرسراوی به‌شه‌که‌ی لاری نه‌بێت و شوێنی چۆڵ نه‌بێت. مۆڵه‌تی دایکایه‌تی ٧٢ رۆژی ده‌درێتێ پێش ئه‌وه‌ی مناڵی بێت به ٢١ رۆژ پێش مناڵبوون و ٥١ رۆژی دوای مناڵبوون له‌دوای ته‌واوبوونی مۆڵه‌تی ٧٢ رۆژه‌که‌ی ده‌ستبه‌کار ده‌بێته‌وه و مۆڵه‌تی ساڵێک دایکایه‌تی پێ ئه‌درێت به‌موچه‌ی ته‌واوه‌وه.

به‌ڵام مۆڵه‌تی نه‌خۆش.. ده‌بێ به‌پێی راپۆرتی پزیشکی پسپۆڕ که له‌شه‌ش رۆژ زیاتر بێت ده‌یده‌ین به‌لیژنه‌ی پزیشکی بۆ په‌سه‌ندکردن ئه‌ویش دواکاتی ٩٠ رۆژه که ده‌درێت به‌نه‌خۆش له‌کاتی پێویستیداو دوای ٩٠ رۆژه‌که ده‌ستبه‌کاربوون ده‌نوسێت ده‌توانرێت بۆی تازه بکرێته‌وه.

له‌گه‌ڵ هاوڵاتیاندا

هه‌ر له‌ده‌روازه‌ی چوونه ژووره‌وه‌ی فه‌رمانگه‌که‌دا کۆمه‌ڵێک هاوڵاتی له‌پرسگه‌دا له‌چاوه‌ڕوانیدا بوون.. له‌یه‌کێکم پرسی ئیشوکاره‌کان چۆن ده‌بینی.. تا چه‌ند له‌چۆنیه‌تی مامه‌ڵه و هه‌ڵسوکه‌وتی فه‌ربه‌مانبه‌ران رازیت.. ئه‌و وتی: ئه‌گه‌رچی کارێکی باشه کاتێک که له‌پرسگه‌دا هه‌ندێ ڕێنمایی هه‌یه ئه‌بێ جێبه‌جێی بکه‌یت.. وه‌ک پشکنین و پێدانی باج و مۆبایل دانان.. به‌ڵام هێشتا خاوخلیچکی له‌چۆنیه‌تی مامه‌ڵه و قسه‌کانی هه‌ندێ له‌فه‌رمانبه‌ران دا ده‌بینرێت!

دواتر له‌ڕێڕه‌وی چاوه‌ڕوانی ناو فه‌رمانگه‌که‌دا کۆمه‌ڵێکی تر له‌هاوڵاتیان چاوه‌ڕوانی ته‌واوکردنی کتاب و نوسراوه‌کانیان ده‌کرد، که هه‌ندێ له‌مامه‌ڵه‌کانیان ته‌نها یه‌ک واژۆی ده‌وێ..!! به‌ڵام زۆربه‌یان گله‌ییان له‌وه هه‌یه که‌مامه‌ڵه‌کانیان به‌هۆی رۆتینه‌وه دواده‌خرێ و زۆر ده‌خایه‌نێت..!

ئه‌و گله‌یی و ره‌خنه‌ی هاوڵاتیانه‌م ئاراسته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی کرد.. له‌وه‌ڵامدا وتی: سه‌باره‌ت به‌کاری رۆتین هه‌ر له‌فه‌رمانگه‌که‌ی ئێمه‌دا نیه.. به‌ڵام ئه‌و خه‌ڵکه سه‌یره ده‌یانه‌وێت به‌په‌له و یه‌کسه‌ری مامه‌ڵه‌کانیان واژۆ بکرێت و ته‌واو بێت.. هه‌رکه‌سه و بۆ خۆی عه‌قڵیه‌ت و بۆچوون و رایه‌کی تایبه‌ت به‌خۆی هه‌یه.. بۆیه ئێمه هه‌ر گله‌یه‌کی هاوڵاتیان په‌سه‌ند ده‌که‌ین، به‌مه‌رجێک له‌جێی خۆیدا بێت.. سه‌یره ئه‌ی ئه‌وه نییه له‌به‌یانیه‌وه تاکو کاتژمێر (٢) له‌سه‌ر ئه‌و کورسی و مێزه‌دا کاروباری هاوڵاتیان به‌ڕێ ده‌که‌ین و به‌ڵام ئه‌بێ ئه‌وه‌ش بزانن هه‌ندێ نوسراو مامه‌ڵه‌ی ره‌سمی ناو فه‌رمانگه‌که و دامو ده‌زگا ته‌ندروستیه‌کان هه‌یه پێویست ده‌کات هه‌ر ئه‌و رۆژه ته‌واویان بکه‌ین..

ئه‌نجام:

له‌ئاکامی ئه‌نجامدانی ریپۆرتاژه‌که‌دا بۆمان ده‌رکه‌وت که‌هه‌رچه‌نده له‌بواری ته‌ندروستیدا خزمه‌تی باش پێشکه‌ش کراوه.. به‌ڵام هاوکات پێویست ده‌کات ده‌زگا ته‌ندروستیه‌کان زۆر بکرێن و ئه‌و قه‌ره‌باڵغیه‌یشی که‌له‌ناو شاردا له‌سه‌ر نه‌خۆشخانه‌کان و بنکه‌کاندا دروستبووه که‌مبکرێته‌وه.. ئه‌ویش به‌وه‌ی که‌پێویسته وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان تازووه مشورێک بخوات بۆ لادانی ئه‌و جه‌نجاڵیه ته‌ندروستیه‌ی که‌بووه‌ته جێی ره‌خنه‌ی هاوڵاتیانیش.■

سه‌نته‌رێ گه‌نجان ل دهۆکێ د به‌رێخودانه‌کا (چاودێر)دا

ئا: عه‌بدولره‌حمان بامه‌رنی

□ لدور پویته پێدان و چاڤدێری کرن و ئاڤاکرنا که‌سایه‌تیا گه‌نجی و ئارێشه و گرفتێن دبنه ئاسته‌نگ درێیا ژیانا وی یا رۆژانه و ئاینده‌دا. ئه‌ڤرو چه‌ندین بنگه‌ه و سه‌نته‌رێن تایبه‌تمه‌ند خولێ کریه خودان.

دریپورتاژه‌کێ دا، بۆ سه‌نته‌رێ گه‌نجان ل دهوکێ ئایا تاچ راده شیاینه خوه ل گه‌نجان بکه‌نه خودان. تاچ راده شیاینه ڤێ ته‌خا نازک به‌رێ وان بده‌نه رێکێن باش و بمفادار. کو پێنه‌ڤێت نازکترین ژیێ مروڤی دڤێ قۆناغێ دا دبوریت و گه‌ر بشاره‌زانه ئه‌ڤ قوناغا ژیێ گه‌نجی نه‌هێته ئاڤاکرن و پویته پێدان - دبیت بده‌ست پێکه‌کا نێگه‌تیڤ بزڤریت سه‌نته‌رێ دهۆکێ نمونه‌کا ئێکلایه‌نی بویه د ئاڤاکرنا که‌سایه‌تیا گه‌نجی دا. دگه‌ل مه (ده‌شت ذعبدالعزیز) به‌رپرسێ سه‌نته‌ری خوه‌ل پرسێن مه کره خودان و بره‌نگه‌کێ گشتی ئه‌م و ئه‌و دناڤ ئارێشه و ئاسته‌نگێن دکه‌ڤنه درێکا گه‌نجی دا په‌یڤین.

چاودێر: گه‌ر ئه‌م بێژین هه‌ر ژ ده‌ستپێکا ڤه بونا سه‌نته‌رێ گه‌نجان ل باژێرێ دهوکێ. ئه‌ڤ سه‌نته‌ره نمونه‌کا ئێک لایه‌نی بویه دناڤاکرنا که‌سایه‌تیا گه‌نجی دا. هوین چاوان ڤێ پرسا مه ب به‌لگه دسه‌نگێنن؟

ده‌شتی: هه‌ر ژ روژا ڤه‌بونا ڤی سه‌نته‌ری ل باژێرێ دهوکێ ل ٢٠٠٣/١٢/١٤ وه‌ک ئه‌م دشێین بێژین داهێنانه‌ک بویه ل ده‌ڤه‌رێ. وشیایه گه‌نجه‌کێ زور لدور به‌رنامێ خو کو مبکه‌ت. ئه‌ز دشێم بێژم کو ٩٠٪ ژ گه‌نجێن قه‌ستامه‌کرین د خوشحال بون ب ڤه‌کرنا ڤان جوره سه‌نته‌را و بێگومان به‌رنامێن مه‌یێن دا رێشتی کاریگه‌ریه‌کا مه‌زن هه‌بویه دبنیاتنانا که‌سایه‌تیه‌کا بهێز بۆ گه‌نجێ مه. چنکو گه‌نجێ مه و بتایبه‌تی ل ده‌ڤه‌را به‌دینان. گه‌نجه‌کێ تا راده‌یه‌کی یێ شه‌رمینه چ کور چ کچ بیت و ڤێ شه‌رمێ کاریگه‌ری لسه‌ر که‌سایه‌تیا وی کریه ژ لایێ ده‌رونی ڤه ترسه‌ک لده‌ڤ په‌یدا بویه و بویه ئه‌گه‌را هندێ پرسیارا نه‌که‌ت و د ئه‌نجامدا، کاریگه‌رییێن خوه یێن نێگه‌تیڤ لسه‌ر چڤاکی هه‌بن و ئه‌ڤ چڤاکه پێش نه‌که‌ڤیت. و که‌سایه‌تیا گه‌نجی ب لاوازی بمینیت. مه د سه‌نته‌ریدا کار بو هندێ کریه و که‌ین و دیاره کار بگه‌یێن به‌رنامێ مه روژ ب روژ زێده‌تر ده‌ردکه‌ڤن.

چاودێر: ئه‌و ئارێشێن د که‌ڤنه درێکا هه‌وه‌دا بو خرڤه‌کرنا گه‌نجی دناڤ ئاڤا هیێ سه‌نته‌ری ڤه جنه و ئایا هوین چه‌ند شیاینه سه‌ربه‌خویێ بده‌نه سه‌نته‌رێ خوه و خو ژ چارچوڤه‌یا حزبی بده‌نه پاش. گه‌ر ئه‌م پرسیاره‌کا بڤی ره‌نگی بێژین؟

ده‌شتی: دیاره حیزب یان هه‌ر رێکخراوه‌کا سیاسی یان پیشه‌یی یان دیموکراتی یان جه‌ماوه‌ری. هه‌می دکه‌ڤنه دچارچوڤێ ده‌زگه‌هێن چڤاکا مه‌ده‌نی دا. به‌لێ جهێ داخێیه د کوردستانێدا و د ئه‌نجامێ خراب بکارئینانا حزبیدا وتینه گه‌هشتنا مه بو لایه‌نێن حزبی. حزب وه‌ک ده‌زگایه‌کێ ترس و توقاندن و مشه خوریێ هاتییه نیاسین. به روڤاژی ل وه‌لاتێن دیموکراتی حزب وه‌ک ده‌زگه‌هه‌کێ مه‌ده‌نییه و کاری بو پێشڤه‌برنا چڤاکی دکه‌ن و رێکخراوێن دی دهاریکارن دڤی بواریدا.

مه وه‌ک سه‌نته‌رێ گه‌نجان حزب بو خوه نه‌کرییه پێوه‌ر. دویر بیرو بوچونێن سیاسی و ئایینی و مه‌زهه‌بی و نه‌ته‌وه‌یی کار کریه و کاری دکه‌ین و ئه‌ڤه پێناسا سه‌نته‌رێ مه‌یه و ب به‌لگه مه بجه ئینایه و هه‌ر گه‌نجه‌ک ئازاده چاوان هزرێ بکه‌ت و چ حزبه‌ک بیت فێرببیته ره‌خنێ و دیاره ئه‌ڤه هه‌می د به‌رژه‌وه‌ندا چڤاکا کوری دایه. چونکی گه‌نج چه‌ندێ ئازادبیت و چه‌ند پرسیارێ بکه‌ت و چه‌ند ره‌خنا بگریت. که‌سایه‌تیا وی بهێز تر دکه‌ڤیت.

کادێرانێ سه‌نته‌ری گه‌نجانی دهۆک

چاودێر: ئه‌و بزاڤ و چالاکیێن هوین پێش کێش گه‌نجی دکه‌ن چنه و هوین چ به‌رامبه‌ر ژ گه‌نجی وه‌رده‌گرن و به‌رپه‌رێن هه‌وه تاڤێگاڤێ چ چالاکی تێدا هه‌نه و چه‌ند گه‌نج شیاینه مفای ژهه‌وه وه‌ربگرن؟

ده‌شتی: مه‌گرنگی دایه گه‌له‌ک چالاکیان. ژ لایێ ته‌کنه‌لۆژیایێ ڤه ئه‌م چاڤێن وی بو دنیایا نوی ڤه‌که‌ین. ژ لایێ ره‌وشه‌نبیری ڤه ده‌ستێ وی بگرین و هزرێن وی بده‌ینه کاری فێری زمانێن زیندی یێن جیهانێ بکه‌ین. دبیاڤێ هونه‌ری دا مه خولێ کریه خودان وه‌ک: موزیک، شێوه‌کاری، دراما، هونه‌رێن مللی، شانۆ... هتد.

و ئه‌ڤه هنده‌ک ژ چالاکیێن مه‌نه:

١-(١٩) خولێن کومپیوته‌ری بو به‌رنامێن ویندوز - ورد - ئێکسل - ئێکسس - فوتوشوپ - پاوه‌رپوینت - هاتینه ئه‌نجامدان و دڤان هه‌می خولان دا ١٨٣٤ پشکدار مه هه‌بون.

٢- ١٠ خولێن زمانێ ئینگلیزی و ٩٥٠ پشکدار بو هه‌می خولان.

٣- ١٠ خولێن هه‌نه‌رێ موزیکێ هاتنه ئه‌نجامدان و ٢٥٠ گه‌نجان به‌شداری تێداکریه.

٤- ٤ خولێن هونه‌رێ شێوه‌کاری و ٨٠ گه‌نجان پشکداری تێداکریه.

٥- ٥ خولێن ره‌وشه‌نبیری ب هاریکاریا رێکخراوا کونکوردیا ئه‌مه‌ریکی هاتینه ئه‌نجامدان و ١٧٥ گه‌نجان تێدا پشکداربون.

٦- کونفرانسه‌کی زانستی بو ڤه‌کولین و شروڤه کرنا ئارێشێن گه‌نجاو چاونیا چاره‌سه‌رکرنا وان بو سه‌نته‌رێ گه‌نجان ل دهوک - زاخۆ - ئامێدیێ - سێمێل - ئاکرێ شێخان - ونێزیکی ١٠٠ گه‌نج تێدا پشکداربون.

٧- ٣ خولێن ته‌پا پێی ٤٥٠ یاری زانان پشکداری تێداکرو ددابه‌ش کری بون لسه‌ر ١٠ تیپان.

٨- ئه‌نجامدانا ٢ خولێن ته‌پا مێزێ و ٦٠ گه‌نجان پشکداری تێداکر.

دڤان چالاکیان دا دیار دبیت کۆ دده‌مێ ساله‌ک و دوو مه‌هان دا (٤٢١٤) گه‌نجان پشکداری دخولێن مه‌دا کریه و (١٧٢٤) ژێ کچ بون و (٢٤٨٠) کوڕ بون.

وژبلی ڤان مه‌تیپه‌کا هونه‌رێن مللی هه‌یه و ٢٥ کوڕ و کچ تێدا د پشکدارن و ئه‌و پارێ به‌رامبه‌ر ئه‌م ژ گه‌نجی وه‌رده‌گرین پاره کێ گه‌له‌کێ ره‌مزی به کوبتنێ بو هه‌ر خوله‌کێ (١٥٠٠) دینارێن چاپا نوی ئه‌و ژی بو گرێدانا گه‌نجی ب خولان ڤه و مه هیچ ئامانجێن بازرگانی نینن و بتنێ مه دڤێت خزمه‌تا گه‌نجی بکه‌ین ده‌مێ بیاڤاندا.

چاودێر: ژبلی چالاکی و بزاڤێن دناڤ باره‌گابێ هه‌وه‌دا. هوین چاوان شیاینه بره‌نگه‌کێ گشتی خوه ل ئارێنین گه‌نجی بکه‌نه خودان. پروگرامه‌کێ رێکخستنی هه‌یه بو وان جهێن گه‌نج دناڤ باژێری دا قه‌ست دکه‌نێ و لایه‌نێن ئیداری چه‌ند دهاریکاری دگه‌لی هه‌وه؟.

مه به‌رنامه‌کێ به‌رفره‌ه و هه‌مه‌لایه‌نی بێ هه‌ی بو ئارێشێن گه‌نجان. ژبو ڤێ چه‌ندێ مه ل روژێن ١٤-١٥-٢٠٠٤/١٢/١٦ کۆنفرانسه‌کێ زانستی بو ڤه‌کولێن و شروڤه‌کرنا ئارێشێن گه‌نجان سازکر.

ئاریشێن گه‌نجان ددیباڤێ سیاسی و ئابوری و جڤاکی و هه‌روه‌سا ئارێشێن. ژن ئینانێ و به‌ردانێ و بێ کاربێ و کوچکردنێ و رێک بو چاره‌سه‌رکرنا وان هاتنه دانان. و گه‌له‌ک گه‌نج سه‌ره‌دانا مه‌دکه‌ن و ئارێشێن خوبو مه ئاشکرا دکه‌ن. گه‌له‌ک ژوان ئارێشا په‌یوه‌ندی ب ئیدارێ ڤه هه‌نه ئێک ژوان ئارێشا دامه‌زراندنا وان گه‌نجان ل ده‌زگه‌هێن حکومی و ئیداری کو خوێندن بدوماهی ئینای و نه‌هاتینه دامه‌زراندن.

ژبه‌رکو ئه‌ڤ گه‌نجه یان سه‌ربه‌خۆ بویه یان سه‌ر ب لایه‌نه‌کێ ڤه‌بویه کو ئیدارا دهوکێ سه‌ربوی لایه‌نی ڤه نینه. دیاره هه‌تا نهو ئیدارێ چ وه‌لام بوڤێ ئارێشی ئاشکرا نه‌کرینه. هه‌رده‌م ئه‌و گه‌نج پرسیار دکه‌ن گه‌لو بوچی ناهێنه دامه‌زراندن و دبێژن ئه‌ڤ سالێن مه‌خواندین و چاڤێن خێزانێن مه‌ل دامه‌زراندنا مه.

چاودێر: بزاڤ و چالاکی یێن هه‌وه بتنێ د جار چوڤه کرینه دناڤ باژێرێ دهوکێ دا یان هه‌وه لڤێن خوه دناڤ قه‌زاو ده‌وره‌به‌رێن خوه ژێ دا هه‌نه و هوین چه‌ند د شێن خوه لێ بکه‌نه خودان؟.

دسه‌روێ چه‌ندێ را کو ئاریشێن ئیداری بو مه‌درست دبن به‌لێ ئه‌م شیاینه سه‌نته‌رێن خوه ل زاخو و ئامێدێی شێخان و ئاکرێ و سێمێل ێ ڤه‌که‌ین و لوان باژێرا نهو خزمه‌تا گه‌نجان دهێته‌کرن ده‌مێ بیاڤادا دگه‌ل هه‌می ئاسته‌نگێن هه‌ین ئه‌م دێ هه‌ر د به‌رده‌وام بین لسه‌ر خزمه‌تا خو دێ هه‌می شیانێن خوه ده‌بنه کاری و گه‌نجێ مه وه‌کی هه‌می گه‌نجێن ولاتێن پێشکه‌فتی و پشتی ڤان هه‌می نه‌خوشیا ژیانه‌کا خوش و ئازاد ببه‌نه سه‌ر و ژعه‌قلیه‌تا خه‌لکێ دی کێمتر نینه و ئه‌گه‌رکاودان دباش بن و پشتگیری هه‌بیت دێ گه‌له‌ک داهێنان ژناڤ گه‌نجێ کورد ده‌رکه‌ڤن.■

laparakan.qxd 03/02/1426 09:45 ã Page 4

ئاستەنگەکانی کوردبوون لەئێراندا

"گفتوگۆی تایبەتی چاودێر لەگەڵ هاوژین مەلا ئەمین سەرنوسەری گۆڤاری (ریفۆرم)"

ئا/ سۆران عەبدوڵڵا

□ **چاودێر: با سەرەتا لەسەرهەڵدانو کاریگەریەکانی مۆدێلی ئیسلامی رۆژهەڵاتیو فارسیەوە دەست پێ بکەینو دواتریش پەڕینەوەو بەزۆر گواستنەوەی ئەو مۆدێلە بەڕووی نیوە دورگەی عەرەبو سەرجەم ناوچەکە بەگشتی ئایا تاچەند ئیسلام لەئێراندا بەفارسی کراوەو رەنگدانەوەی ئەم کارە چۆن بووە لەناوچەکەدا؟**

هاوژین: بۆ تێگەیشتنو دانانی ئەم پرسیارە لەشوێنو جێگای خۆیدا پێویستمان بەگەڕانەوەیەک بۆ مێژوو هەیە، ئیسلام هەر لەسەرەتای هاتنو سەرهەڵدانیەوە، وەک واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی نیوە دورگەی عەرەب خۆی لەژێر هەژموونو لەبەربەرداشی دوو ئیمبراتۆریەتو هێزی سیاسیو فەرهەنگی گەورەدا بووە کەیەکیان زۆر بەگشتی مەسیحیەتی رۆژئاواو ئیمبراتۆریەتی بیزەنتیو ئەوی دیکەیان مەجوسیەتو رۆحانیاتو فەلسەفەی ئێرانی رۆژهەڵاتیو ئیمبراتۆریەتی فارسی بووە.

راستە لەڕووی سەربازییەوە بەرەنجێکی زۆر هێرشو شاڵاوەکانی سوپای ئیسلام توانی بەئەندازەیەک هەردوو ئەو ئیمبراتۆریەتانە بپوکێنێتەوەو پاش جەنگێکی تەواو خوێناوی لەسەردەمی خەلیفە عومەردا ئیمبراتۆریەتی فارسیی ئێرانیی هەرەس پێهێنا، بەڵام بەدرێژایی مێژووی ئیسلام کەلتوورو فەرهەنگی ئیسلام و بگرە سیستمەکانی دەسەڵاتداریەتیو بەڕێوەبردن لەئیسلامداو تەنانەت سیستمی باجو خەڕاجیش تەواو لەژێر کاریگەریی ئەزمونو فەرهەنگی فارسیی ئێرانیدا بووە بەئەندازەیەک کەدەتوانین بڵێین مۆدێلی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن لەئیسلامدا بەسیستمی خەلافەتیشەوە مۆدیلێک یان بێچووە مۆدێلێکی ئێرانی شاهنشاهیو سەربازییە.

پاشان کەلتورو فەرهەنگی ئێرانی مۆرکی هەرە دیاری هەموو سۆفی گەریو رۆحانیاتی ئیسلامیو مۆرکی هەرە دیاری هەموو بزوتنەوە باتینیەکانو بزوتنەوەی ئەدەبیو نووسینیشە، گەر بێتو ئەو کاریگەریو مۆرکە پاشوەختوکەمەی.. بەبەراورد لەگەڵ ئەودا - ئەفلاتونیزمی نوێو فەلسەفەی یۆنانی بەتایبەتی ئەفلاتونو ئەرستۆی

لێدەربکەین، هەربۆیە بەبڕوای من دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کەپتر لەنیوەی تەواوی فەرهەنگو کەلتوروکەلەپوری ئیسلامیش چ لەبواری نوسینو ئەدەبیاتدا، چ لەبواری مێژوو کۆمەڵو ئاکارو مرۆڤدا، چ لەبواری سیاسیو ئیداریدا ئێرانیو فارسیە، بەڵام بەزمانی عەرەبی، بەتایبەت سەردەمی عەباسی، کەتا ئەندازەیەکی زۆر سەردەمی شانازیو زێڕینی عەرەبە، ئەم

بەراوردێکی بێ مانا - لەڕووی قوڵەوە - دەکەین. دەمەوێت بڵێم راستە دواجار شیعەگەرایی ئەوتایپە هەرە دیارو هەرە تۆخەی فارسو ئێرانیی ئیسلامە، بەڵام ئیسلام بۆ خۆی وەک فەرهەنگێک هێندە زوو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی ئێرانیو رۆژهەڵاتیەوە کە لەهەندێ قەوارەو ئاینزای تەواو بێگیانو بێ پێزدا نەبێت، و لەئاستی دروشمی سیاسیدا نەبێت توانای ئەوەی نیە بالْفتە بکرێتو

سەردەمە بەئیمتیاز لەرۆحو هەناویدا سەردەمێکی ئێرانیو فارسیە.

بەهەرحاڵ دەمەوێت لێرەدا تەنها ئەوە بڵێم کە بەبڕوای من تا ئەندازەیەکی زۆر ئەوە راستە کەئیسلام - لەچاپە عەرەبیە رەسەنەکەیدا - کاریگەریەکانی کەمێک سنوری نیوە دورگەی عەرەبیی بەزاندووەو بەس، وە ئەم ئاینە هەر لەسەرەتاوە لەژێر هەژموونو کاریگەریەکی قوڵو فرە لایەنی ئێرانیو فارسیدا بووەو بەئەندازەیەکی زۆر کاریگەریی ئەم فەرهەنگەی پێوە دیارەو بگرە بەبێ ئەم فەرهەنگە بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی بخەملێت، هەربۆیە لەڕاستیدا گەر ئێمە بمانەوێت باس لەدوو شوناس بکەین لەبەرابەر یەکەوە، تا ئەندازەیەکی زۆر باس لەچەمکێکی رووتو

لەبەرابەر فارسی یان ئێرانیەوە دابنرێت.

هەموو بزوتنەوە باتینیو شعوبیو دواجار شیعەگەراییش وەک فەرهەنگ و ئایدیۆلۆجیاو بزوتنەوەی سیاسی ئەوەندەی رۆژهەڵاتیو ئێرانین هەرگیز نیو هێندە ئیسلامی نین بە بەواتا فەرهەنگیو مێژوویيو عەرەبیەکەی ئیسلام.

چاودێر: بەبڕوای ئێوە، گەلانی ئێران بەگشتی تا چەند زەرەرمەند بوون لەهەژموونی کلتوری فارسی بەسەریاندا، کوردی ئەو وڵاتە تاچەند توانیویانە مافی هاوڵاتیی بوون وەک (ئێرانی) بەدەست بێنن؟

هاوژین: لەڕاستیدا ئێمە گەلانی ئێرانیمان هەیە، کە کورد بەبڕوای من یەک لەوگەلانەیە، وەئێرانی بوون بەواتا فەرهەنگی و شارستانیەکەی، گەوهەری، کەلتورو کەلەپوری ئەم گەلانەیە کورد ئەوەندی لەشاڵاوی سەربازی ئیسلامو لەپەرتەوازە بوونو دابەش بوونی وەزۆرجار دابڕانو دواکەوتنی لەو فەرهەنگە زەرەرمەند بووە، هەرگیز ئەوەندە لەکاریگەریی شتێک بەناوی فەرهەنگی ئیسلامی زەرەرمەند نەبووە.

ئەم کاریگەریە بەبڕوای من بەرئەنجامی شاڵاوی سەربازیو دەستبەسەردا گرتنو دابڕینی ئەم نەتەوەیەیە لەکەشو هەوای خۆی کەکەشو هەوایەکی ئێرانیە، نەک بەرئەنجامی شتێک کەبشێت ناوی لێبنرێت هەژمون یان شاڵاوی فەرهەنگی.

چاودێر: کورد لەهەر جێگەیەکی ئەم دونیایە، وەک هەر گەلێکی تر خاوەنی کلتورو ترادیشنو زمانو.. هتد خۆیەتی، کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) رووبەڕووی کۆمەڵێ گرفتی وەها گشتگیر بونەتەوە، بەجۆرێک کەناتوانن خاوەنی ئەو کلتورو زمانو ئەدەبیاتو مافە نەتەوەییە رەوایانەی خۆیان بن، کام لەشیعەگەراییو ئیسلامگەراییو فارساندن کاریگەری راستەوخۆیان دەبێت لەسەر چەندوچونی کێشەی کورد لەئێراندا؟!

هاوژین: کورد لەهەموو دنیادا بەبڕوای من پتر لەهەر شتێک هەنوکە پرسو کێشەیەکی سیاسی هەیە، وە هەموو کێشە فەرهەنگیو میللیەکانیشی تەواو پاشکۆی کێشە سیاسیەکانیەتی، تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەشوناسی نەتەوەییو کوردبوونیەوە هەبێت.

هەربۆیە بەبڕوای من ئەوەی وەک شیعەگەرایی کێشە بۆ کورد لەئێران دروستبکات، مانا فەرهەنگیەکانی ئەم مەزهەبە ئاینییەیە، تەنانەت ئیسلامیەش نیە، بەڵکو مانا سیاسیەکانی ئەم چەمکەو وابەستەیی سیاسیە لەرێگای ئەم چەمکەوە.

بەڵام نابێت هەرگیز ئەوەشمان بیر بچێت کەپێداگرتن لەسەر کورد بوون، هیچ مایەو پێزێکی تێدا نیەو نامێنێت گەر بمانخاتە وەهمی شەڕکردن لەگەڵ ئێرانی بوون، تەنانەت پارس بوونیشدا کەدواجار ئەمە بەئەندازەیەکی تەواو، وەک فارس لەئێستادا، هاوبەشو شەریکایەتیمان تێیدا هەیەو تەختی فەرهەنگی هەمووگەلانی ئێرانیەکەکورد بێ سێو دوو یەکێکی دیار لەوگەلانەیە.

گەمەیەکی خەڵەتێنەرو فێڵبازانە کەتا ئێستەش لەمەحافیلی سیاسی ناوخۆیی عێراقو وڵاتانی ئەقلیمیو نێوەندە نێودەوڵەتیەکانیش دا لەکورد دەکرێتو بەداخەوە کورد بۆ خۆشی هەندێک بەشدارەو نائاگایانە بەدەم ئەم گەمەیەوە دەچێت، گەمەی مافە فەرهەنگیو میللیەکانە، وێناکردنی کێشەی کوردە وەک کێشەی فەرهەنگو کەلەپورو کلتوورو زمان، لەکاتێکدا کە کێشەی کورد کێشەیەکی تەواو سیاسیەو هەموو ئەو کێشانەی دیکەشی شوناسو هۆکاری سیاسیان هەیەو فەرامۆشکردنی ئەم راستیە تەنها بەزەرەری ئێمە تەواو دەبێت.■



رەزا رۆستەمی

سیاسەتی ئەتۆمی، چەکی ئەتۆمی

تازەترین گۆڕانکاریەکانی قەیرانی ئێران

□ (رژێمی کۆماری ئیسلامی لەئێران، یەکێکە لەو رژێمانەی کە لەئێستادا زیاترین هەڕەشەی رامیاریو نەتەوەیی دروست دەکات بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتیو وڵاتانی رۆژئاوا بەگشتی) ئەمە رای زۆرینەی قسەکەرە رەسمیەکانی وڵاتانی رۆژئاوایە لەم هەفتەیەی رابردودا، سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەناوخۆی سنوری جوگرافی ئێراندا روودەدەن، کەهەریەکەیانو بەجۆرێک پێوەری سیاسەتە چەوتەکانی ئەو دەوڵەتە دەبن لەسەر گەلانی ئێرانو سیاسەتی نێو نەتەوەیی.

لەم دواییانەدا جۆرج بۆشی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەدووتوێی وتەیەکیدا بۆ خوێندکارانی زانکۆی هێزی بەرگری نەتەوەیی ئەمەریکا وتی: "هەریەکە لەئێرانو سوریا خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژن لەکۆمەککردن بەکارە توندڕەوییو تیرۆریستیەکان، کاتی ئەوە هاتووە کەهەریەکە لەو وڵاتانە دەست لەبەکارهێنانی تاوان هەڵگرن دژی مرۆڤ وەک چەکێکی سیاسی، کۆتایی بەهاوکاریکردنی کاری تیرۆریستی بێنن".

لەلایەکی ترەوە بەردەوام دەنگی نارەزایی لێرەو لەوێ لەدژی کردەی بەسێدارەگەیاندنی ژنانو پیاوانی ئێران لێرەو لەوێ بەرزدەبێتەوە، لەهەفتەی رابردوداو لەشاری پاریس (کۆمەڵەی هاریکاری دژ بەسزای لەسێدارەکان) کەرێکخراوەیەکی جیهانیە هەستا بەسازدانی خۆپیشاندانێک لەبەردەم سەفارەتخانەی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە، تاکو داوا لەئێران بکەن چیتر سزای لەسێدارەدان بەسەر لاوانو ژنانی ئەو وڵاتەدا پیادە نەکات، چونکە ئەمە تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی.

لەدرێژەی پەردە هەڵماڵین لەتاوانە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی، رۆژی (٧)ی ئەم مانگە سێ کەس دەستگیرکران، کە سەر بەفەیلەقی قودسی سوپای ئێرانن و هەرسێ تاوانبار بەرپرس بوون لەتیرۆرکردنی (علی رازی حیدری) پارێزگاری پێشووی بەغداد لەئێراق.

بەهەمان شێوەو لەناوچەی کەلاری سەر بەهەرێمی کوردستان، هێزەکانی ئاسایشی ئەو ناوچەیە (٥) کەسیان دەستگیر کردووە کەبەپێی وتەی تاوانباران خۆیان، لەتەک چەندین ئەندامی گروپە تیرۆریستەکانی ئەفغان رەوانەی ئەو ناوچانە کراونو لەلایەن رژێمی ئیسلامیەوە بەکرێ گیراون بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی.

لەلایەکی ترەوەو بەبۆنەی هەشتی مارسەوە ژنانی ئێران وەک مافێکی ئاسایی خۆیان لەهەموو شارو شارۆچکەکان بەنیازبوون لەو رۆژەدا ئاهەنگو کۆڕو کۆبوونەوەی تایبەت بەرۆژی جیهانی ژن لەئێراندا بگرن، بەڵام سەرجەم هەوڵەکانیان ناکامییان بەدواوە بوو، لەم بارەیەوە خاتوو (دیبا علی خانی) سکرتێری رێکخراوەی پارێزگاری لەژنانی کورد لەشاری سنە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی شاری سنەوە توشی لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوە بووە بەهۆی گێڕانی کۆڕی تایبەت بەرۆژی جیهانی ژنان لەو شارە، لەهەمان مایەدا خاتوو (روئیا تلوعی) کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئاشتیو پارێزگاری مافی مرۆڤ رێگەی پێنەدراوە کەوتاری خۆی بەو بۆنەیەوە لەکۆڕێکی زانکۆی (کوردستان) سنە پێشکەش بکاتو لەلایەن پیاوانی رژێمەوە توشی گیروگرفت بووە.

ئەمەو بەردەوام لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا خۆپیشاندانو مانگرتنی خوێندکارییو رێکخراوەییو جەماوەریی درێژەیان هەیە، بەم دواییانە لەهەریەک لەشارەکانی (ئەسفەهانو مەشهەدو شیرازو کوردستان (سنە) و مەریوان.. هتد.. قوتابیانو رێکخراوە ناحکومیو پیشەییەکان رژاونەتە شەقامەکانو خوازیاری ریفۆرمو چاکسازی بوون لەناوەندی بڕیاردانی کۆماری ئیسلامیو رژێمەکەیدا.

بەمجۆرە گەلانی ئێران بەردەوام لەقەیرانو ناجێگیریی باری ژیانی رۆژانەدا کات تێدەپەڕێننو هەرسات چاوەڕوانی گۆڕانکاری ریشەیی دەبن لەسیاسەتە توندڕەویەکانی سەرانی کۆماری ئیسلامیو ئەو مۆدێلەی حوکمی پێ دەکەن.■

بانگەواز

دادگایی کردنی تاوانبار (فرانس ڤان ئەنرات) فرۆشیاری مادەی کیمیاوی بەڕژێمی پێشووی عێراق

بەختیار کەریم-هۆڵەندا

□ راگەیاندنی یانەی کوردی "میدیا" لەهۆڵەندە لەزمانی بەڕێز کاروان کیمیاویی (جیهان)ەوە زانیویتی کاتژمێری ٩:٣٠ی رۆژی ٢٠٠٥/٣/١٨ لەدادگای شاری رۆتردام لەناونیشانی Wilheiminaplein تاوانبار کراو (فرانس ڤان ئەنرات) دادگایی دەکرێت. ناوبراو فرۆشیاری مادەی کیمیاوی بووە. بەڕژێمی لەناوچووی سەدام حسێنی دیکتاتۆر. کە لەساڵانی ١٩٧٨-١٩٨٨ کوردستانی پێ سوتماک وکیمیاباران کرا.

بەڕێز (کاروانی جیهان) یەکێکە لەپێشمەرگە دێرینەکانی قوربانیانی چەکی کیمیاویو شایەتحاڵی رووداوە جەرگبڕەکانی کوردستانە، داوا دەکات هەرکەسێک لەقوربانیانی ئەو کارەساتە وەک شایەتحاڵێک ئەگەر بیەوێت لەگەڵیدا ئامادەی ئەو دادگاییە بێت، دەتوانێت تا رۆژی پێنجشەمەی رێکەوتی ٢٠٠٦/٣/١٠ ناوی خۆی بەهۆی یەکێک لەپارێزەرانی قوربانیانی کیمیاباران خاتوو Dr. Liesbeth-Zegueldەوە تۆمار بکات ژمارەی تەلەفۆنەکەی ٣٤٤٦٢٠٠-٠٢٠ یان بەهۆی یانەی کوردی "میدیا"وە لەئەمستردام. بۆ پەیوەندی زیاتر بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٦٤٧٩٨٨٦٣٤) دەتوانیت پەیوەندی بکەیت.■

لە زانکۆی بووعەلی سینای هەمەدان ساڵرۆژی بەرز ڕاگرتنی هەڵەبجەی شەهید بەڕێوە چوو

لە مادێح ئەحمەدیەوە – سنە

□ خوێندکارانی کورد لە زانکۆی بووعەلی سینای هەمەدان هەفتەی رابردوو لەکۆبوونەوەیەکی یەک رۆژەدا بە بەشداری نووسەران، رووناکبیران، رۆژنامەنووسان و کۆمەڵێک لە چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکان یاد و بیرەوەری ساڵڕۆژی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەی شەهیدیان بەرز راگرت.

ئەم کۆبوونەوە کە لە لایەن ئەنجوومەنی ئەدەبی »بەیان«ەوە بەڕێوە چوو بەشداری کردنی کۆمەڵێکی زۆر لە چالاکانی بوارە جیاجیاکان و گەل دۆستانی لەخۆگرتبووکەهەرئەمە بووە هۆی پتەو بوونی باری زانستی کۆڕەکە و راکێشانی سەرنجی بەشدار بووان بۆ لای خۆی.

لەم کۆڕەدا سەر لە بەیانی، سەرەتا بەیاننامەی بەڕێوەبەرانی کۆڕەکە لە لایەن »موحەمەدعەلی سلێمانپوور«ەوە (بەڕێوەبەری گشتی کۆڕەکە) خوێنرایەوە و دواتر دکتۆر حاتەمی حسەینی، دکتۆر ئەسعەدی ئەردەلاین، عەلیڕەزا خانی و سوەیلا محەمەدی بە خوێندنەوەی وتار و وتەبێژی ئاوڕیان لە لایەنە جۆر بەجۆرەکانی ژینۆساید و کوشت و بڕی بە کۆمەڵ و جاڕنامە جیهانیەکانی مافی مرۆڤدایەوە وکۆڕەکەیان رازاندەوە.

پاشان لە درێژەدا »سەعید ساعێدی« بە ئاماژە بۆ کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت وئەوئەقڵەی کە دەبێتە هۆی خۆلقاندنی کارەسات وتی: لە جیهانی ئەمڕۆدا ئێمە رۆژانە بە سەدان جار لە کاناڵی میدیا و چاپەمەنی و باسە نێوخۆییەکانەوە ئاماژە دەکەین و دەبینین کە دەڵێن فلان وەرزشکارو فلان چی و چی و... لە جیهاندا لە پلەی یەکەمدان، بەڵام تاکوو ئێستا کەسێک نەهاتووەتە فریای هاواری ئێمەوە و بڵێ "سەردەشت"یش لە جیهاندا یەکەمین شارێکە کە بە چەکی کیمیایی کیمیاباران کراوە.

ناوبراو لە درێژەی وتەکانی خۆیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە پێکهاتەی ئەقڵی لە چوارچێوەی ئایینداو هۆ و هۆکارەکانی خۆلقاندنی کارەسات ئاماژەی بۆ مێژووی ژینۆساید کرد و وتی: لەواقیعدا ئێمە ناتوانین هەموو شتێک لە بەعسیزمدا بدۆزینە و بە دوای ئەوەدابین کە بڵێین بەعسیزم سەرەتای خۆلقاندنی ژینۆسایدە ئێمە دەبێت ئاوڕ لەو لایەنەی ئایینی ئیسلام بدەینەوکە هەر لە ئایەتی "قاتلوالذین لا یومنون باالله بالیوم الاخر" ژینۆساید شەرعییەتێکی عەقڵی دینی دەگرێتە خۆی و ئەیەوێت لە شووناسی نەتەوەکانی تر بسڕێتەوە و بیهێنێتە ژێر دەسەڵات ورکیفی خۆی.

لە پاش نیوەڕۆی کۆڕەکەدا کە داگری چەند وتەبێژی وتار و خوێندنەوە بوو، محەمەد موەفەقی، رەوف محەمەدپوور، مەنسوور تەیفووریی، بێهزاد خۆشحاڵی، مەسعوود بینەندە و سەدرا یوسفزادە بە خوێندنەوەی وتار و وتەبێژی بۆ ئامادە بووانی کۆڕەکە سەبارەت بە کارەساتی هەڵەبجە و لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژینۆساید و دادگایی کردنی تاوانباران و باسیان کرد و بۆ چوونی خۆیانیان لە پەیوەندی لە گەڵ دانیشتنەکەدا دەربڕی.

هەروەها لە ئاقاری خوێندنەوەی وتارو وتەبێژیەکاندا مێزگردێک بە بەشداری رەزا عەلیپوور، محەمەد یەعقووبی و جەلال شەفێعی سەبارەت بە توند وتیژی ویۆتۆپیا بەڕێوە چوو. لەم مێزەگردەدا بەشدار بووان سەبارەت بە چۆنیەتی و بارودۆخ و پێناسە جیاوازەکانی توند و تیژی باسیان کرد و ئاوڕیان لە مێژووی توند و تیژ و کاردانەوە جیاجیاکانی دایە و هەر یەک بە شێوەیەکی جیاواز بۆ چوون و بیروڕای خۆیانیان دەربڕی.

ئەم کۆڕە بە خوێندنەوەی وتاری کۆتایی دەستەی بەڕێوەبەران و هەروەها ئاراستە کردنی سپاسنامە بەوانەی کە لە مێزگرد و خوێندنەوەی وتار و وتەبێژییەکاندا بەشداریان بوو و یارمەتی دەرانی بەڕێوەبەردنی کۆڕەکە، کۆتایی پێ هات.■

پەژارەی هاووڵاتی

- ■ هەڵەبجەو.. دڵتەنگی کەلاوەکان! (سەلام)
- ■ کۆمپانیاکانو گرانفرۆشی.. (سۆران)
- ■ گەڕەکی کانی سپیکەو کۆمەڵێک گرفت.. (ئارام)
- ■ حکومەتی هەرێم.. ئێمەش چاوەڕێین.. (ئاوێنە)
- ■ جیاوازی دوکانی قەسابو دوکانی پێڵاو چییە؟ (ئاکۆ)

پوار

ئەگەر موخابەراتو پیاو خراپن........ بۆ؟

□کەمن ئەو دیاردەو دەرکەوتانەی بەقەدەر شێخ، تەکیە، دەروێشەکانیان، ئەقڵیەتو تێروانینەکانیان زەبری کوشندەیان لەگەلی کورد لەباری کۆمەلایەتیو بگرە سیاسیو نەتەوەییشەوە، دابێ.

بەدرێژایی مێژوو لەهەموو سەردەمێکی ئەم نەتەوەیەدا، حساب بۆ کردنو ڕێزگرتنی زیاد لە پێویستی شێخو تەکیەو خانەقاکانیان، تا دەگاتە ئەوپەڕی یارمەتیدانی مادیو مەعنەویش لە ریزی پێشەوەی گرنگیەکاندا بوون لەناوماندا، بەجۆرێک کە گەیشتنمان بەهەریەک لە شێخو شێخزادەکان پێویستی بەدەست ماچکردنیان هەبووە. ئێستاش پاشماوەی هەر ماوە.

سەیر لەوەدا نییە کە خەڵک بەگشتی، جۆرێک لە گەورەیی لەتواناو تەقوای حەزرەتی شێخدا دەبینن، ئەگەر سەیریش بێت سەیرتر لەوە هەمان ئەو هەستەیە کە زۆرێک لەبەرپرسانو لایەنە سیاسییە عیلمانیەکان بەرامبەر بەحەزرەتو حەزرەتزادەکان هەیانەو بەتەواوی تواناوە هاوکاریو پشتیوانیان لێدەکەن.

ئەوەی لەهەردوو ژمارەی پێشووی چاودێردا (١٨و١٩)، چاپو بڵاوکرایەوە سەبارەت بە پەیوەندی حاشا هەڵنەگری شێخی کربچنەو نەهرۆی شێخزادە، بەدەزگای موخابەراتی ڕژێمی لە گۆڕنراوی بەعسەوە، چیدی هیچ گومانێکی بۆ خەڵکو بگرە دەروێشەکانیشیان نەهێشتەوە لە ڕاستی دژایەتیو زەرەری ئەوان بۆ گەلی کوردستان.

لەگەل زۆر کەس بەجیاوازی ئاستی هۆشیاریو کارو پیشەیانەوە پرسیومە، سەبارەت بەبەخشینی رووبەرێکی بەرفراوان لەزەویو بینا لەدەروازەی شاری سلێمانیدا بە شێخی کربچنە، ئەوەندەی رای خەڵکم وەرگرتووە، هیچ کەس لەگەڵ بوونی ئەو تەکیە سەربازگە ئاسایەدا نییە کە لە دەروازەی ئەم شارە جوانەدا هەیە.

منو زۆرێک لە خەڵکی ئەم شارە ئێستا پرسیارمان ئەوەیە کە سەرەرای تێکدانی سیمای دەروازەی شارو زیانەکانی دیکەی ئەو مەڵبەندە، کە ڕۆژانە جۆرەها خەڵکی بێگانە بە بیانووی زیارەتی حەزرەتی شێخ رووی تێدەکەن، شێخیش بەو جۆرە کەهەبووەو (چاودێر) بە بەڵگە باسی لێوە دەکات، حیکمەتو نهێنی مانەوەی ئەو شوێنە بەو جۆرە چییەو ئەو رووبەرە کە دەکرێت بۆ چەندین پرۆژەی شارستانی لە دەروازەی شاردا سوودی لێ ببینرێت، بۆ لە حەزرەتی شێخ ناسەندرێتەوەو ئەو دومەڵە گەورەیە لەسەر دڵی شارو خەڵکەکەی لاببرێت؟

پێویستە بڵێین؛ ئەو شوێنە، لەبنەچەدا شوێنی سەیرانگەیە، ئەوەی پێشتر بە(مساطحة) بۆ ماوەی دە ساڵ گرتبووی، بەپێی یاسا بۆی نیە بیفرۆشێ.■

ڕەنج قەرەداغی

هەتا ئێستاش ئەمەماڵو شوێنی شەهیدبوونی عومەری خاوەرو کۆرپەکەیەتی

■ **سەلام مستەفا**

ئێمە وافێر بووین کە خومان بەشتێکەوە گرت.. ئیتر بەردەوام دەبین لەسەریو هەوڵی ئەوە نادەین.. یاخود درەنگ هەوڵ دەدەین چارەسەری بکەین!. ئێستە با لەباسەکەمان بدوێین کەهەڵەبجەیە.. ئاخۆ ئەو خووە چییە کە بەهەڵەبجەوە گرتومانە..؟

ئێمە ئەو کاتانە هەڵەبجەمان بیر دەکەوێتەوە کە چەند ڕۆژێکی دەمێنێ بۆ (٣/١٦) .. ئەمە خووە سەرەکیەکەمانە .. ڕژێمی داگیرکەری بەعس بەو شێوە دڕندانەیە هەڵەبجەی خاپوورو ماڵوێران کرد.. چواردە ساڵ زیاترە بەکەلاوەیی ماوەتەوە.. ئاخۆ چیمان بۆ کردووەو چۆن لاواندومانەتەوەو چۆن دەستی وەفاو یارمەتیو ئاوەدانکردنەوەمان بۆ ڕاکێشاوە..؟

هەڵەبجە لەدوکانێک دەچێت لە (٣/١٦)ی هەموو ساڵێکدا قفڵەکەی دەکرێتەوە.. لە (٣/١٧)دا دادەخرێتەوە.. ئیتر کردنەوەی نییە تا (٣/١٦)ی ساڵێکی تر!. بۆ هەر مەبەستێک بێت لەکاتی نزیک بوونەوەی یادەکەدا دەکەوینە خۆو دروشمە لاوازو دەیان جار دووبارە بووەوەکان بەرز دەکەینەوەو یەک دوو وەفدی گچکۆکە ڕەوانەی هەڵەبجە دەکەینو ئەگەر چەند فرمێسکێک هەبێ دەیان بارێنینو دواتر ئاو بێنەو دەست بشۆ!. دەنا کەلاوە هەر کەلاوەیەو نەخۆشی توشبووان هەر نەخۆشییەو.. هاوارو ناڵەو نوسینو داواکارییەکانیش لە بازگەکەی (سیروان) نایەنە دەر.. چی لەو کۆرو سیمینارو پێشانگەو دروشمو شیعرانە بکەن کە پەنجەرەیەکی نەخستە ناو کەلاوەیەکەوە.. چی لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بکەن کە وەفدێک بەڵێنەکانی نەهاویشتە نێو کۆڵانەکانیەوە.. چی لەو بەڵێنانە بکەن.. وەک ئەوەی درابێتە دەست کیسەڵێکو ماوەی نێوان هەولێر - سلێمانی بۆ هەڵەبجە تەی بکات!..

چی لەو نەخۆشخانەیە بکەن کە بۆ هەر دەرمانێک.. سەفەرەکان رووەو سلێمانی هەنگاو بنێن!..

ساڵ بەساڵ یادێکی تازە دەکرێتەوەو بەس.. سەرباری ئەمانەش ئاخۆ هەڵەبجەییەکان خۆیشیان چییان کردووە.. ئەو بنکە ڕۆشنبیریانە چی دەکەن.. ڕێکخراوەکان چ بەرنامەیەکیان دارشتووە.. گەر هەیە کوا چییان کردووە؟..

چرپە چرپو هاوارو گریانەکانی هەڵەبجە دێتە بەر گوێ.. ئەوەتا دەڵێن:

- بمانبەخشن کوردستان.. نەمان زانی ئێمە لە ئێوە نین.. گەرنا ئەی بۆ دەرگایەکم بۆ زیندوو ناکەنەوە!.
- کوان ئەو گۆرەپانو باخچەو یاریگایانەی کە ببنە شوێن سەماو یاری منداڵو لاوی ئەم شارە؟!.
- کوا قەرەبووی هەموو ئەو زیانانەی کە هەڵەبجەی پێکرد بە ناسنامەی کورد؟
- کواو کەیو چۆن کارەساتی هەڵەبجە لە وانەکانی خوێندندا دەخوێندرێ.. لەکاتێکدا وێنەی دیکتاتۆر لەسەر پەرەی پەرتووکەکاندا ماون؟!.■

■ **سۆران عبداللە**

کۆمپانیالەهەموو دونیادا هەوڵی دابینکردنی زۆرترین بڕی کڕیار وای لێدەکات بە باشترین شێوەی خزمەتگوزاری ئەم کارە ئەنجام بدات.. یەکێک لەو ڕێگایانەی کە کۆمپانیای نەتەوەیی ئەو وڵاتە دەیگرێتە بەر، دابینکردنی کارەکانیەتی بە باشترین چۆنیەتیو بەزۆرترین چەندایەتی بۆ هاوڵاتیانی ئەو کۆمەڵەیە، بۆیە گرنگە بە وردیو دیقەت لە کۆمپانیاکانی کوردستان بدرێت، تاکو لەم ڕێگەیەوە بەکەمترین نرخ خزمەتگوزارییەکانی خۆی پێشکەش بکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە بەتەنها دوو شوێنی زۆر گشتی سنوری کوردستانو شاری سلێمانیش باس دەکەین، یەکێک لەوانە پێشەنگای (پێشەوا)یە لە شەقامی سالم بەرامبەر مزگەوتی حوسەینییە، تەنها لەیەکێک لە کاڵاکانیدا کە نرخی خۆی (٥٠) دۆلاری لەسەر دانرابوو، ئەویش بریتی بوو لە سێتێکی موکەبەری (D.V.D) نرخی کۆتایی لەسەر نوسرابوو بە بڕی پەنجا دۆلار لەکاتێکدا ئەم ئەمپلیفایەرە لە بازاری شتومەکی خانەقا بایی (٣٩) دۆلارە.

ئەمەش دیاری دەکات کە (٤٥٪) گرانی کردووە لەسەر هاوڵاتیان، ئەمەش دەکاتە بە گرانفرۆشتنی بێ قەیدو شەرت، لەدەرەوەی سودی بازرگانی ئەو کاڵایە، واتە بۆ هەر شتومەکێکی نرخی (٣٩) دۆلاری ئەو بەرێزانە (١١) دۆلاریان وەک سودی (گەنە سود) گرانفرۆشی، خستۆتە سەر ئەو کاڵایە بەتەنهاو تەنها بەسودی خۆیان.

ئەمە لەلایەک بازاری سوپەرمارکێتی زاگرۆس بۆ هەر کاڵایەکی (٢) هەزار دیناری چاپی نوێ بڕی (٢٠) ئەوەندەی دەخەنە سەرو دەیدەن بە هاوڵاتیان بە (٢٥٠٠٠) دینار، ئەم کاڵایەش بریتییە لە سوژە یاخود نمونەیەکی دیکەی ئەو کاڵایانەی کە لەوێدا دەفرۆشرێن (بازنی مینا-ژنانە) نرخی ئاسایی خۆی لە بازاردا بریتییەلە تەنها (٢) دۆلار، ئەوان لە زاگرۆس دەیدەنەوە بە کڕیاران بە (٢٠) دۆلار، بەهەمان شێوە لەزۆر بازارو شوێنو کاڵای دیکەش بە زیاتر لەم ڕێژانە دەدرێتەوە بەهاوڵاتیان، سەعات فرۆشێک لەبازار ووتی: هەمان مارکەو هەمان چۆنیەتی سەعات کەمن دەیدەم بە (١٠) دۆلار، لە بازاری زاگرۆس دەیکرێت بە (٤٥) دۆلار.

جانتا فرۆشێکی ناو بازار ووتی: لەزاگرۆس ئەو جانتایەی من دەیدەم بە (٥) هەزار دینار، لەوێ دەیدەن بە (٢٥) دۆلار واتە (٤٥) هەزار.

دواجار.. بۆ زانیاری زیاتر هاوڵاتیان خۆیان سەرپشکن لە پشت ڕاستکردنەوەی یاخود بەدرۆ خستنەوەی ئەم نمونانەی من، کە بێگومان مشتێکن لە خەرواری.■

■ **ئارام عوسمان**

گەڕەکی کانی سپیکە یەکێکە لەو گەڕەکانەی شاری سلێمانی، هەرچەندە دروست بوونی ئەم گەڕەکە لەچوارچێوەیەکی یاسایدا نەبووەو بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێکوپێک دروست نەکراوە، ئەمە بەو مانایە نایەت ئەم گەڕەکە لەپەراوێزی پرۆژە خزمەت گوزارییەکاندا دابنرێ، تائێستا گەڕەکی کانی سپیکە بێ بەشە لەسەرەتایترین پرۆژەی خزمەت گوزاری، ئەگەر بچینە ئەم گەڕەکە نیگەرانی بەڕووخساری دانیشتوانەکەیەوە بەدی دەکەین، ئەویش لەئەنجامی ئەوەی تاوەکو ئێستا وەکو پێویست مافو داواکانیان جێ بەجێ نەکراوە گرفتەکان هێندە زۆرن ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی ئەم گەڕەکە بەجێ هێشتووە.

هەر هاوڵاتیەک لەم گەڕەکە بدوێنین ئەوەندە بەوردی و بەوپەڕی ڕەخنەوە باسی کێشەو گیروگرفتەکانیان دەکەن هیچ کەموکورتیەک نامێنێ قسەی لەسەر نەکرابێ، نەبوونی پرۆژە خزمەت گوزارییەکان وەک "کارەباو ئاوەڕۆو نەخۆشخانەو بینای خوێندنگەی پێویست کۆمەڵێک گرفتی زەقن لەم گەڕەکەدا نەبوونی ئەم جۆرە خزمەت گوزاریانە لەگەڕەکێکدا یان لەهەر جێگایەکی تردا هیچ سیمایەکی شارو شارستانیەتی تێدا بەدی ناکرێت، لەهەمان کاتدا کاردانەوەیەکی باشی نابێت لەسەر دانیشتوانی ئەم گەڕەکە، وە کۆمەڵێک بەربەست دروست دەکات لەبەردەم بەڕێوە چوونی باروو گوزەرانیاندا.

لە وەرزی هاویندا زۆرترین گرفت بۆ ئەم گەڕەکە دروست دەبێت، نەبوونی "ئاوی پاک و ئاوەڕۆ" یەکێکە لەو فاکتەرانەی ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی جۆراوجۆر، بۆئەوەی دانیشتوانەکەی لەم قەیرانە ڕزگاریان بێت.

پێویستە ئاوڕێک لەدانیشتوانی ئەم گەڕەکە بدرێتەوە، دەکرێ گوێ لەسەرجەم داواکاریەکانیان بگیرێ کاری جدی بۆ بکرێ بۆئەوەی چیتر ئەمانیش بێ بەش نەبن لەو بوژاندنەوەیەی باڵی بەسەر ناوچەکەماندا کێشاوە بەتایبەتی شاری سلێمانیو دەوروبەری، دانیشتوانی ئەم گەڕەکەیش مافی خۆیانە سەرجەم پرۆژە خزمەت گوزارییەکانیان بۆ جێبەجێ بکرێ.■

■ **ئاوێنە**

لە پاش هاتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانو ڕێکخراوە نا حکومیەکان لەدوای ڕاپەرین بۆ هەرێمی کوردستان، ژمارەیەک لە فەرمانبەر، لەهەموو ئاستە جیاجیاکاندا بۆ کارکردن چوونە نێو ئەو ڕێکخراوانە. بەڵام لەپاش رووخاندنی ڕژێمی بەعسو گۆڕانی بارودۆخی ناوخۆی وڵاتەکەمان، لەگەڵ گەڕانەوەی ڕێکخراوەکان بەنەتەوە یەکگرتوەکانو ناحکومیەکانیشەوە، ئێمەی فەرمانبەران، هەر یەکەو بەپێی بڕوانامەو ئاستی وەزیفی گەڕاینەوە دەزگاو وەزارەتە جیاجیاکانی حکومەتی هەرێم، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجو داواو سکاڵای ئێمەیە، ئەوەیە کە ئەو فەرمانبەرانەی لە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بوون ئەو چەند ساڵەی کەلەوێ خزمەتیان کردووە، بەخزمەتی حکومی ئەژمار کراوە بۆیان، بەڵام ئێمەی فەرمانبەرانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان واتە (N.G.O)کان، تاکو ئێستا بەهیچ شێوەیەک خزمەتمان لەو ڕێکخراوانەدا بەخزمەتی حکومی بۆمان ئەژمار نەکراوە. کە ئەم جیاوازییەش لەلایەن حکومەتەوە کارێکی باش نییە، چونکە هەموومان کوڕو ڕۆڵەی ئەم وڵاتەینو حکومەت بە باوکی خۆمان دەزانین. بۆیە داواکارین کەبەیەک چاو سەیرمان بکاتو خزمەتی ئێمەش لە ڕێکخراوە (N.G.O)کان، بەخزمەتی حکومی ئەژمار بکات.■

■ **ئاکۆ دوکانی**

لەوانەیە وا بەخەیاڵتدا بێت کە بۆ گاڵتەجاڕی دوو زاراوەی دوور لەیەکتر، بەراورد بکەینو بۆ ساتێک زەردەخەنە دروست بکەین، ڕاستە ئەم دوو زاراوەیە زۆر لەیەک دوورن لەڕووی شکڵو ناوەڕۆکەوە، بەڵام ئەوەی کەلەبازاڕەکانی کوردستان بەگشتیو سلێمانی بەتایبەت سەرنجی لێ دەدرێت، ئەو جیاوازییە زۆرەیە کەڕۆژانە هەموومان بەچاوی خۆمان دەیبینینو بەسەرماندا تێ پەردەبێتو بێ باکیشین بەرامبەر ئەو جیاوازییە گەورەیە.

ئەویش ئەوەیە کەوەک دەزانین پێڵاو بۆ لەپێکردنە، بەڵام لەدوکانێکدا دەفرۆشرێت کەهەندێکیان لەناو جامخانەیەکی جوانو ڕازاوەو لەسەر مێزی شوشەکەرەونەقەکەی هەر لەدوورەوە سەرنجی کڕیاران ڕادەکێشێت، ئەمیش بەهۆی لێزانی خاوەن دوکاندارەکانەوە کەسەرنجی تۆی پێ ڕادەکێشن. بێجگە لەجوانیو پاکو خاوێنی دوکانەکە.

بەڵام گۆشت کەخواردنەو پێویستە زۆر پاک ڕابگیردرێت، دوکانی قەسابەکان وەکو کۆنەو هەراجەکان هەڵی دەدەنەوەو لەسەر مێزی ئاسنو بەشیشدا هەڵی دەواسن، هەندێکیان لەتەنیشت دوکانی سەوزەو میوە فرۆشەکان کەبەردەرگای دوکانەکانیان زۆربەی کات قوڕاوەو هاوینانیش تەپو تۆز بەسەر گۆشتەکەدا بڵاودەبێتەوە، بەتایبەت جەرگو هەناوی حەیوانەکە کەهەڵدەواسرێ جۆرەها میکرۆبی لێ دەنیشێت.

لەبەرئەوە لەوڵاتی ئێمەدا پێی مرۆڤ لەهەناوو تەندروستی بەبەهاترو گرنگترە بۆیە پێڵاو لەشوێنێکی زۆر پاکو خاوێنو گۆشتیش کەخواردنێکی سەرەکی مرۆڤە لەشوێنی پیسو ناتەندروستدا دەفرۆشرێت.

وەزارەتی تەندروستی.. ڕاستە ئێوە هیچ پەیوەندییەکتان بەدوکانی پێڵاو فرۆشەکانەوە نییە، بەڵام خۆ پەیوەندیتان بەدوکانی قەسابەکانەوە هەیەو شێوازو خستنەڕووی گۆشتەکەش ئەگەر خۆتان نایزانن لەهاوڵاتیان بپرسن تابزانن خستنەڕووی گۆشتی (معقم)ی مۆدێرن لەسلێمانی چۆنە؟!■

(سەهۆڵەکە) توایەوەو ئەم کارەساتەی خوڵقاند

laparakan.qxd 03/02/1426 09:46 ã Page 6

دوای حەڤدە ساڵ لەکیمیابارانی هەڵەبجە؛ چی بکرێت باشە؟

گفتوگۆیەکی دیموکراسیانە، لەگەڵ ڕێکخراوەکان

ئا / ئەرسەلان تۆفیق

□ هەڵەبجە لەبەهاری ساڵی ١٩٨٨ دا شارێک بوو پڕ لەجوانی، جوانی سروشت و جوانی مرۆو جوانی شەقام و کۆڵانەکان.. پڕ بوو لەگوڵ.. لەبۆنی گوڵ. لێوان لێوبوو لەعیشق و خۆشەویستی.. هەڵەبجە عاشقێکی سینە ساف و بێ غەل و غەش بوو، بێ ئاگا لەمەرگەوەرو چڵەکانی ڕێگەی نالی و حەبیبەکەی شارەزوور.. لەناوەڕاستی مانگی ئازاردا شتێک وەک خەون وەک دێوەزمە وەک هەورێکی چڵکن بەری ئاسمانی شار دەگرێ و دەیتاسێنێ.. هەناسەی لێدەچنێ و ئیدی تەواو.. لە ١٩٨٨/٣/١٦ بەدواوە هەڵەبجە دەبێتە خەونێکی خۆش و تەواو نەکراو.. ئەو خەونە نیوەی لەژێر مشتەخۆڵێکی گۆڕێکی بەکۆمەڵ دا دەبینرێ و ئەوی تر پچڕپچڕ لەئۆردوگا زۆرو زەوەندەکانی ئێران و گردەچاڵی هەولێرو خۆشاردنەوەی شارەکانی تر و دواتر لەناو تەپ و تۆزو خۆماری ئۆردوگایەکی زۆرە ملێی بەناوی (صدامیە حلبجە)ی مالوان دا.. کەمێکیشی دەچێتە نوگرە سەلمان و عەرعەرو لەوێ لەگەڵ زریکەی ژن و منالی ئەنفالەکانی گەرمیان دا دەبنە هاوڕێ، بەچرپەوە حیکایەتی مەزلومیەتی کوردو دڕندەیی بەعس و عەرەبە ناسیونالیزمەکان بۆ یەک دەگێڕنەوە. دەڵێن:- ئێمە پاشماوەی کیمیابارانی هەڵەبجەین.. پاشماوەی تاقیگەی چەکی کۆکوژو دڕندانەی بەعس و ڕۆژئاواین.. ئەی ئێوە؟! ئەوان ئەڵێن ئێمەش ئەنفالی گەرمیان و قەرەداغین، ئەنفالی عەرەب چێتی و... ئەنفالی سەدام.. ئەنفالی ئەبو عودەی.. بەچاوساغی جەیش و جاش.. تۆ بڵێی بەربین؟! ئەمانە وێردی سەر زمانی دوا بەدەنگی گیراوەکانی نوگرەسەلمان و عەرعەرە.. ئیدی لەمانگی ٣و چواری هەموو ساڵێکدا هەم هەڵەبجەو هەم قەرەداغ و گەرمیانیش برینەکانیان دێنەوەسۆ، ئازیزەکانیان دێتەوە بیر، وەعدو وعودەکانیان لێدەبێژرێتەوە.. بازرگانەکانی خوێن دێنەوە گیانیان و موزایدەی سەیرو سەمەرەیان لەسەر دەکەن..

چەند ڕۆژێک بەر لەئێستا بەمەبەستی سازدانی گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنوسی لەگەڵ هەندێک لەڕێکخراوەکان دا گەشتێکم بەناو هەڵەبجەدا کردو بەرپرسەکانی ئەو ڕێکخراوانەم دواندو ئەوانیش بەپێی کاری ئەزموونی خۆیان قسەیان بۆ کردین.. ئامانجی گفتوگۆکەمان خزمەتە مادی و بەرجەستەیەکان ناگرێتەوە بەو ئەندازەیەی ویستومانە قسە لەسەر لایەنە نامادی و مەعنەویەکان بکەین. ویستومانە پەنجە بخەینە سەر ئەو کاریگەرییە نامادی و ڕۆحییانەی کەتوێژی ئەمڕۆی گەنجەکانمان بەدەستیانەوە دەناڵێنین.. ئاخر (٣/١٦)ی ئەمساڵ حەڤدەساڵی ڕەبەقە کیمیاباران رویداوەو تائێستەش لەهەست و نەستی خەڵکەکەدا جمەی دێت زیادو کەم دەکات و دەڕوات و دێت..

سەرەتای گفتوگۆکەمان، بردە لای ژنان و ئەمانیش:
کۆمیتەی ژنانی هەڵەبجە: لەژوورێکی بچکۆلەدا لەقەرەباڵغییەکی کاروسەرقاڵیدا پێشوازی لێکردین و خاتوو (ئاڤان عەبدولکەریم – لێپرسراوی کۆمیتەی هەڵەبجەی شەهیدی یەکێتی ژنانی کوردستان) بەگەرمییەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:

چاودێر: ئێوە وەک ڕێکخراوێکی ژنان لەهەڵەبجەدا کاریگەرییەکانی چەکی کیمیاوی لەسەر ژنانی ناوچەکەتان لەهەمووڕووەکانی (دەرونی و کۆمەڵایەتی و زانستی و تەندروستی)یەوە چۆن دەبینن؟

ئاڤان: پێشەکی بەخێرهاتنتان دەکەم، هیوادارم هەمیشە ڕۆژنامەکەتان لەبەرەو پێش چووندا بێت سەبارەت بەکاریگەری کیمیاباران لەسەر ئەو لایەنانە دەمەوێت خاڵ بەندییان بکەم:

أ-لایەنی دەروونی:
لەئاکامەکانی کیمباران دا زۆرێک لەژنانی شارەکەمان تووشی نەخۆشی دەرونی هاتوون بەپێی ئامارەکانی (چاودێری کۆمەڵایەتی یەکێتی ژنان) نزیکەی (١٥٠٠) کەس لەناو شارو (مجمع)ەکان و گوندەکانی دەوروبەردا تووشی جۆرێک لەجۆرەکانی نەخۆشی دەروونی هاتوون، یان دەکرێت دەست نیشانی حاڵەتێک لەحاڵەتەکانی نەخۆشی دەرونی یان تێدا بکەین..

ب-لایەنی کۆمەڵایەتی:
بەپێی ئەو زانیاریانەی ڕۆژانە ناڕاستەوخۆ یاخود لەڕێگەی ئەندامانی کۆمیتەکەمانەوە ڕاستەوخۆ دەگاتە کۆمیتەکەمان هەتا ئێستە زیاتر لە (٢٠٠) ژن گرفتی کۆمەڵایەتی یان هەبوەو بۆ نموونەش ژنێک هاتە لامان بەهۆی ئەوەی کەبینایی لەدەست دابوو پیاوەکەی ژنی بەسەردا هێنابوو، یان ژنێکی تر بەهۆی پەککەوتەیی و نەتوانایی جەستەیی خێزانەکەی نەیان دەتوانی ژیانی لەگەڵدا بگوزەرێنن وەیان کچێکی تر بەهۆی لەدەست دانی چاوێکیەوە توشی کێشەی گەورە ببوو لەناو خێزانەکەیداو توانای ئەوەشی نەبوو چارەسەری چاوی بکات، چونکە زۆری نەمابوو بەهۆی ئازاری ئەم چاوەیەوە، چاوەکەی تری لەدەست بدات، یان بەپێی ئەو ئامارەی دەستمان کەوتووە، لەدوای کیمیاباران هەتا ئێستا زیاد لە (١٠٠٠) کچ بەقەیرەیی ماونەتەوە بەهۆی کەم ئەندامیەوە، یان بەهۆی ئەوەی کەدایک و باوکیان لەدەست داوەو خۆیان دانیشتون بەدیار خوشک و براکانیانەوە، یان خۆیان تەنهان و براو براژن بەخێویان دەکات، وەزۆر لەکچانمان بەهۆی ناشیرین بوونی روخساریان بەهۆی کیمبارانەکەوە یاخود بەهۆی سروشتییەوە بەتەنهایی ماونەتەوەو هاوسەریان بۆ خۆیان هەڵنەبژاردووە.

چاودێر: ئەی پڕۆژەکانتان چی بووە لەرابردو داواکاری داهاتووتان چیە؟

ئاڤان: لەساڵی (١٩٩٢)ەوە هەتا ئێستا کۆمیتەی یەکێتی ژنانی کوردستان لەشاری هەڵەبجەدا زۆر پڕۆژەو چالاکی ئەنجام داوە لەوانە کردنەوەی خولەکانی کۆمپیوتەرو درومان و ئارایشگەو شۆفێری و کردنەوەی خولی دروستکردنی شیرینی و چەند جۆرە خواردن و کاری دەستی، لەلایەکی ترەوە بەشی کۆمەڵایەتیمان هەستاوە بەچارەسەرکردنی زیاد لە (٥٠٠) کێشە لەم شارەداو لەدەوروبەری دا، بەشداری زۆر لەکێشەی خێزانەکانمان کردووەو دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ کردوون و نەمان هێشتووە کێشەکان بچنە دادگا، دەستی زۆر لەکچان و ژنانمان گرتووە بۆئەوەی کاری خۆکوژی ئەنجام نەدەن و لەڕێگای بەشی کۆمەڵایەتیمانەوە شوێنی پارێزراومان بۆ دابین کردون هەتا ئەوکاتەی کێشەکانیان بەچارەسەر گەیشتوە. زۆر ژنمان گەڕاندۆتەوە سەر خێزانی خۆی و شادمان کردۆتەوە بەمنداڵەکانی، هەر لەڕێگەی ئێمەشەوە، زۆرجار داوا بۆ دادگا بەرز دەکەینەوە بۆ گەڕاندنەوەی منداڵ بۆ لای دایکەکەی، ڕاستەوخۆ دادگا بۆی جێبەجێ کردوین، ڕۆژانە زۆر لەدایکان و باوکان لەڕێگەی کۆمیتەکەی ئێمەوە چاویان بەمنداڵەکانیان دەکەوێت (واتە ئەو دایک و باوکانەی لەیەکتری جیابونەتەوە).

چاودێر: ئایا توانیوتانە ببنە خەم خۆرو داڵدەدەری ژنان بەگشتی و چۆن؟

ئاڤان: ئێمە ڕێکخراوێکین کار بۆ ئەوە ناکەین ژنان لەڕێگەی ئێمەوە ببنە حزبی بەڵکو ئێمە کارمان ئەوەیە خزمەت بەژنان بکەین لەگشت بوارەکانداو ئاستی هۆشیاری ژنان بگەیەنینە ئاستێک کەهیچ کەس و حیزبێک نەتوانێت ستەمیان لێ بکات کار بۆ باشترکردنی گوزەرانی ژنان و کچانی ناوچەکە دەکەین گەر لەهەر گروپ و حزبێکدا بن، بەڵێ راستە ئێمە حزبێک دەعمان دەکات بەڵام ئێمە کارمان ئەوەیە خزمەت بەژنان بکەین لەهەر گروپ و حزبێک بن، بۆ نمونە زۆرجار کێشەی ژنێک دێتە لامان کەپەیوەندی بەئێمەشەوە نەبووەو سەر بەحزبێکی ترە، بەڵام خۆشبەختانە کارمان بۆ ئەنجام داوە بەبێ جیاوازی، دەستی زۆر لەژنانمان گرتوە کەسەر بەلایەن و حزبی تر بوون.

زۆرێک لەکچانمان بەهۆی کارەساتی کیمیابارانەوە لەخوێندن دواکەوتون، لەپرۆسەی خوێندن بێ بەش بوون زۆرێکیان هەتا ئێستاش هەوڵی ئەوە دەدەن بگەڕێنەوە بەر خوێندن بەڵام تەمەنیان ناخوازێ بگەڕێنەوە بەر خوێندن و خوێندنگەکانیش ڕێگا بەو تەمەنە نادەن بەشداری خوێندن بکات، وەچارەنوسیان لەوە باشتر نابێت کەجاران ژنی تێدا بووە هەتا ئێستاش هەروا ماونەتەوەو هیچ گروپ و لایەنێک کاری بۆ ئەوانە نەکردوە کەشوێنێکی تایبەتیان بۆ بکاتەوە بۆ خوێندن، لەکۆتاییدا زۆر سوپاستان دەکەم هەر سەرکەوتوو بن.

"دواتر سەردانی لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانمان کردو بەڕێز کاک سامان شارەزووری لێپرسراوی لق بەڕێزەوە وەڵامی داینەوە"

چاودێر: وەک ئەوەی کە خوێندکاران بێ بەش نەبوون لەکاریگەرییەکانی کیمیاباران ئایا ئەو کاریگەرییە لەڕووی زانستی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی.؟
هەڵەبجە وەک تایبەتمەندییەکی خۆی ئێوە بەجیا لەلقەکانی تری ڕێکخراوەکەتان ئەو بوارانەی ئێوە کاریان لەسەر دەکەن چین؟

سامان شارەزووری: زۆر بوار هەن ئێمە وەکو کۆمەڵەی خوێندکاران، لەبواری کاری ڕێکخراوەیی کاری لەسەر دەکەین بەتایبەت دەستگیرۆیی ئەو خوێندکارانەی کەپاشماوەی کیمیایی باران کراوەکانن و بێ سەرپەرشتیارن هەرچەندە ئەم جیلە خوێندکارەی ئێستا هەیە تاکو ئاستی پەیمانگەش کەمێکی ئەو ڕووداوەی لەبیرە، چونکە لەوکاتەدا منداڵ بوون، بەڵام ئێمە هەوڵمان داوە ئەوانەشی کەلەخوێندن دابڕاون لەوکاتەدا قەرەبوویان بۆ بکرێتەوە، بۆ نمونە ئێمە ئەمساڵ داوامان لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی

هەڵەبجە کرد بۆ کردنەوەی خوێندنگەی ئێواران بۆ کچان، بەڵام بەڕێوەبەرێتی پەروەردە هیچ وەڵامێکی نەبوو، ئێمە لەئاستی بەرپرسیارێتی خۆمانەوە هەمیشە هەوڵمان داوە لەهەر بوارێک پێویست بەکار بکات دەستەوەستان نەبین و گرنگترین بوار کەکاری تێدا دەکەین بیرخستنەوەو وەبیرهێنانەوەی خوێندکارانی تازە پێگەیشتووە، کە لەم سەردەمەدا دەژین و دەرخستنی ئەو تاوانەیە بۆیان تاکو بزانن چەندێک زوڵمیان لێکراوە.

چاودێر: بەمەبەستی کەم کردنەوە بۆ نەهێشتنی ئاسەوارەکانی چەکی کیمیاوی لەناوچەکەدا چ پڕۆژەیەکتان هەیە یاخود بەنیازن چی بکەن؟

سامان شارەزووری: ئێمە بۆ هەر کارێک پێمان سپێردرابێت کەم تەرخەمیمان نەکردووەو لەهەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران لەئاسەوارەکان و نەمام ناشتن و خزمەت کردن بەشارەکە کردوومانەو پڕۆژەشمان بۆ ئایندە ئەوەیە کەبتوانین هاوبەش بین لەگەڵ حکومەتدا بۆ نەهێشتنی ئاسەواری چەکی کیمیایی و نەمام ناشتن و گەشەدان بەو شوێنانەی

ئاڤان

سامان



ئاشتی

ڕێبوار

نەجمەدین

کەدەست و بازوی ئێمەی خوێندکارانی پێویستەو لەهەر جێگایەک بین، دەبێت هەموومان خزمەتی هەڵەبجە بکەین چونکە هەڵەبجە هی هەموو کوردستانە.

دواتر چوینە سەنتەری چالاکی لاوان/ سەنتەری هەڵەبجە و بەڕێز کاک ئاشتی عەبدوڵڵا ئەحمەد بەرپرسی سەنتەر، بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:

چاودێر: ئەو گرفتانە چین کە لەئەنجامی کیمیابارانی ١٩٨٨ دووچاری لاوان بووە، بەتایبەتی لەلایەنەکانی (دەرونی -کۆمەڵایەتی -تەندروستی -زانستی). ؟

ئاشتی: دیارە کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨ کاریگەری خراپی لەسەر هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی هەڵەبجە جێهێشتووە، بێگومان لاوانیش بەشێکی زۆرن لەو کەسانە کەکارەساتی هەڵەبجە کەلێنێکی گەورەی لەژیانیاندا دروست کردووە لەهەموو ڕوویەکەوە، بۆ نموونە لەڕووی دەرونیەوە بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کیمیایی لێداون لەو سەردەمەدا منداڵ بوون، بەڵام ئەمڕۆ پاش ١٧ ساڵ لەو کارەساتە ئەو منداڵانە تەمەنیان کامڵ بوەو بەلاو ئەژمارد دەکرێن، تیایاندایە بێ سەرپەرشتە وەک ئەوەی باوکیان نییە وەک ئەوەی دایکیان نیە، وەک ئەوەی کەسوکاریان تیاچووە، کەئەمانە هەمیشە لەحاڵەتی خەمۆکیدا ژیان دەگوزەرێنن و پێویستیان بەئاوڕدانەوەی جدی هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، دەبینین ڕێژەیەکی زۆر لەلاوان لەئەنجامی ئەو کارەساتەوە توشی پچڕانی شیرازەی خێزان هاتوون و پاشان بێ سەرپەرشتی ماونەتەوە، تا ئەمڕۆ لەئەنجامی ئەم حاڵەتەش زۆرینەیان لەبوارەکانی زانست و خوێندن دورکەوتونەتەوە کەپێم وایە ڕێژەیەکی زۆر لەلاوانی ئەم شارە پێویستیان بەوەیە لەڕووی خوێندن و زانیارییەوە هۆشیار بکرێنەوە کەئەمەش لەڕێی کەسانی پسپۆڕەوە دەکرێت.

سەبارەت بەسەرژمێری ئەو قوربانیانەی کەزیندون و بەجێ ماوی پاش کارەساتەکەن، بەڕاستی هیچ جۆرە سەرژمێرییەکمان لانییەو دەکرێ بۆ لەمەودوا بیخەینە بەرنامەوە.

چاودێر: پرۆژەتان بۆ هەڵەبجە چییە؟ بەجیا لەهەموو سەنتەرەکانیتر بەو حوکمەی هەڵەبجە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە؟

ئاشتی: ئێمە وەک سەنتەری هەڵەبجەی شەهید هەوڵ دەدەین بەپێی توانا بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون کەگرفتێکی گەورەو سەرەکی لاوانە، بەپێی داڕشتنی پڕۆژەکانمان هەوڵ دەدەین بۆ دابینکردنی پەخشێکی رادیۆی تایبەت بەلاوانی سنوری سەنتەرەکەمان و دابینکردنی هۆڵێکی تایبەت بەئەنتەرنێت لەناو بارەگای سەنتەرەکەماندا بۆ لاوان.

چاودێر: گرفتەکانی لاوانی ئەم ناوچەیە چین؟

ئاشتی: گرفتەکان زۆرن (کلتوری و فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و.. هتد) ئەگەر ئەمانەش راڤە بکرێن دەیان و دەیان خاڵی گرفت خۆی دێنێتە پێشەوە.

یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانیش لیژنەی هەڵەبجە، یەکێک بوو لەو ڕێکخراوانەی کەبەسەرمان کردنەوەو بەڕێز کاک ڕێبوار محەمەد حەسەن لێپرسراوی لیژنە لەوەڵامی پرسیارێکدا کەئێوە چیتان کردووە بۆ هەڵەبجە لەوەڵامدا:

ڕێبوار: بۆ هەڵەبجەش لیژنەی ئێمە بەردەوام ساڵانە بەرهەمی خۆمان هەبووە. بەمساڵیشەوە. گەرچی ئەمساڵ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری (سلێمانی) دەیویست فیستیڤاڵ نەکرێت بەڵکو یادێک بێت و تەنها وتارێک و کۆڕێک و شانۆگەرییەک بێت، بەڵام خەڵک خۆی (هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی هەڵەبجە) بەوە رازی نابن. بۆیە ئێستە لەناوچە جیاجیاکانەوە لەسەرانسەری کوردستانەوە دێنە هەڵەبجە چوار شانۆمان هەیە.. ئیشی تر هەیە کەهیچی کەمتر نییە لەساڵانیتر.

چاودێر: کاک ڕێبوار.. باسی یادگاری هەڵەبجەت کرد هەندێک پێیان وایە ئەو یادگارە شوێنەکەی زۆرباش نییەو وا دەیخوێننەوە کەبەدەستی ئەنقەست لەو سەرەتای شارەوە دانرابێت تا وەفدەکان و نوێنەری وڵاتان و کاربەدەستان کەدێنە ئەو شوێنە، بیان گەڕێننەوەو نەهێڵن ناو شارو کەلاوەو شوێنە خراپەکانی ناو شار ببینن.. تۆ رات چییە؟!

ڕێبوار: باش بوو باسی ئەو یادگارەت کرد.. با من یەک شتت پێ بڵێم کاتی خۆی ئێمە وەک هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و خەڵکی ئەم شارە سەردانی بەڕێز (مام جەلال)مان کردو باسی ئەو یادگارە کراو پڕۆژەکەی کاک (ئازاد) پەسەند کرابوو شوێنەکەی بەتێکڕای دەنگ وەک دەروازەی شار لەگەڵ قایمقام و خەڵکانی تریش دیاری کرا، ئەنجام بەپێچەوانەوە، گەورەترین وەفد کەهاتبێ تائێستا (کولن باول) بووە. بەسەیارە بەناوشاردا چووەتە مەزارەکەکەدەکەوێتە گۆڕستانی شەهیدان.. ئیتر نازانم.. پێم وا نییە ئەو گومانانە لەڕاستییەوە نزیک بن..

چاودێر: ئێوە وەک هونەرمەندان دەڵێن بەشی (تشکیلی) مان هەیە ئایا بۆچی نەتوانراوە برێک پەیکەری گونجاو دروست بکەن کەشیاو بێت و لەئاستی ڕووداوەکەدابێت تاکارەساتەکە بەزیندوویی بهێڵێتەوە؟

ڕێبوار: پەیکەر کراوە وەک لەسەرەتاشەوە گوتم.. پەیکەری عومەری خاوەرو تۆفیقی کارەباو مامۆستای نەناسراو و فەزای هەڵەبجەش کراوە. لەو باوەڕەش دام تاڕادەیەک باشەو حەقی خۆیمان داوەتێ...

ماوەتەوە بڵێین لەدەرەوەی ڕێکخراوەکان ڕای دوو بەڕێزمان وەرگرت سەبارەت بەکاری ڕێکخراوەکان و کاریگەری شوێن لەسەر کاری ڕۆشنبیری لەهەڵەبجەداو بەڕێز کاک نەجمەدین گۆریانی و ڕوناکبیر و فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە ئاوا باسی کاریگەری شوێن و ناشوێنی کرد لەسەر باری ڕۆشنبیری هەڵەبجە:

چاودێر: کاک نەجمەدین ئێمە پرسیارێکمان لە کاک ڕێبوار محەمەد کرد سەبارەت بەکاریگەری ئەو برادەرە ڕۆشنبیرانەی نیشتەجێی دەرەوەی هەڵەبجەن ئەو ئینکاری کرد تۆ دەڵێی چی؟

نەجمەدین: من پێم وایە یەکێک لەپێکهاتەکانی کۆمەڵی بەشەری بەکوردەواری لای خۆشمانەوە تێکشانی شوێنە، واتە ئەوە لەڕوانگە فەلسەفیەکەیەوە کەمن لەئەوێی دورە زێدی خۆم شوێنم دەبێتە ناشوێن هەروەک بەختیار عەلی دەڵێت.

ئەم دەسپێکە بۆ ئەوەیە بڵێم کەسی کارا ئەگەر نەتوانێت لەوڵاتێکی دور لەناوچەو شاری خۆی کاریگەری هەبێ، ئەوا لەدوراییەکی وەک هەڵەبجە سلێمانی یان هەڵەبجە هەولێر دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت.

ئەم قسەیەم بەبەڵگەوەیە چونکە ئەوە هەر ڕۆشنبیرانی هەڵەبجەیە لەشارێکی وەک هەولێر گۆڤارێک بەناوی هەڵەبجەوە دەردەکەن و ڕێکخراوێک دروست دەکەن کەگرنگی دەردەبێت بەداب و نەریت و کلتورو ڕۆشنبیری ئەم ناوچەیە، نمونەیەکیتر بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هەڵەبجەو ناوەندی ڕوناکبیری هەڵەبجە هێندەی ڕۆشنبیرانی نیشتەجێی هەڵەبجە لەپێکهێنانی دا دەوریان بینیوە ئەوا ڕۆشنبیرانی کۆچکردوو بۆ سلێمانی لەو مەسەلەیەدا پشکی شێریان هەیە.

هەربۆیە من پێم وایە لەهەلومەرجی ئێستای دنیاو ناوچەکە ئەزمونێک هەیە پێمان دەڵێت پێویستە پێداچونەوەی هەڵوێستەکانمان بکەین.

ڕەنگە بوترێت ئەی فرمێسکی تیمساحی ئەو خەڵکە لەپای چی؟ ڕەنگبێت ئەم پرسیارە بەدیوێکدا واقعی و جوانبێت، بەڵام بەدیوێکی تردا نادروست دەردەچێت چونکە لەحزەی ژیانی مرۆڤ لەساتەوەختی ژیاندا نەگریان و نەفرمێسک و نەکەشی ڕۆمانسی بەوشێوازە کلاسیکیە نیە، یان بەواتایەکیتر ئەوە قۆناغی مومارەسەی دەسەڵات و پێکهاتنی فۆرمێکە لەکۆمەڵی مەدەنی کەئیفرازی ئەوە دەکات هەڵوێستی تاک زیاتر گەشە بکات و هەر کەسەو لەڕێگای فەرمانێکەوە کە لەدەزگایەکی دەوڵەتیەوە دەردەچێت دەیەوێت لەهەست و نەستی زاتی خودی خۆیەوە بڕواتە ناوکۆمەڵ، دیارە ئەم ڕواڵەتەی ئێستای کۆمەڵی کوردی بەدروستی پێچەوانەی سەردەمی شۆڕش و کۆمەڵی کوردەواریە.

لەڕووی پۆلێن کردنیشەوە هەم ئەوانەی لەهەڵەبجەن و هەم ئەوانەش کە لەسلێمانین لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر گۆڕانکاری بەسەردا دێت، چونکە لەهەڵەبجەی ئێمەدا کەس هەیە چەند ساڵێکە لەسورێ مت بوندایەو ناجوڵێ، یان ڕەنگبێ وا هەست بکات کەزەمەن ئەوی جێهێشتووە، بەڵام ناکرێت و ناگونجێت ئەمە بەڕوونی بڵێت، دیارە لەسلێمانیش کەس هەیە هیچی پێ ناکرێت و ئەم پێ نەکرانەش مانای کەمتەرخەمی و نادڵسۆزی نابێت بەئەندازەی ئەوەی هەروەک وتم زەمەن جێی هێشتووە.

دواتر لەبەڕێز مامۆستا کەژاڵ محەمەدی ڕۆژنامەنووس مان پرسی: ئایا ڕێکخراوەکانی ژنان لەهەڵەبجەدا چەندە توانیویانە خزمەت بەتێکڕای ژنان بکەن بەبێ جیاوازی حیزبی یان ئایدۆلۆژی؟

م. کەژاڵ: لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتاوە ڕێکخراوەکان بەهیمەتێکی حیزبیانە کاریان دەکرد زۆر درەنگ وە ئاگا هاتنەوە بۆ یەکخستنی دەنگ و هەڵوێستیان، ئەڵبەتە ئەمە ستراتیژی حیزب خۆی بوو بۆیە تاڕادەیەک زەرەری لەناو وفۆرمی ڕێکخراویش دا، هەنووکە هەموو ڕێکخراوەکان ئاڕاستەی کاریان دەگۆڕن و بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ژنان، لەبەرئەوە شەڕو کەرت بوونی شارەکان هەندێ ڕێکخراو تازە گەڕاونەتەوە ناو شار بەڵام ڕێکخراوەکانی تری ناو شار هەرچەندە چالاکیان زۆر کەمە لەچاو ئەو دۆزە فراوانەی ئافرەتاندا بەڵام هەوڵ ئەدەن کەزیاتر خزمەت بەبواری ژنان و مەلەفیان بکرێت.

پێم وا نیە شتێک بکەن یان کردبێتیان زۆر بوو بێت من لەچەند شوێنی تردا باسم کردووە کەزۆرترین نەهامەتیەکان بەرئافرەتان کەوتووە باجی زۆریان داوە بەڵام ڕێکخراوەکان زۆرجار ئەو جێگایەیان نەگرتۆتەوە لەناخی خەڵکدا نەدووان، هەرچیان کردبێ شتێکی سادەو ڕووکەشی بووە نەک بار سووکی خەمەکان کەمن پێم وایە واقعی حزبایەتی سیمای هەموو شتەکانی گۆڕیوەو ئەوانیش هێندە دەکەن کەدەتوانن بیکەن. ■

laparakan.qxd 03/02/1426 09:46 ã Page 7

ئەپیرۆن

-٦-

ئاناکساگۆراس

ئاوات ئەحمەد



□ فەیلەسوفێکی پێش سۆکراتییە. بە پێی گێڕانەوەی ئەپۆلۆدۆرۆس، کوڕی هێگێسبۆلۆسی خانەدانی کلازۆمێنیای ئاسیای بچووکە و لە ماوەی حەفتاهەمین خولی ئۆلۆمپیادا (٥٠٠-٤٩٧ پ.ز) لەدایک بووە، لە یەکەمین ساڵی خولی هەشتاو هەشتەمین ئۆلۆمپیادا، واتە لە ساڵی ٤٢٨ دا لە سەروو حەفتا ساڵییەوە مردووە.. حەزی کردووە خۆی تەرخان بکات بۆ زانست، بۆیە دەسبەرداری موڵک و سامان و کەس و کارەکەی دەبێت و رووده‌کاتە ئەسیناو لەوێ دەبێتە هاوەڵێکی نزیکی پێریکلێس و پیاوانی نێوداری شار. هەندێک پێیان وایە ئاناکساگۆراس مامۆستای سۆکرات بووبێت و سۆکراتیش لە قسەکانیدا ئاماژەی کردووە بۆ ئەوەی کە کتێبێکی ئاناکساگۆراسی خوێندۆتەوە. بە پێی گێڕانەوەی دایۆجینیەسی لایرتۆسی، ئاناکساگۆراس قوتابی ئاناکسیمانێس بووە.

لە ئەسینای دیموکراسی روو لە گەشانەوەدا، دوای رومانی سی ستەمکارەکە، ئاناکساگۆراس ورده ورده تێڕوانینە فەلسەفییەکانی خۆی کامڵ کردووە. بەڵام ماوەیەکی کەم بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی پیلۆپۆنیش تۆمەتبار دەکرێت بە دژایەتیکردنی سیاسییانەی شارو بێباوەڕی و داننەنان بە خوداکانی شاردا. ئیتر دوای ئەوەی هەندێک هاوڕێی نزیکی بۆی تێدەکەون، ناچار دەبێت رەو بکات بەرەو لامپساکۆس و پاش ماوەیەکی کەم لەوێ دەمرێت.

سەبارەت بە دادگاییکردنەکەی ئاناکساگۆراس، دایاۆجینیەس چەند بۆچوونێکی جیاجیای تۆمار کردووە: هەندێک دەڵێن کیلۆن تۆمەتی بێباوەڕیی داوەتە پاڵی، چونکە وتوویەتی خۆر بریتیە لە تۆپێکی ئاسنینی گڕاوی. بەڵام پێریکلێس کە قوتابیشی بووە داکۆکی لێکردووە و نەیهێشتووە رەوانەی مەرگ بکرێت، بۆیە لە شار دەریان کردووە. بەڵام ساتیرۆس دەڵێت، سیۆسیدیدێسی نەیاری پێریکلێس شکاتی لێکردووە و بە غیابی خۆی سزای مەرگی بەسەردا دراوە. بەڵام هێرمیپۆس دەڵێت فڕێ دراوەتە زیندانەوە بۆ ئەوەی سزای مەرگی بەسەردا بسەپێنرێت، پێریکلێس فریای کەوتووەو ئازادی کردووە، ئەویش هەست بە سووکایەتیپێکردن دەکات و شارەکە جێدەهێڵێت.

ئاناکساگۆراس یەکەمین فەیلەسوفە لە مێژووی هزری خۆراواییدا کە قسەی لەسەر پرەنسیپی رۆحی کردبێت و پێشی وابووە رۆح ژیان و فۆرم دەبەخشێت بە مادە. تێڕوانینی خۆی لە شیعرێکدا دارشتووە بە ناوی "دەربارەی سروشت" و تەنها چەند بڕگەیەکی بەدەستی ئێمە گەیشتووە.

ئاناکساگۆراس زۆر لە تێڕوانینە فەلسەفییەکانی ئاناکسیمانێسەوە نزیک بووە، بە تایبەتی کۆزکۆلۆژیاکەی ئەو، کە لای خۆیەوە زۆر درێژەی پێداوەو وردەکاریی تێدا کردووە. وەلێ لەگەڵ ئەوەدا نەبووە کە هەوا پرەنسیپی سەرەتایی بوون ببێت و شتەکان لە ئەنجامی چڕبوونەوەو خاوبوونەوەی هەوادا دروست بووبن. پێشتر پارمێنیدێس ئەم بۆچوونەی لە بناغەوە هەڵتەکاندبوو، بۆیە ئاناکساگۆراس پێی وابوو تاکە لێکدانەوە بۆ گەردوون فرەییە، نەک یەکدانەیی. بۆ نمونە ئێمپیدۆکلێس پێی وابووە کە ئێسک لە خاک و هەواو ئاو و ئاگر دروست بووە، هەر یەکەیان بە رێژەیەکی گونجاو بەشداریی کردووە لە پێکهێنانیدا، بۆیە دەشێت دیسانەوە جیاببنەوەو رەگەزە بنچینەییەکان بێنەوە بەرهەم. بەڵام لای ئاناکساگۆراس، نەک تەنها خاک و هەواو ئاگرو ئاو مادەی بنەڕەتین، بەڵکو خوێن، زێڕ، موو، ئێسک..هتد ئەمانیش هەموویان مادەی بنەڕەتین و قابیلی ئەوە نین کەرت بکرێن بۆ بەشی بنەڕەتیتر.

بەبۆچوونی ئاناکساگۆراس خۆر بەردێکی سپی گەرمەو مانگیش هەمان پێکهاتەی زەوی هەیەو تیشکی خۆر پەرچدەکاتەوە، هەر ئەم بۆچوونانەش بوو کە بوونە هۆی ئەوەی گومانی بێباوەڕی لێبکرێت و دادگایی بکرێت، وەک لەسەرەوە باسکرا.

گەرچی وەک ئەرەستۆ دەڵێت ئاناکساگۆراس لە ئیمپیدۆکلێس گەورەتر بووە، بەڵام دوای ئەو دەستی کردووە بە نوسین و لە زۆر رووەوە لەگەڵ هزری ئەودا یەکدەگرێتەوە. بەڵام تێڕوانینەکەی ئێمیدۆکلێسی بەدڵ نەبووە کە دەیووت بوون لە (خاک و هەواو ئاگر و ئاو پێکهاتووە). زیاتر پێی وابوو کە سەرەتا هەموو مادەکان وەکو شێوەیەک لە شێوەکانی تۆو یان ئەتۆمی جیاجیا پێکەوە بوون و پاشان هەریەکەی بەشێوەیەکی تایبەتی گەشەی کردووە. ئەو تۆوانە، یان ئەتۆمانە یەکەی پێکهێنەری هەموو مادەکانی ناو سروشتن. لەمەشەوە پێی وابووە خەسڵەتی تایبەتی ئەتۆمەکان بووەتە هۆی جیاوازی نێوانی ماتریاڵەکان. بە گوزارشتێکی تر لە سەرەتادا هەموو شتەکان پێکەوە بوون و بەشێوەیەکی ناکۆتا بچووک بوون، هیچ شتێک روون نەبوو، بە هۆی بچووکییانەوە خەسڵەتەکانیان نەدەناسرایەوە. پاشان ورده ورده بەهۆی کاریگەریی ئیسەرەوە هەر مادەیەک خەسڵەتی تایبەتی خۆی وەرگرت.

گەرچی ئاناکساگۆراس یەکەمین کەس بووە باس لە رۆح یان هزر بکات و جێگایەکی لە گەردوندا بۆ تەرخان بکات. بەڵام دواتر هەریەکە لە ئەفلاتون و ئەرەستۆش رەخنەیان لێگرتووەو وتوویانە ئاناکساگۆراس هزری بە هۆیەکی میکانیکی لەقەڵەمداوە، نەک رێکخەرو هارمۆنیکەری شتەکان. بەڵام ئەم رەخنانە لە بەهای ئەوە کەم ناکەنەوە کە ئاناکساگۆراس یەکەمین کەس بووە لەپاڵ مادەدا باسی لە رۆح (هزر)یش کردووە، ئەو بە هزری دەووت ناوس و پێی وابووە یەکەمین فاکتەری رووداني جووڵەیە لە نێوانی شتەکاندا، خەسڵەتەکانی ناوس زۆر دەشوبهێتە سەر ئەو پرەنسیپەی دواتر پێی وترا یەزدان.

ئاناکساکۆراس باوەڕی بە ئەفراندن و لەناوچوونی شتەکان نەبووە، بەڵکو وەکو پارمێنیدێس لەوباوەڕەدا بووە، ئەوانەی هەن ئەوانەن کە هەبوون و هەر ئەوانیش دەمێننەوەو حاڵەتێک نیە بتوانین پێی بڵێین نەبوون. لە "دەربارەی سروشت"دا نوسیویەتی:

یۆنانییەکان هەڵەن ئەگەر بڵێن شتەکان پەیدا دەبن و لەناویش دەچن. هیچ شتێک نایەتە بوون و هیچیش لەناو ناچێت، بەڵکو ئاوێتەی یەکدەگرن و لە یەکتریی جیادەبنەوە. ئەوەی هەیە یەکگرتن و جیابوونەوەیە".■

ڤۆلتێر دوژمنی مەسیحیەت و دیکارتیەت

(یەکەم داواکاریم لەخەڵکیی ئەوەیە رێز لەموڵک و ئازادی خۆی بگرێ)

ڤۆلتێر

ئارام سدیق

□ فەرەنساوەکو سەرچاوەی زۆرێک لەرۆشنبیری ئەوروپاو بوونی سەدان نوسەرو فەیلەسوفی دیار لەهەموو بوارەکانی مەعریفەدا کەزۆرێکیان چاوگەی داهێنان و نوێگەری بوون و هەوڵی ریفۆرمیان داوە لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، کەتوانیان هەم خزمەت بەکۆمەڵگەی خۆیان بکەن و هەم خزمەت بەمرۆڤایەتی بکەن. یەکێک لەو نوسەرو فەیلەسوفانە (ڤۆلتێر)ی رێبەری رۆشنگەری و نوێخوازی بوو، کە خاوەنی بەرهەمگەلێکی ناوازەو پڕ بایەخەو سەرجەمیان لەهەوڵی نوێکردنەوەی ئەقڵی مرۆڤدان رێگەیەکن بۆ تاک تا خودی خۆی و ژیان بناسێت.

دەکرێت لەم سەرەتایەوە ئاوڕێک لەکتێبێکی نوێ بدەینەوە لەسەر ژیان و هزری (ڤۆلتێر) کە (ئەندریە کریسۆن) نووسیویەتی و (رەحیم سابیر) لەعەرەبییەوە کردوویەتی بەکوردی. ڤۆلتێر لەشانتیە لەنزیک پاریس لەخێزانێکی بۆرژوازی هاتۆتە دنیاوەو کۆلێژی دادوەری ئەدەبی کلاسیک و مێژوویی و زانستی و فەلسەفەی خوێندووەو لەساڵی (١٧١٣) باوک و دایکی دەیانەوێت ببێتە پارێزەر، بەڵام ڤۆلتێر لەگەڵ ئەو پیشەیەدا نەدەگونجا، لەبەرئەوەی زۆری حەز لە شیعر نوسین بوو و لەگەڵ زۆرێک لەئەدیبانی ئەو سەردەمەدا پەیوەندی هەبوو و ئەو تێکەڵیەشی بووە هۆی پەیداکردنی ناوێک لەناو جیهانی ئەدەبداو هاوکات سەرقاڵی شیعر نووسینیش بوو و شیعرەکانی دەستاو دەست لەناو خوێندنکاراندا بڵاوبویەوەو بەهۆی ئەو رەخنانەی کە لەشیعرەکاندا دەیگرتن لەگەندەڵی و ئەو تاوانانەی کەدەیبینی، لەساڵی (١٧١٧) لەتەمەنی (٢٣) ساڵیدا بەندکراو خرایە بەندیخانەی (باستیل) و بێ دادگایکردن مایەوە تاساڵی (١٧١٨) ئازادکرا، دوای (١٥) مانگ زیندانی.

زیندان بۆ ڤۆلتێر هەلێکی باش بوو تا دەست بەنووسینی تراژیدیای (اودیب) و داستانی (پەیمان) بکات و تەواویشیان بکات و لەهەمان ساڵی ئازادکردنیدا (اودیب)ی چاپکردو توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت و لەنێو هاوڵاتیاندا دێڕەکانی بوترێتەوە. دواتر لەگەڵ (دی روهان) توشی کێشەیەک دەبێت و لەئەنجامدا دیسان بەند دەکرێتەوە لەهەمان بەندیخانەی یەکەمجار. دواتر ئازاد دەکرێت بەمەرجێک پاریس بەجێبهێڵێت ئیتر بەرەو ئینگلتەرە بارگە دەگوێزێتەوەو لەوێ نیشتەجێ دەبێت، ڤۆلتێر لەبارەی لەندەنەوە دەڵێت، سەرەڕای ئەوەی لەندەن شارێکە رێزی هونەر دەگرێت و پاداشتیش دەکرێیت، بەڵام دوو دڵ دەبی لەوەی کە لەو شارە جەنجاڵەدا ژیان بەریتە سەر، دوو رێگا هەبوو لەبەردەمیدا یان ئەوەتا (هەرکاتێک لەتوانامدا بێ بەشەرەفەوە رووبەڕووی ببمەوە) یان (کۆتایی بەژیانم بهێنم لەتەمبەڵیەکی گۆشەگیردا کەگونجاوە لەگەڵ رێگەی بیرکردنەوەم و ئەو کارەسات و زانیاریانەی بەرامبەر بەشەریەت هەمە) ژیانی غوربەت و دوور لەهاوڕێیانی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر رێڕەوی ژیانی و بیری داناو لەو نامانەدا کەبۆ هاوڕێکانی دەنارد رەنگدانەوەی بەرچاوی هەبوو.

دواتر کەفێری زمانی ئینگلیزی دەبێت و تیۆرەکانی بیکۆن و کۆک و شکسپیر دەخوێنێتەوەو بەشکسپیر سەرسام دەبێت و لەساڵی (١٧٣٠) گەڕایەوە فەرەنساو سەرەتا رێگرییان کرد، بەڵام پاشان رێیان پێدا لەوڵاتەکەی خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵام پاش بڵاوبونەوەی نامەکانی کە بە (نامە فەلسەفیەکان) ناوبرا خاوەنی ئەو کتێبخانەیەش گیراو خرایە بەندیخانەوە کەکتێبەکەی چاککردووە و بڕیار درا کتێبەکەش بسوتێنرێت. ڤۆلتێر لەرێی بیروڕاکانیەوە بووە نمونەی زیندووی بیری ئازادو ژیر، تادواجار لە (١٧٧٨/١٢/٢٠) کۆچی دوای کرد.

ڤۆلتێر هەر لەسەرەتای بڵاوکردنەوەی نوسینەکانیەوە دژایەتیەکی زۆری مەسیحیەتی دەکرد بەتایبەتی کلێسەی کاتۆلیکی، نەک هەر ئەوە بەڵکو رقی لەهەموو رێبازێک دەبۆوە کەلێبوردن نازانێ و ئیمانی لەسەر عەقڵەوە داناوە، ڤۆلتێر دەڵێ: مەسیحییەکان بێ هیچ کۆتێک خۆیان دەدەن بەدەست دوو کتێبەوە وا دەزانن کەخودا خۆی هەردووکیانی دابەزاندوە، مەسیحیەکان ئیمانی تەواوی پێدەهێنن، بەپێی ئەو دوو کتێبە بیروڕاکانیان دەچێت بەڕێوە، بەڵام ئایا ئەم ئیمانە لەسەر بنەمایەکی شەرعی دارێژراوە؟ وەڵامی ڤۆلتێر بۆ ئەوە (نەخێر)ە هۆکانی دەدۆزێتەوە کەبەشەکانی تەورات هەمان دارشتن و رەگەزێتی خۆیان نین، چۆن باوەڕ بەوە بکەین لەشوێنێکی تردا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەنابێ بڕوا بەداستان و بیروباوەڕی مەسیحیەت بهێنین، چونکە دینی مەسیحیەت تەونێکە بێ راستی و ئەگەر وەکو تاکە دینیش بێت لەجیهاندا ناتوانێ بچوکترین بەرگری لەخۆی بکات، هەروەها دەڵێ: سێ شت کاریگەری دەکاتە سەر مرۆڤ ئەوانیش (ئاووهەوا، جۆری فەرمانڕەوایی، دین) بەڵام ڤۆلتێر بڕوای بەخوا هەیەو پێیوایە هیچ شتێک لەنەبوونەوە نایەتە بوون و کەسێک هەیە کەدروستیان دەکات ئەویش خودایە، ڤۆلتێر هەموو رەفتارێکی چاکەو خراپەی مرۆڤ دەگێڕێتەوە بۆ بوونەوەرە گەورەکە (واتە خودا)، هەروەها لای ئەو دین لەسەر هەڵچوونەکان و متمانەکان دامەزراوە. بەڵام ئیمان بەخوا لەسەر دادوەریانەی ئەبستراکت و گاڵتەجاڕی داواکراو دامەزراوەو نوسینەکانیشی لەپێناو لێکبوردن و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئایین و ئاقارە جیاوازەکاندا دەنوسی.

ئەم دژایەتی کردنەی مەسیحیەت لای ڤۆلتێر بەردەوام بوو، رەنگە هەر ئەمەش بووبێتە هۆکاری ئەوەی گەورە فەیلەسوفی ئەڵمانی (نیتشە) یەکێک لەکتێبەکانی خۆی پێشکەش بەڤۆلتێر بکات و بنوسێ: پێشکەشە بەڤۆلتێر، یەکێک لەمەزنە ئازادیخوازەکانی رۆحی مرۆڤایەتی. بەڵام ئەوەمان بیر نەچێت (نیتچە)ش یەکێک بوو لەو کەسانەی دژایەتی زۆری مەسیحیەت و کلێسەی دەکردو مەرگی یەزدانی لەتیۆرە فەلسەفیەکەیدا راگەیاند، هەروەها ڤۆلتێر سەبارەت بەدین دەڵێت: (بەڵێ ئێمە دنیامان دەوێ، بەڵام بەساکاری دەمانەوێت، حەکیم بێ، شکۆمەندبێ، برواهێنان بەخوداو نزیک بونەوە لێمان، بەکورتی دەمانەوێ خزمەتی خوداو مرۆڤ بکەین) لەلایەکی ترەوە ڤۆلتێردان بەوەدا دەنێ کەدیکارت یەکێک بووە لەوانەی رێگایان بۆ عەقڵ کردۆتەوە، کەبەئازادانە بیر بکەنەوە، هەروەها دەشڵێ کەماتماتیک قەرزاری دیکارتە ئەویش بەو هەنگاوە جوانانەی کەناویەتی لەمەڕ مەسەلەی ماتماتیک، بەڵام لەگەڵ هەندێ شتی دیکارت رێ ناکەوێ و دژی رادەوەستێ و تەنانەت بەرۆماننوسێک دەڕوانێتە هەندێ کاری دیکارت. شاڵاوی قورسی دەبردە سەر مەسیحیەتەکان و دیکارتیەکان وە بێ ئیمانەکان، ڤۆلتێر داوا دەکات کەپێویستە مێشک پاک بکرێتەوە لەپڕوپووچیەتی مەسیحیەت و خەیاڵەکانی دیکارتیەت و جەختەکانی بێ بڕوای و پڕوپووچەکانی رۆسۆ، داوا دەکات بەهەموو کەرەستیەک و بەپێی پرۆسەیەکی لەسەرخۆ ئەو بیروباوەڕانە بڕوخێنن و لەجیاتیان بیرێکی نوێ دابنرێت، ڤۆلتێر بەپێچەوانەی دیکارتەوە رێگای ئەزمونی گرتەبەرو وای دادەنا کەئەزموون عەقڵمان راپێچ دەکات و بەرەو پێشەوەی دەبات و بوارمان کەهەندێک باوەڕی بێت لەیەقینەوە دەتوانین وەڵامی هەندێکیان بدەینەوەو گومانیان لەسەر لابەرین، هەروەها سەبارەت بەبوونی خودا ڤۆلتێر وادەبینێ کەعەقڵ لەو بوارەدا دەگاتە سەلمێنە یەکلایکەرەوەکان، هەروەها بوونی هەموو بوونەوەرەکانی دەگەڕێنرێتەوە بۆ هۆیەکی سەرەکی واتە رەگەزی هەموو بوونەوەرەکان کەئەویش خودایە، وەک سور درەوشانەوەی هەسارەکان یان جەستەی مرۆڤ هەروەک خۆی دەڵێ (کاتێک سەیری جەستەی مرۆڤێک دەکەم وادەبینم کەبونەوەرێکی ژیر ئەو ئەندامانەی بەیەک گەیاندووە، چاوی دروست کردووە بۆئەوەی ببینێ، دەستیش بۆئەوەی شتی پێبگری، ئەم بەڵگانە وەک ڤۆلتێر دەیبینێ کۆنن، بەڵام لەبایەخدانی خۆیان کەم ناکەنەوە)، لەبەرئەوەی کاتێک دارێک لەزەوی دەڕوێت و دێتە دەرێ لەگەڵ خۆیدا گەڵاو بەر دەرناکات، کەواتە هیچ شتێک لەخۆڕسکەوە نیە، خودا دروستمان دەکات و ئەندامان هەیەو گەشە دەکات، لەگەڵ گەشەکردندا وامان لێدەکات ئەوەی کەپێویستە بۆ پاراستنمان پێی هەستین. بیرۆکەی فەلسەفەی ڤۆلتێر لەم رستەیەدا دەردەکەوێ کەدەڵێ (خودا بپەرستەو کەسێکی چاکبە) ڤۆلتێر هەموو شتێکی چاکەو خراپە دەگەڕێنێتەوە بۆ بوونەوەرە گەورەکە واتە خوداو هەموو شتێکی خراپ و شەڕ دەگەڕێنرێتەوە بۆ مرۆڤ لەبەرئەوەی مرۆڤ کەم دەزانێ و ئەو راستیانەش بەسن بۆئەوەی مرۆڤ بیرو باوەڕەکانی خۆی پێڕێک بخات و خۆی پێوە بەرێت بەڕێوە، هەروەک دەڵێ: لای بوونەوەرە گەورەکە (واتە خودا) شتێک نیە ناوی شەڕ بێ: ئەو تەنیا ئەو ئامێرە گەورەیە دەخاتەگەڕ کەیاسا نەمرەکان بێوەستان دەیبزوێنن (شەڕ بۆ ئێمەیە نەک بۆ خودا)، یەکێکیتر لەچەمکە فەلسەفیەکانی تر کەڤۆلتێر جەختی لەسەر کردووەو پشتگیری لێدەکات ئازادیی تاکە، ڤۆلتێر دەڵێ: سەربەستی تەواوەتی توانای خۆیەتی، کاتێک دەتوانم شتێ بکەم کەدەمەوێ سەربەستیم واتە هەڵنەستم بەکارێکی خراپ تا ئەو کاتەی بیرم بەڵگە بۆ دەهێنێتەوە کەحەتمەن ئەو کارە خراپە زاڵبم بەسەر حەزێکدا ئەوکاتەی کەدەبینم بیرم مەترسیەکەیم پێ نیشان دەدات. ئێمە خاوەنی سەربەستین زۆرجار گەورەیمان دەچرپێنێ بەگوێماندا کەسەربەستیمان لەوە گەورەترە وا دێتە پێش چاومان کەخاوەنی توانایەکی واین کەئاوەز نەتێدەگات و نەقبوڵیشی دەکات دەربارەی ئەوەی کەئێمە دەمانەوێ بەمەش حەتمیەتی ئاکار تەنها وشەیەکی بۆگەنە. دواجار دەتوانین بڵێین ڤۆلتێر تاکە فەیلەسوف و نوسەرێکە کەزۆرترین پشتگیری لەئازادی تاک و سەربەستی عەقڵی مرۆڤەکان کردووەو دوژمنی دەمارگیری و دەمارگیرەکان بووەو هەوڵی ئەوەی داوە تۆوی لێبووردەیی لەدڵی مرۆڤەکاندا بچێنێ و کە ئەمە رەنگدانەوەیەکی زۆری لەنوسینەکانیدا هەبووە.

دەستخۆشی بۆ کاک "رەحیم سابیر" و کتێبفرۆشی "سۆران" بۆ لەچاپدانی ئەم کتێبە■

لای بوونەوەرە گەورەکە (واتە خودا) شتێک نیە ناوی شەڕ بێ: ئەو تەنیا ئەو ئامێرە گەورەیە دەخاتەگەڕ کەیاسا نەمرەکان بێوەستان دەیبزوێنن (شەڕ بۆ ئێمەیە نەک بۆ خودا)

laparakan.qxd 03/02/1426 09:47 ã Page 8

ده پرسیاری بناغه‌یی.. گفتوگۆ له‌گه‌ڵ ڕه‌زا به‌راهێنی

بابه‌کر دڕه‌یی کردویه به‌کوردی



□ **پرسیار: مه‌عنای ژیان چیه؟**

ڕه‌زا به‌راهێنی: ژیان له‌خودی خۆیدا بێ مه‌عنایه. به‌ڵام واتای ژیان له‌وه‌دایه که‌چ واتایه‌کی پێ ببه‌خشین. بۆ نمونه: ژیان بێ عیشق بێ مه‌عنایه.

پرسیار: به‌خته‌وه‌ری‌و به‌دبه‌ختی چۆن چۆن پێناسه ده‌که‌یت؟ ئه‌وپه‌ڕی شادی‌و چڵه پۆپه‌ی بێ به‌ختی مرۆڤ به‌لای تۆوه چییه؟

ڕه‌زا به‌راهێنی: من لام خۆش بو سیمای جوانێک بخه‌مه سه‌ر سنگم‌و بمرم به‌ڵام نه‌کرا. ژیان له‌وه پیسکه تره. ئه‌و ئازاره‌ی مرۆڤی ئاگا هه‌ستی پێده‌کات بێ کۆتاییه.

"به‌خته‌وه‌ری" ژیانێکی ئازاده له‌ته‌نیشت که‌سێکه‌وه که‌ئینسان خۆشی ده‌وێت. واته خه‌یاڵ.. پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه‌یش کابوسه.

پرسیار: به‌ناچاری یان به‌ئاره‌زوو (جه‌بر یان ئیختیار)؟ ئایا مرۆڤه‌کان، چ تاکو چ کۆمه‌ڵ، سازده‌ری مێژووی خۆیانن، یان کۆیله‌ی چاره‌نوسێکی دیاریکراوو حه‌تمین؟

ڕه‌زا به‌راهێنی: له‌دایکبونی مرۆڤ به‌ده‌ست خۆی نیه‌و تاڕاده‌یه‌ک ناچارییه (جه‌برییه). به‌ڵام له‌وانه‌یه مرۆڤ بتوانێ مردنی خۆی له‌ڕێگای چاودێرییه‌وه پاش بخات. تاک‌و کۆمه‌ڵ جگه له‌کاتی شیره‌خۆره‌یی‌و منداڵی‌و شێتی‌و زیندان‌و پیری دا، به‌شێوه‌ی تاکه که‌سی‌و به‌کۆمه‌ڵ، خولقێنه‌ری مێژووی خۆیانن. ئه‌و که‌سه‌ی خۆی به‌کۆیله‌ی چاره‌نوسێکی دیاریکراوو حه‌تمی بزانێ له‌واقیع دا مردویه‌کی بزۆزه.

پرسیار: داهاتووی کۆمه‌ڵگه‌ی ئینسانی چۆن ده‌بینیت؟ هه‌ڵکشان یان ته‌پین؟ به‌داهاتوی مرۆڤ گه‌شبینیت یان ڕه‌شبین؟

ڕه‌زا به‌راهێنی: وه‌ڵامی به‌شی یه‌که‌م: هه‌ڵکشان. به‌شی دووه‌م: گه‌شبین به‌ڵام هه‌م پرسیارو هه‌م وه‌ڵام هه‌ردوکیان ئێجگار گشتین.

پرسیار: له‌ناو هه‌موو ئاوات‌و ئایدیاله ئینسانیه‌کاندا کامیان فه‌لسه‌فه‌ی ژیانی تۆ به‌یان ده‌کات؟

ڕه‌زا به‌راهێنی: له‌گه‌ڵ پاراستنی جیاوازی تێڕوانین دا، هه‌بوونی ژیانێکی یه‌کسان له‌گه‌ڵ ئه‌وانیتردا. وه له‌هه‌مان کاتدا چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌ی که‌ئه‌وانیتریش ئه‌م یه‌کسانیه‌یان به‌جیاوازی تێڕوانینه‌وه بوێت. ئه‌مه جۆرێکه له‌سۆشیالیزم، به‌ڵام نه‌ک له‌وجۆرانه‌ی تائێستا هه‌مانبون.

پرسیار: خوا چیه؟

ڕه‌زا به‌راهێنی: گه‌وره‌ترین ڕۆمانی هه‌موو سه‌رده‌مه‌کان.

پرسیار: چۆن ته‌ماشای مردن ئه‌که‌یت؟

ڕه‌زا به‌راهێنی: هه‌ر به‌و جۆره‌ی مردن ته‌ماشای من ئه‌کات که له‌ڕاستیدا ته‌ماشا ناکات! مردنیش له‌مبه‌ره‌وه دێته به‌رباس. له‌ولای مردنه‌وه مردن بونی نییه. مردنی من له‌گه‌ڵ مردنی مندا ده‌مرێت.

پرسیار: عه‌داله‌ت چۆن پێناسه ده‌که‌ی؟

ڕه‌زا به‌راهێنی: سازدانی زه‌مینه‌ی گه‌شه‌سه‌ندن‌و په‌روه‌رده‌بونی توانایی‌و هۆش‌و خه‌یاڵی مرۆڤه‌کان له‌چوارچێوه‌یه‌کی یه‌کساندا بۆ هه‌موان. ئه‌م کاره پێویستی به‌له‌ناوبردنی گشت بناغه‌کانی چه‌وسانه‌وه هه‌یه.

پرسیار: ئایا بڕوات به‌سروشتی مرۆڤ هه‌یه، ئایا گه‌شبینیت به‌خه‌سڵه‌تی مرۆڤ؟

ڕه‌زا به‌راهێنی: بڕوام به‌خه‌سڵه‌تی مرۆڤ نییه. مرۆڤ له‌هه‌ر چرکه‌یه‌کی ژیانیدا خه‌سڵه‌تێکی تازه په‌یدا ئه‌کات. ته‌نها دارو به‌ردو ئاژه‌ڵ خه‌سڵه‌تی نه‌گۆڕیان هه‌یه. مرۆڤ هه‌میشه له "لێوار"دا ده‌ژی.

پرسیار: گه‌وره‌ترین ده‌رسی ژیان چیه؟ به‌نرخترین ڕاستیه‌ک که‌په‌یت پێ بردبێت کامه‌یه؟

ڕه‌زا به‌راهێنی: خه‌بات دژی زۆردار به‌جۆرێک که‌ڕێگا له‌زۆرداری دواتر بگیرێ. ژیان له‌ته‌نیشت که‌سێکه‌وه که‌مرۆڤ خۆشی ئه‌وێت. به‌خته‌وه‌ری له‌وه باڵاتر بونی نیه. چونکه ناو خه‌یاڵ‌و خه‌وبینین به‌خه‌ڵوه‌تێکی تره‌وه. خولیای تاقیب کردنی خه‌ونه هاوبه‌شه‌کان.

حه‌قیقه‌ت به‌رده‌وام له‌حاڵه‌تی پاشه‌کشێدایه به‌ره‌و ئاینده. هه‌وڵدان بۆ دۆزینه‌وه‌ی (حه‌قیقه‌ت) زۆر گرنگتره له‌پێناسه‌کردنی.

وه‌رگیراوه له‌گۆڤاری پرسش ژماره (۳)، ۲۰۰۱ ئه‌مریکا■

گه‌ڕان به‌دوای ڕاستی له‌پێشه‌کی ڕۆمانی (ساڵی ئاشووب)دا

نه‌به‌ز

□ ئه‌م کورته نوسینه، ڕۆچون نییه به‌ناو جیهانی ئه‌فسوناوی ڕۆمان‌و، ڕه‌خنه‌ش نییه له‌وه‌ی، خوێنه‌ری ڕۆمان له‌کوردستاندا که‌من. یان ڕۆمان نوسینیش له کوردستاندا، هێشتا له قۆناغی پشکوتندایه. نوسینه‌که ڕانانی ڕۆمانی (ساڵی ئاشوب)یش نییه، که‌ڕۆمانێکه له‌ناو خوێنه‌ری کورددا، به‌هۆی وتارێکی (شه‌هرامی قه‌وامی)یه‌وه گوڵمه‌زێکی نایه‌وه، چونکه له‌و وتاره ڕه‌خنه‌ییه‌دا، شه‌هرام به‌زوردێی له‌نێوان ڕۆمانی (ئێواره‌ی په‌روانه‌ی به‌ختیار عه‌لی‌و (ساڵی ئاشووب)ی عه‌باسی مه‌عروفیدا کردووه، سه‌ره‌نجام شه‌هرام به‌ره‌نجامێکی بۆ ساغ بۆته‌وه که‌گوایه: به‌ختیار عه‌لی، ناوه‌ڕۆک و هه‌وێن‌و چنینه‌وه‌ی (ئێواره‌ی به‌شی زۆری ته‌مومژه‌که ڕه‌ویه‌وه. قسه‌ی ئێمه‌ش له‌سه‌ری ئه‌وه‌یه که‌بڵێین:

کاکه محه‌مه‌د.. کارێکی ئێجگار جوانی کردووه که‌ڕۆمانه‌که‌ی وه‌رگێڕاوه. جوانی ئه‌م کاره زۆرتر له‌وه‌دایه وه‌رگێڕ به‌دوای ڕاستیدا گه‌ڕاوه. نه‌ک ته‌نها به‌دوای وه‌رگێڕانی ڕۆمانێکدا. ئه‌م گه‌ڕانه به‌دوای ڕاستی، به‌ڕاستی لای که‌م نوسه‌ر هه‌یه. به‌تایبه‌تی ئه‌م چه‌شنه ڕاستیانه‌ی له‌ناو دونیای ڕۆمان‌و به‌راوردکاری ئه‌ده‌ب دا، هه‌یه.

زۆر گرنگه.. نوسه‌رێک، یان وه‌رگێڕێک، یاخود ڕه‌خنه‌گرێک، خه‌می هه‌میشه‌یی هه‌بێ‌و خولیای دۆزینه‌وه‌ی ڕاستیش، هانی بدا ئه‌رکی قورس ڕابپه‌ڕێنێ. ئه‌م خه‌م‌و خولیایه، لای هه‌رکه‌س‌و

جوانی ئه‌م کاره زۆرتر له‌وه‌دایه وه‌رگێڕ به‌دوای ڕاستیدا گه‌ڕاوه. نه‌ک ته‌نها به‌دوای وه‌رگێڕانی ڕۆمانێکدا. ئه‌م گه‌ڕانه به‌دوای ڕاستی، به‌ڕاستی لای که‌م نوسه‌ر هه‌یه. به‌تایبه‌تی ئه‌م چه‌شنه ڕاستیانه‌ی له‌ناو دونیای ڕۆمان‌و به‌راوردکاری ئه‌ده‌ب دا، هه‌یه

په‌روانه)ی له‌(ساڵی ئاشووب)وه ده‌قاوده‌ق وه‌رگرتووه. ئه‌م ڕه‌خنه به‌راورد کارییه، ماوه‌یه‌ک گۆڤارو خوێنه‌واری کوردی سه‌رقاڵ کردبوو. هه‌تا وه‌رگێڕانی ڕۆمانی (ساڵی ئاشووب) و نوسینی پێشه‌کی وه‌رگێڕانه‌که، مقۆ مقۆ له‌سه‌ر ئه‌و کێشه‌یه‌ی (شهرام) نابویه‌وه، هه‌ر مابوو. به‌ڵام له‌دوای ئه‌م ئه‌رکه‌ی (مه‌حه‌مه‌د که‌ریم) بۆ وه‌رگێڕانی (ساڵی ئاشووب - عه‌باسی مه‌عروفی)، نوسه‌رێک نه‌بێ، بێگومان ئه‌و که‌س‌و نوسه‌رانه ناتوانن نه‌خشێکی جوان بخه‌نه سه‌ر ته‌لاری جوانکاری نوسین‌و ڕه‌خنه. به‌ده‌ر له‌هه‌موو بیروڕایه‌کی جیاواز، له‌سه‌ر سه‌رجه‌م ڕاستیه‌کان‌و کێشه‌کان.. له‌ناو دونیای ڕوناکبیری کوردیدا، که‌هه‌ن، له‌ناخی دڵه‌وه ده‌ست خۆشی له (مه‌حه‌مه‌د که‌ریم) ده‌که‌ین بۆ ئه‌م کۆشش‌و به‌رهه‌مه‌ی.■

رۆشنتر له خامۆشی

عه‌بدوڵڵا تاهیر به‌رزنجی

□ ئافره‌ت به‌درێژایی مێژوو چه‌وسێنراوه‌ته‌وه. هه‌میشه په‌راوێز خراوه، پیاو بووه به‌سه‌روه‌ر‌و ئه‌ویش به‌پاشکۆ.. بۆیه شتێکی سروشتییه ئافره‌تان بکه‌ونه جموجوڵ بۆ نه‌هێشتنی ئه‌م سته‌مه ته‌مه‌ندرێژه، که‌له‌ئه‌نجامیا بزوتنه‌وه‌ی فیمینیزم سه‌ریهه‌ڵداوه و پیاوی ڕۆشنفکرو ئازادیخوازیش له‌نزیکه‌وه پشتی بزوتنه‌وه‌که‌ی گرتووه..

فیمینیزم یا بزوتنه‌وه‌ی مێگه‌ری یا مێینیزم چه‌ند هاوپشتی له‌نێوان پیاواندا هه‌بوبێت‌و هه‌بێ، چه‌نده‌ها که‌سیش له‌نێرو مێ ڕه‌خنه‌ی زۆریان لێگرتووه. ته‌نانه‌ت هه‌ندێک هه‌ر به‌تیۆریشیان دانه‌ناوه به‌ڵکو پێیان وایه کۆمه‌ڵێک ڕه‌خنه‌ی بچڕ بچڕه له‌سته‌می دژ به‌ئافره‌ت‌و به‌نزمزانینی، به‌ڵام هه‌یشن واده‌بینن فیمینیزم بریتیه له‌کۆمه‌ڵێک بۆچوون‌و و ڕێباز که‌له‌چه‌وساندنه‌وه‌ی ئافره‌تان ده‌کۆڵنه‌وه، هۆکاره‌کانی ده‌ستنیشان ده‌که‌ن‌و هه‌وڵئه‌ده‌ن چاره‌ی بۆ بدۆزنه‌وه. واته کۆمه‌ڵێک هه‌ڵوێستی کۆمه‌ڵایه‌تی پێکده‌هێنن بۆ گۆڕینی ئه‌و حاڵه‌ته فه‌وقییه‌و به‌دیهێنانی مافی یاسایی‌و سیاسی‌و یه‌کسانی‌و مافی سه‌ربه‌خۆیی.

له‌گه‌ڵ په‌ره‌سه‌ندنی فیکرو ڕۆشنگه‌ری‌و پێشکه‌وتنی مافی مرۆڤدا بزوتنه‌وه‌ی مێگه‌ری پێشکه‌وت.

ئه‌شێت زۆر وێستگه هه‌بن ده‌ستنیشان بکرێن بۆ سه‌ره‌تاو په‌ره‌سه‌ندن له‌بواری مێگه‌ریدا له‌وانه ئه‌و شۆڕشانه‌ی که‌شتگه‌لێکیان وروژاند په‌یوه‌ندییان به‌مافی مرۆڤه‌وه هه‌بوو، وه‌ک شۆڕشی فه‌ره‌نساو ئه‌مریکا، یا ئه‌و کارنامه‌ی که‌ساڵی ۱۷۹۲ ماری ولستونکرافت بۆ داکۆکیکردن له‌مافی ئافره‌ت نوسی‌و بڵاویکرده‌وه. یاخود داواکردنی ده‌نگی مافدان بۆ ئافره‌ت، ئافره‌تانی والێکرد زیاتر له‌یه‌کتر نزیکببنه‌وه‌و خۆیان کار بۆ کێشه‌که‌ی خۆیان بکه‌ن.

دیاره پێش سه‌رهه‌ڵدانی فیمینیزم‌و په‌ره‌سه‌ندنی، مێژووی کۆن‌و نوێیش که‌سان‌و بیرمه‌ندو ئازادیخواو ئافره‌تی به‌خۆوه بینیوه که‌داکۆکیان له‌ئافره‌ت کردووه، به‌ڵام نه‌ک به‌شێوه‌ی بزوتنه‌وه‌یه‌کی مێینه‌ی ئازاد. سه‌ده‌ی نۆزده سه‌ده‌یه‌کی به‌پیت بووه بۆ ئاوڕدانه‌وه له‌م کێشه گه‌رمه، هه‌روه‌ها په‌ره‌سه‌ندنی زانست خۆی‌و پێشکه‌وتنی ئیشکردنه‌وه‌ی ده‌روونی ڕۆڵێکی چاکیان له‌م بواره‌دا هه‌بووه، هه‌رچه‌نده له‌نێو بزوتنه‌وه‌ی مێگه‌ریدا نووسه‌ری وا هه‌یه که‌شیکردنه‌وه‌ی ده‌روونی لای فرۆید به‌دژێک بۆ ئافره‌تان دائه‌نێت‌و خۆبه‌نزمزانینیان لا قوڵتر ده‌کاته‌وه.

ناوه‌ڕاستی سه‌ده‌ی نۆزده‌و سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیست کاری چاکی تیا کرا تا مافی سیاسی ئافره‌تان بچه‌سپێت. ده‌یه‌ی شه‌ست‌و به‌ره‌و ژوورتر وه‌ک چۆن ده‌یه‌ها قوتابخانه‌و بزوتنه‌وه‌ی ڕۆشنبیری‌و ئه‌ده‌بی تیا ده‌رکه‌وت ئاوه‌هایش و به‌هه‌مان شێوه فیمینیزم هه‌نگاوی به‌گوڕتر و فراوانتری نا بۆ به‌ربڵاوبونی زیاتر بۆ یه‌کسانیی نێوان هه‌ردو ڕه‌گه‌زه‌که‌و هه‌وڵدان بۆ سڕینه‌وه‌ی جیاوازی دروستکراو ڕه‌خساندنی سه‌ربه‌ستی بواری په‌یوه‌ندی جنسی.

ڕێبازه‌کانی نێو بزوتنه‌وه‌ی مێگه‌ری بۆ خۆیان ده‌لاله‌ت له‌گوڕوتین‌و هه‌مه‌چه‌شنی و فره‌یی ده‌که‌ن، وه‌ک ڕه‌وتی لیبراڵی‌و مارکسی‌و ڕادیکاڵی‌و سایکلۆجی‌و مێگه‌ری ئیشتراکی وجودی‌و فیمینیزمی پاش نوێگه‌ری..

بێومان فیمینیزم لایه‌نگری زۆره به‌ڵام هه‌یشن دژی ده‌وه‌ستن. به‌تایبه‌تی دژی ئه‌وانه‌ی که‌توندڕه‌وی ده‌نوێنن و کاره‌که والێده‌که‌ن به‌نزمی سه‌یری ڕه‌گه‌زی به‌رانبه‌ری خۆیان بکه‌ن. به‌ڵام فیمینیزم چه‌ند به‌مه‌نتیق و عه‌قڵ کار بکات ئه‌وه‌نده پرۆژه‌ی خۆی مسۆگه‌ر ده‌کات. هه‌ندێک توندڕه‌وی له‌لایه‌ن ئافره‌تان خۆیشیانه‌وه ڕه‌تده‌کرێته‌وه. بۆ نموونه په‌نابردنه به‌ر شێوازی توندوتیژی بۆ به‌دیهێنانی ماف به‌هیچ جۆرێک خزمه‌تی فیمینیزم ناکات بگره له‌ڕۆژئاوایشدا په‌سه‌ند ناکرێت.

وتمان ساڵانی شه‌ستی سه‌ده‌ی ڕابردوو ده‌یه‌یه‌کی پرشنگ بوو بۆ سه‌رهه‌ڵدانی بزوتنه‌وه‌ی فیکری‌و ڕه‌خنه‌یی فیمینیزم‌و .. هتد به‌ڵام له‌هه‌مان ده‌یه‌دا و له‌ناو بزوتنه‌وه‌ی مێگه‌ریدا کۆمه‌ڵه‌ی سه‌یرو توندڕه‌و سه‌ریهه‌ڵداوه، له‌وانه کۆمه‌ڵه‌ی (له‌تکردنی جه‌سته‌ی پیاوان) که‌زۆر به‌توندی دژی پیاو وه‌ستاونه‌ته‌وه‌و پیاویان کوشتوه‌و له‌سه‌ر شتێکی بچوک ئافره‌ت خۆشه‌ویستی خۆی له‌ناو داوه‌و باوه‌ڕیان به‌نه‌رمی نه‌بووه له‌گه‌ڵ پیاودا.

فیمینیزم به‌وجۆره‌ی که‌جه‌خت له‌سه‌ر نه‌هێشتنی چه‌وساندنه‌وه‌و چه‌سپاندنی یه‌کسانی‌و مرۆڤدۆستی بکات ئه‌وه لایه‌نگری له‌هه‌ردوو ڕه‌گه‌زه‌که‌دا زیاتر ده‌بێت، واته لایه‌نه مه‌نتیقییه عه‌قڵانییه‌که، به‌ڵام فیمینیزمی وه‌ک کۆمه‌ڵه‌ی (له‌توپه‌تکردنی جه‌سته‌ی پیاوان) نه‌ک خزمه‌تی بزوتنه‌وه‌ی مێگه‌ری ناکات به‌ڵکو دژی بۆ زۆر ده‌کات‌و لایه‌نگری که‌مده‌کاته‌وه.

به‌ڵێ فیمینیزم به‌ڵام چ جۆرێک؟

فیمینیزمێک که‌له‌چوارچێوه‌ی مرۆڤایه‌تی ده‌رنه‌چێت. فیمینیزمێک دژی توندڕه‌وی‌و توندوتیژی بوه‌ستێته‌وه، ئیتر له‌هه‌رکوێی ئه‌م جیهانه‌دا بێت.■

laparakan.qxd 03/02/1426 09:47 ã Page 9

میکانیزمی پیادەکردنی عەرەبچێتی

سەلام عەبدولکەریم

▫ هەموو بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیایەک دوای فۆرمەلەبوونی، پێویستی بەچەند میکانیزمێک هەیە بۆ پیادەکردن و بڵاوکردنەوە و تەنانەت سەپاندنیشی، عەرەبچێتی وەکو بیرۆکەیەک، بۆئەوەی بەسەر نەتەوە موسوڵمانە ناعەرەبەکاندا بسەپێت، پێویستی بەچەند میکانیزمێک هەبوو، هەرلەپاساو هێنانەوەی شەرعی و ئاینی، تا دەگاتە فەرموودە دروستکردن و هەڵبەستن بەناوی پێغەمبەرەوە (د.خ)، تا دەگاتە بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری. هاوکات ئەم میکانیزمانە خۆی لەخۆیدا هۆکارو بنەمای گەورەو گرنگیش بوون لەکاردانەوەی گەلانی ناعەرەب و رەتکردنەوەی عەرەبچێتی لەو فۆرمانەدا، کەهیچ بنەمایەکی ئاینی و مرۆیی پشتگیری لێنەدەکردن و دواجار پەرچەکرداری ئەم میکانیزمانە و سەرهەڵدانی شۆڕش و گەشەکردنی بزاڤ و جموجۆڵی گەلانی ناعەرەب بوو دژ بەسەپاندنی تێزو شێوەکانی عەرەبچێتی بەسەریاندا، بێگومان ئەم بزاڤەش کەمیکانیزمەکانی عەرەبچێتی رەتکردەوە، هەر بەناوی ئاین و جەخت کردنەوە لەدادپەروەری کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی دەقەکانی قورئان و فەرموودەوە سەرچاوەی دەگرت، کەدروشمی دژە عەرەبچێتی ئایەتی (یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا، ان اکرمکم عند الله اتقاکم) بوو، لەگەڵ فەرموودەی (لافرق بین عربی وعجمی الا بالتقوی) و خەباتەکەشی پێی دەوترا خەباتی خەڵکانی یەکسانیخواز (اهل التسویة) بەڵام تەسکبینی ئاینی و عەرەبچێتی ئەم خەباتە مەدەنیەی نەخوێندەوە، تا کار گەیشتە توندکردنی خەباتی دژە عەرەبچێتی و سەرئەنجامەکەشی سەرکەوتن بوو بەسەریدا، لەیەکێک لەقۆناغە مێژووییەکان. دەشێ لێرەوە پوختەی میکانیزمەکانی پیادەکردنی عەرەبچێتی دیاری بکەین

پاساو هێنانەوەی شەرعی و ئاینیانە:

بەتەنیشتی تەئویلی سیاسی و دەسەڵاتەوە، هەمیشە پاساو هێنانەوەی شەرعی و ئاینیانە یەکێک لەمیکانیزمە سەرەکییەکانی سەپاندنی هەر بیروبۆچوون و ئایدۆلۆجیایەکی پێکهێناوە لەگوتاری ئاینیدا، ئەگەر ئەو بیروبۆچوون و ئایدۆلۆجیایەش تەنانەت لەناوەڕۆکدا دژو ناتەبا بووبن لەگەڵ پێوەرە ئاینیەکاندا، سەپاندنی عەرەبچێتی لەسەرەتاوە تا رۆژگاری ئەمرۆ هەمیشە پشتی بەپاساوی شەرعی و ئاینیانە بەستووە، بەوەش دەسەڵاتداران هەندێ زاناو کەسی شارەزایان راسپاردووە یاخود ناچار کردووە لەژێر بارودۆخێکدا، شەرعیەت بەکارو کردەوەکانیان بدرێت، لەڕووانگەی پیادەکردنی شێوەکانی عەرەبچێتییەوە، ئەگەر سەیری سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بکەین. کە یەکێک بووە لەو خەلیفەو کاربەدەستە ئومەوییانەی کەپێش ئەوەی ببێ بەخەلیفە، ئەوەندە لەخواترس و ئیماندار بووە، کەپێی وتراوە (کۆترەکەی مزگەوت، حماقه المسجد)، بەڵام کەدێتە سەر تەختی دەسەڵات ئیتر دەگۆڕێ و ئەوەی لەهەندێ پەڕاودا پێی دەوترێ چاکسازی و ئیسلاحاتەکانی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان، هیچی دیکە نەبوو، جگە لەسەپاندنی چەند فۆرمێک لەفۆرمە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی عەرەبچێتی لەکۆمەڵگەی ئەو سەردەمەدا، گۆڕینی دیوانەکانی دەوڵەت بۆ زمانی عەرەبی، یەکێکە لەمیکانیزمەکانی پیادەکردنی تێزی عەرەبچێتی، چونکە لەو کۆمەڵگەیەدا کەعەبدولمەلیکی کوڕی مەروان خەلیفەی بوو، تەنها عەرەبی لێنەدەژیا، بەڵکو فارس و کوردو نەبەتی و زۆر نەتەوەی تریشی تێدا بوون. بەڵام عەبدولمەلیک زمانی عەرەبی سەپاندو سەری خست بەسەر ئەوانی تردا بەگشتی و بەسەر زمانی فارسی بەتایبەت، چونکە تائەوکات دیوانەکان بەزمانی

جاحظ:

"دەوڵەتی ئومەوی دەوڵەتێکی عەرەبی دەشتەکی بووە"

فارسی بوون. یاخود کاتێک عەبدولمەلیک هەستا بەڕوپێوکردنەوەی زەوییەکان بەڕوپێوێکی تازەو تۆمارکردنی بەزمانی عەرەبی، ئەمە کاری کردە سەر بزواندنی هەستی نەتەوەکانی غەیری عەرەب، بەتایبەت فارسەکان(١). جگە لەوەی عەبدولمەلیک هەستا بەکشاندنەوەی پارەی کۆن کەتائەوکات دراوی رۆحی بوو، لەجێگەیدا دراوی عەرەبی لێداو دواتریش زمانی عەرەبی کردە زمانی رەسمی بۆ بەکارهێنانی لەبەڵگەنامەو نووسراوە رەسمیەکاندا، ئەمەش بەگۆڕینی زمانە یۆنانی و قیبتی و فارسیەکان بوو، کەتا ئەوکاتە لەسوریاو میسرو وڵاتی فارسی بەکاردەهات (٢).

ئەمانە نموونەن لەسەر بیری عەرەبچێتی و میکانیزمەکانی پیادەکردنی بەسەر گەلانی ناعەرەبدا، کاتێکیش عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان ئەم شێوازانەی عەرەبچێتی پیادەکرد، بۆ پاساو هێنانەوەی ناوی ریفۆرم و چاکسازی لێنان و لەلایەکی تریشەوە لەسەر بڵندگۆی خەلافەت وتی: "لەدوای ئەم رۆژە هەر کەس پێم بڵێ: لەخوا بترسە، ئەوا لەگەردنی دەدەم". بۆ ئەم پاساو هێنانەوە شەرعی و ئاینیانە بۆ خۆی جۆرێک بوون لەمیکانیزمەکانی سەپاندنی عەرەبچێتی بەسەر گەلانی ناعەرەبداو وێستگەیەک ئەوانیش یەکەمیان ناعەرەبەکان و بزوتنەوەکەیان بوون، کەزیاتر بزوتنەوەیەکی فیکری و خاوەن قەڵەم بوون(٦)، دووەمیان بەرەی شیعەکان بوون کەنفوزێکی زۆریان لەناوچە فارس نشینەکان و عێراقدا هەبووە کەشوێنی دژایەتی ئومەوییەکان و عەرەبەکاندا بوو، ئەمەش جۆرێک بوو لەقۆرغکردنی مافی کۆمەڵایەتی نەتەوە مسوڵمانە ناعەرەبەکان. جگە لەوەی دەمارگیری عەرەبچێتی عەرەبەکان گەیشتبووە ئاستێکی بەرزی وا، کەلەڕووی کۆمەلایەتیەوە ئامادەنەبوون ناعەرەبەکان وەکو

بوون بۆ بێ بەش کردن و مەحروم کردنی ئەو گەلانە لەماف و ئازادییەکانیان. یاخود کوشتنی زۆرێک لەسەرکردە سەربازییەکانی نێوەدەوڵەتی عەباسی لەلایەن خودی خەلیفەکانەوە بەپلان و نەخشە، لەبەرئەوەی عەرەب نەبوون، هەرچەندە دڵسۆزترین کەس بوون لەسەرخستنی شۆڕشی عەباسیەکاندا دژ بەئومەوییەکان، وەک کوشتنی (ئەبو سەلەمەی خەلال) لەلایەن ئەبو عەباسی سەفاحەوە و تیرۆرکردنی ئەبو موسلیمی خۆراسانی لەسەر دەستی خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسور، ئەم رووداوانەو هاوشێوەکانیان، دوورو نزیک پەیوەندییان بەسەپاندنی عەرەبچێتییەوە هەبوو، بێگومان پاساوی شەرعی و ئاینیشیان پێ بوو لەبەرامبەر کوشتنیاندا.

بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی وەک یەکێک لەمیکانیزمە گرنگەکانی پیادەکردنی عەرەبچێتی

لەهەر جێگەیەک دەسەڵاتی سیاسی وجودی هەبووبێت، لەبەرامبەریدا ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو بەهێز نەبووبێت، ئەو دەسەڵاتە وردە وردە بەرەو ئاسۆکانی تاکڕەوی و دیکتاتۆری رۆشتووە، هەمیشە عەرەبچێتی لەقۆناغەکانی مێژوودا پەیوەست بووە بەدەسەڵاتی سیاسیەوە.

ئەوەی عەرەبچێتی دەرهاویشتەی واقعێکی سیاسیە، بڕوام وانیە هێندە قبوڵ کردن و هەزم کردن و وەرگرتنی زەمینەیەکی فیکری هەبێت، تاوەکو گەلانی ناعەرەب بەسانایی قبوڵی بکەن، چونکە عەرەبچێتی دەرهاویشتەی بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی بوو کەرەگەزی عەرەبی بەرزو پیرۆز رادەگرت لەبەرامبەر رەگەزەکانی تردا، ئومەوییەکان وەکو گەورەترین گروپی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەمێژووی ئیسلامدا زۆرترین عەرەبچێتیان بەرهەم هێناوە و زیاترین شێوازی عەرەبچێتیشیان سەپاندووە بەسەر گەلانی تری ناعەرەبدا، کاتێک دەسەڵاتدار بوون.

بەجۆرێک ماوەی (٩٠) نەوەد ساڵ فەرمانڕەوایەتیان کردووە، کەتیایدا رەگەزی عەرەبی کۆڵەکەو سەرخەرو خاوەنی دەسەڵاتی رەها بووە(٣) تەنانەت کاردەگاتە ئەو رادەیەی کە (جاحظ) بڵێ: "دەوڵەتی ئومەوی دەوڵەتێکی عەرەبی دەشتەکی بووە"(٤). بەڵگەیەکی تری بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەپیادەکردنی عەرەبچێتیدا، بریتی بوو لەمەرجی بەشداری کردنی ناعەرەبەکان لەشۆڕشی عەباسیەکاندا، دژ بەئومەوییەکان، کەدروشمی ئەو شۆڕشە بریتی بوو لە: "خستنی خیلافەتی عەرەبی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ بەپیادەکردنی یەکسانی لەنێوان عەرەب و ناعەربدا"(٥). چونکە هەر لەسەرەتاوە شۆڕشی عەباسیەکان کەوتە گفتوگۆ. لەگەڵ دوو بەرەی بەهێزدا کەخاوەنی نفوزی خۆیان بوون و هاوکات لەڕووی سیاسیشەوە جگە لەوەی هەستی عەرەبچێتیان بەسەردا دەسەپێنرا، ئەوا لەڕووی سیاسیشەوە بێ بەش کرابوون لەمافەکانیان، دیسان جێگەی پیادەکردنی عەرەبچێتیش بوو(٧).

بەکارهێنانی میکانیزمی سیاسی لای ئومەوییەکان گەیشتبووە ئاستێک، کەهەندێک لەو باوەڕەدان کەدەوڵەتی ئومەوی، دەوڵەتێکی عەرەبی بووە بەخوێن و گۆشتەوە(٨). تەنانەت پیادەکردنی شێوازی ئەم عەرەبچێتیە لەڕووە سیاسیەکەی لایدا بوو، بۆ بواری سەربازی لەدەوڵەتی ئومەویداو ئامادەنەبوون رێگە بدەن بەچوونە ناوەوەی موسوڵمانە ناعەرەبەکان بۆ نێو سوپای نیزامی عەرەبەکان، چونکە سوپاکە لەسەر بنەمای رەگەزایەتی دامەزرا بوو، هاوکات لەکاتی پێویستیش نەبووایە پشتیان بەموسوڵمانە ناعەرەبەکان نەدەبەست و لەشەڕیشدا بەخۆبەخش و پیادە نەبووایە، ئەوا قبوڵیان نەدەکردن و مانگانە موچەشیان پێنەدەدان(٩). ئەم بەکارهێنانەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ پراکتیزەکردنی عەرەبچێتی سەرەتایەک بوو بۆ رێگە خۆشکردن بۆ گواستنەوەی بەرەو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئەو بوارانەش وەک دەسەڵات و میکانیزمێکی توند بەکارهێنا بۆ پەرەپێدان و چەسپاندنی عەرەبچێتی.

سەپاندنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی وەک پانتاییەک بۆ پیادەکردنی راستەوخۆی عەرەبچێتی

یەکێک لەو تەوەرانەی کەعەرەبچێتی و ئەم هەست و بیرۆکەیە کاری لەسەر دەکات، بریتیە لە بواری کۆمەڵایەتی و هێنانە ئارای مەسەلەکانی (هاوڵاتی پلە یەک و هاوڵاتی پلە دووە، دەسەڵاتدارو خزمەتکار، خاوەن ماڵ و میوان، زۆر شتی دیکەش، ئەم دەسەڵاتە کۆمەڵایەتیە بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان چەکێکی کوشندە بوون هەم بۆ رەگ داکوتانی سەرەتایی و هەمیشەییانەی عەرەبچێتی، دیسان هەم بۆ دروستکردن و دیاریکردنی هێڵەکانی نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێر دەست، عەرەب هەمیشە خۆیان بەهاوڵاتی پلەیەک و نەتەوەی سەردەست زانیوە و نەتەوەکانی دیکە هاوڵاتی پلە دوو، نەتەوەی ژێر دەست، هەمیشە رەگەزی خۆیان بەرز راگرتووە و رەگەزی نەتەوەکانی بەرامبەرو ژێر دەستیان نزم و تێکشکاندووە. ئەم خۆبەرز راگرتن و تێکشکاندنەی نەتەوەکانی تر. سەرچاوەکەی عەرەبچێتیە. تەنانەت دەگێڕنەوە لەسەردەمی ئومەوییەکاندا ترۆپکی عەرەبچێتی دەستی پێکردو گەیشتۆتە ئاستی شانازی پێوەرکردن و بەپێچەوانەشەوە شکاندنی نەتەوەکانی تر زۆر ئاسایی بووە. بۆ نموونە عەرەبەکان هەمیشە بەچاوی گەورەو خزمەتکارەوە سەیری نەتەوە ژێردەستەکانیان کردووە، ئەگەر یەکێکیش لەمسوڵمانە ناعەرەبەکان بمردابایە ئەوا دەیانگوت: "هو مال الله یاخذ من یشاء ویدع من یشاء"(١٠).

تەنانەت بەئارەزوو خواستی خۆیان ژنیان لەمسوڵمانە ناعەرەبەکان دەهێناو شوکردنی کچانی ناعەرەب بەدەستی خۆیان نەبوو، بەڵکو لەژێر دەسەڵاتی خۆیان ئەژماربکەن و لەسەر سفرەی نان خواردن و تەنانەت لەنوێژکردنیشدا، کەواجبێکی خودایی بوو بەسەر بەندەکانیەوە، نەیاندەهێشت ناعەرەبەکان لەریزی یەکەمدا نوێژ بکەن و ئەو وتەیەشی زۆر بەناوبانگە، لای عەرەبەکان کەدەبێژێ: "نوێژ نا پچڕێت، تەنها بۆ سێ شت نەبێت، سەگ، گوێ درێژ، مسوڵمانی ناعەرەب" (١١).

سەرهەڵدانی شۆڕشەکەی بابەکی خوڕەمی، کەکوردیش بەشداری تێدا کرد، بۆ خۆی زیاتر شۆڕشتێکی کۆمەڵایەتی بوو، بۆ بەرپەرچدانەوەی عەرەبچێتی لەفۆرمە کۆمەلایەتیەکەیدا، سەرکردەی کوردیش ناوی (عصمة الکردي) بوو، کەپەیوەندی بەشۆڕشەکەی بابەکی خوڕەمییەوە کرد، کەخاوەنی ناوچەی (مرند) و هەندێ هۆزی کوردی لەئازەربایجان و هەندێ هۆزی دیکەش لەپشتی قەفقازەوە بەشدارییان کرد(١٢) جگە لەوەی ئەرمەنەکانیش گروپێکی بچووکیان بەشداری کرد لەو بزوتنەوەیەدا لەناوچەی (سیونیا) و جگە لەمانیش رۆمەکان هاوکاریان کرد، پاش پەیوەندی بەستنی بەهێزو دۆستان لەنێوان بابەک و (توفەیل)ی پادشایاندا(١٣) بەدەر لەمانە دروشمی زۆرێک لەشۆڕش و راپەرینەکان بۆ رەتکردنەوەی میکانیزمی کۆمەڵایەتی عەرەبچێتی، زیاتر رەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەبووە هەر لەرەتکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی سستمی دەرەبەگایەتی کەلەفۆرمی کۆمەلایەتیدا عەرەبچێی پشتی پێ بەستووە، تادەگاتە شۆڕشی جوتیارو لادێ نشینەکانی دژ بەشێوە کۆمەلایەتیەکانی عەرەبچێتی(١٤).

دەسەڵاتی ئابوری میکانیزمێک بۆ پاشکۆکردنی گەلانی ناعەرەبی و هەژارکردنیان لەبەردەم عەرەبچێتیدا.

دەسەڵاتی ئابوری ئەو میکانیزمەکوشندەو ترسناکەیە کەزۆربەی دەسەڵاتەکان بەجیاوازی هەموویانەوە لەکاتی رووبەڕووبونەوەی نەیارو دوژمن و ئۆپۆزیسیۆنەکانیاندا پشتی پێ دەبەستن. پانتاییەکانی بیری عەرەبچێتی هەمیشە پڕە لەبەکارهێنانی ئەم بوارە مەترسیدارە، ئەگەر رۆحی بەرگری نەبێ، مەحاڵە مرۆڤ توانای ئارام گرتن و مانەوەی هەبێت. بەنیسبەت عەرەبچێتیەوە، سەپاندن و یاری پێکردنی دەسەڵاتی ئابوری لەلایەن فرە جۆرو فرە چەشنە، لەلایەکی تریشەوە، فرە رەهەندو دوور مەودایە، مەسەلەی سەپاندنی باج بۆ خۆی بەشێکی ترو تەوەرەیەکی گرنگی نێوکایەی عەرەبچێتیە کەزۆر خراپ لەبەرامبەر گەلانی ناعەرەبدا سەرەڕای مسوڵمان بوونیشیان بەکارهاتووە. دەشێ دروشمی زۆرێک لەشۆڕش و راپەڕینەکانی نێو مێژووی ئیسلامی، رەهەندێکی ئابوری رووتیان هەبێت، کەزۆر بەدەگمەن گوێی لێگیراوە و حسابیشی بۆکراوە. بۆ خۆی شۆڕشی گەلانی ناعەرەب لەبنەڕەتدا بریتی بوو لەداواکردنی یەکسانی و وەک یەکی لەدەسەڵاتی ئیسلامی و دورخستنەوەی سزا دارایی و ئابوریەیکان بوو لەسەریان. وەک ئەو سکاڵایەی کەبەرزکرایەوە بۆ خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، کەباس لەتەنگ پێ هەڵچنینی (جەراحی کوڕی عەبدولڵای حەکەمی) فەرمانداری خۆراسان دەکات کەبەکاری هێناوە لەسەر ناوچەی خۆراسان و دانیشتوانە مسوڵمانەکەی، تەنانەت لەو سکاڵانامەیەدا هاتووە کە: (٢٠) هەزار لەئەهلی زیمە مسوڵمان ببون، کەچی هێشتا هەر سەرانەیان لێ سەندراوە(١٥).

دەربارەی خراپی بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئابوری وەک میکانیزمێک بۆ هەژارترکردنی رەگەزو نەتەوە ناعەرەبەکان. بەگشتی و بەرامبەر بەقیبتیەکانیش (سویرس)، یەکێکە لەو قیبتیانەی کەسکاڵای حاڵی ئوممەتەکەی دەکات لەکۆتایی دەسەڵاتی ئومەوییەکانداو دەبێژێ: "زۆرێک لەدەوڵەمەندو هەژارەکانی نەتەوەکەمان ئینکاری ئاینی مەسیحیان دەکردو رایان دەکرد لەسەرجەم باج و سەرانەی سەپێنراو(١٦).

جگە لەوەش مامەڵە توندوتیژەکانی سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان لەبواری ئابورییەوە بۆ زیاتر شەتەک دان و راپێچ کردنی گەلانی ناعەرەبی بەعەربچێتییەوە، و راسپاردنی حەجاجی کوڕی سەقەفی و مامەڵەی توندو نارەواکردن بەرامبەر بەدانیشتوانی لادێ نشینەکان، بەڵگەیەکی تری بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئابورییە لەنێو گوتاری ئاینیدا بۆ سەپاندنی عەرەبچێتی و هەژارکردنی زیاتری نەتەوە ناعەرەبەکان، سەرەڕای مسوڵمان بوونیشیان، جگە لەوەی باشترین دەرفەت بوو، بۆ هێندەی تر پاشکۆکردنی ئەو گەلانە بەتێزو بیرو بۆچوونە شۆڤێنیەکانی عەرەبچێتییەوە. (ئیبن قوتەیبە) دەڵێ: "لەنێوان نەتەوە ناعەرەبەکاندا ئەوانەی زۆرتر دژ بەعەرەب بوون و زۆرتر رقیان لێهەڵگرتبوون، هەرزە نەبەتیەکان و جوتیاران و لادێ نشینەکان بوون(١٧).

دواجار تێدەگەین کەبەکارهێنانی دەسەڵاتی ئابوری و دەسەڵاتەکانی تریش کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر پیادەکردنی عەرەبچێتی وەک میکانیزم و ئالیەتی گرنگ. چونکە لەم رێگانەوە عەرەبەکان، فەرمانڕەوایەتی ناعەرەبەکانیان دەکرد، لەکاتێکدا دەبووایە خۆشگوزەرانییان بەرهەم بهێنایە کەچی هەمووی جۆرێک بون لەستەمی کۆمەلایەتی، بەڵام لەبەرگی عەرەبچێتیدا.

دەربارەی خراپی بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئابوری وەک میکانیزمێک بۆ هەژارترکردنی رەگەزو نەتەوە ناعەرەبەکان. بەگشتی و بەرامبەر بەقیبتیەکانیش (سویرس)، یەکێکە لەو قیبتیانەی کەسکاڵای حاڵی ئوممەتەکەی دەکات لەکۆتایی دەسەڵاتی ئومەوییەکانداو دەبێژێ: "زۆرێک لەدەوڵەمەندو هەژارەکانی نەتەوەکەمان ئینکاری ئاینی مەسیحیان دەکردو رایان دەکرد لەسەرجەم باج و سەرانەی سەپێنراو

پەراوێزەکان:
(١)د. بندلي جوزي: من تاریخ الحرکات الفکریة فی الاسلام، ج١، ل (٥٠).
(٢)عباس عبدالکریم: کۆمەڵگە لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، ل (٧٨).
(٣)علی ابراهیم حسن: التاریخ الاسلام العام، ل (٣٢٩).
(٤)محمد سعید طالب: الدولة العربیة الاسلامیة، الدولة والدین، ل (٢٥٢).
(٥)هەمان سەرچاوە، ل (٢٥١).
(٦)د.محمود اسماعیل: تاریخ الحضاره العربیة الاسلامیة، ل (١٢٦).
(٧)حنا الفاخوری: الجامع فی تاریخ الادب العربی، ج١، ل (٥١٨-٥١٩).
هەروەها بڕوانە الشیخ محمد الخضری بگ: الدوله العباسیه، ل (١٥).
(٨)د. نوری جعفر: الصداع بین الامویین ومبادئ الاسلام، ل (١١٤).
(٩) د. حسین عطوان: الزندقة والشعوبیة فی العصر العباسي الاول، ل (١٥٢-١٥٣).
(١٠)هەمان سەرچاوە، ل (١٥١-١٥٢)
(١١)د. نوری جعفر: الصراع بین الامویین ومبادئ الاسلام، ل ١١٤.
(١٢)د. بندلي جوزی: من تریخ الحرکات الفکریة فی الاسلام، ج٢، ل (٧٨).
(١٣)د. قحطان عبدالرحمن الدوري: الحرکات الهدامة في الاسلام، ل (١١٥).
(١٤)المسعودي: مروج الذهب، ج٣، ل (٣٠٥، ٣٠٦).
(١٥)الطبري: تاریخ الطبري، ج٦، ل (٥٥٩).
(١٦)بندلي جوزي: من تاریخ الحرکات الفکریة فی الاسلام، ج١، ل (٤٦).
(١٧)عبدالحسین زرین کوب: دو قرن سکوت، ل (٢٩٩).■

laparakan.qxd 03/02/1426 09:47 ã Page 10

پاشماوەی لاپەڕە (٩)

چاودێر: ئەمە وەکو سیاسەت لەحیزبی ئیخوانەوە بیگرە تادەگاتە باقی حیزبەکان، کاریگەری چۆنێتی یاریکردن بەدنیای سایسەت لەلایەن سەرمایەداریەوە کاریگەرییەکانی هەیە، بەڵام فێندەمێنتالیزم ڕەگ و ریشەی زۆر ئەگەڕێتەوە بۆ پێشەوە، ئەسڵەن جارێ سەرمایەداری نەهاتۆتە وڵاتی ئێمەوە فێندەمێنتالیزم هەیە، ئەی وەهابیەت کێ دروستی کرد، خۆ وەهابیەت فێندەمێنتالیزمی تیایە ئێستا لەرۆژهەڵات ئەوە فێندەمێنتالیزمی تری تیا نییە، کەچی ڕەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٧)هەم؟.

فواد مەجید میسری: ڕاستە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەئەوان نەهاتون سودی لێ وەربگرن. بەپێچەوانەوە ئەوان هاتون وەکو میتۆدێک کەڵکیان لێوەرگرتووە، بۆ پیادەکردنی سیاسەتی خۆیان مەبەستم ئەوەیە ئەو تەوژمەی کەئێستە پێی دەوترێ تەوژمی پەیرەوکردنی دیموکراسیەت و پیادەکردنی دیموکراسیەت؟ کەئێستە ئەمریکا سەرۆکایەتی ئەکات، بەپێی ئاراستەیەکە کەخۆیان ئەیانەوێت، بۆ نموونە گەلی سەحرای ڕۆژئاوا مافی خۆیانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن کەچی ئەمریکا لەبەر خاتری دەوڵەتی مەراکیش دەستی دەستیان پێدەکا.

چاودێر: ئەی چۆن ئەوە نییە گەورەترین کاربەدەستانی ئەمریکا؟ خەریکی ڕاپرسیو چارەسەرکردنی کێشەکانیان؟

فواد مەجید میسری: زۆر دەمێکە، بەڵام کێشەکانیان هەر بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، ئەی ئەمازیغیەکان لەجەزائیردا؟ بۆچی ئەو فشارە ناخرێتە سەر جەزائیر، تا چارەسەری کێشەی نەتەوەیی ئەمازیغیەکان بکرێت؟ باشوری سودان من پێم وایە ئەگەر بۆ خۆیان شت نەبونایە، نە ئەمریکاو نە فەرەنسا، نەهیچ وڵاتێکی ترو هەتا دەوڵەتانی ئەفریقیش هیچیان بۆ نەئەکردن. گەلی باشوری سودان بۆ خۆیان خاوەنی بزووتنەوەیەکی خاوەن ستراتیژبوون. بۆ ئێمەش مەسەلەکە هەمان شتە گەلی کورد لەئێستەدا بۆخۆی لەئاستی بەرپرسیارییەتی مێژوییدا نەبێ حزبە سیاسییەکان کە ئەمڕۆ سەرکردایەتی پرۆسە سیاسییەکە دەکەن گەر بەبەرنامەیەکی سیاسی ڕۆشنەوە نەیەنە مەیدانو ڕۆڵی خۆیان نەبینن هیچ هێزێک ناتوانێ مافەکانی گەلی کوردستان دەستەبەربکا.

چاودێر: باشە ئەم قسەیە ڕاستە، بەڵام لەئەوروپا چەندی خایاند، تائەمە بەدی هات، ئەگەر سەردەمی ڕێنسانس تۆ بۆ خۆت کتێبی د. کەمال مەزهەرت وەرگێڕاوە لەسەر ڕێنسانس دوایی چاپی دووەمتان کردۆتەوەو پێشەکیتان بۆ نوسیوەو پیایدا چوونەتەوە.. لەئەوروپا ئەگەر لەسەردەمی ڕێنسانسەوە بیگری تائێستا (٥٠٠) ساڵی خایاندووە، ئەگەر لەسەردەمی ڕۆشنگەرییەوە بیگری (٢٥٠) ساڵی خایاندووە، ئەگەر لەسەردەمی کۆمۆنەی پاریسەوە بیگری (١٥٠) ساڵی خایاندووە، ئەگەر لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنساوە بیگری (١٥٠) ساڵی خایاندووە، کەئەمە بابەتێکە بۆ وڵاتی ئێمە، زۆر زۆری ئەوێت، من قسەکەم لەسەر ئەوەیە کەدوژمنانی دیموکراسی لەوڵاتێکدا کەئەیەوێت دیموکراسی بەدی بهێنێت، سەرسەختترن لەو دوژمنانەی کە لەرۆژئاوادا هەیە.. پێشبینی ئەکەی ئەم شەڕە لەگەڵ ئەمانە بەبێ ڕۆژئاوا، بەبێ بڵاوبونەوەی دیموکراسیو شەڕی دیموکراسی لەچەند وڵاتێک بەتاقی تەنها لەعێراقدا سەرکەوتن بەدەست ئەهێنێ؟

فواد مەجید میسری: من قسەم لەسەر ڕۆژئاوا نییە، ڕۆژئاوا مەوجودە هاتووە و بەهەموو هێزو توانایەوە لە ناوچەکەدایە، من مەبەستم ئەوەیە لە کردەوەدا پراگماتیکیانە هەڵسوکەوت دەکا. کوردو مافەکانی بەشێکن لەپرۆسەی دیموکراتی بابزانین ڕۆژئاوا بەحەقو حەقیقەت تاچەند پشتگیریمان دەکا. من ئەوەم لەلا باشترین پێوانەیە.

چاودێر: تائێستا بۆت دەرنەکەوتووە کەپشتیوانیمان ئەکات، لەساڵی (١٩٩٢) وە ناوچەی ئارام هەیە تائێستا ئەمریکا فەرەنسا بەریتانیا پشتی ئێمەیان بەرداوە؟

فواد مەجید میسری: پشتی ئێمەیان بەرنەداوە، بەڵام مەسەلەکەشیان وەکو مەسەلەیەکی ئینسانی هێشتۆتەوە، نەک وەکو مەسەلەیەکی سیاسی.

چاودێر: لەوە زیاتر چی بکەن، کەتائێستا نەیانهێشتووە ئێران تەداخول بکات، سوریا ڕاستەوخۆ تەداخول بکات، نەیانهێشت تورکیا بێتە ناو کەرکوک و ئینزاریان کرد، دوایش مەسەلەی فیدراڵیان قبوڵ کردو گەیاندیانە مەجلیسی ئەمنو موصادەقەی لەسەرکرا، ئێستاش بەردەوامن لەسەر ئەوە (کۆڵن پاوڵ) نامە بۆ پەرلەمان ئەنوسێ، ئەچێ بۆ هەڵەبجەو ئێستا بەتەواوی تەبەنی فیدراڵیان کردووە، یان نیگرۆپۆتی دەڵێت کەمادەدەی (٥٨) ئەبێ لەکەرکوک جێبەجێ بکرێت، ئەمە پشتیوانی نییە؟

فواد مەجید میسری: بەڵێ پشتیوانیە. بەڵام مەسەلەی کورد تەنها مەسەلەی کەرکوک نییە، مەسەلەی کورد مەسەلەی (مافی چارەنووسە) ئایا بڕوایان بەوە هەیە، کەکورد حەقی بڕیاردانی (مافی چارەنووسی) خۆی هەیە ئایا ئەمریکا کە ئێستا بەدروشم دژ بەهەموو ڕەوتێکی مەزهەبییە موغازەلەی مەرجەعیەتی شیعە ناکات، کێ دوێنێ هانی خەڵکی ئەدا کەکاندیدی سیستانی بکەن بۆئەوەی نۆبڵی بدرێتێ؟

چاودێر: مەسیحیەکان؟

فواد مەجید میسری: مەسیحیەکان، بەڵام مەسیحیەکان لەخۆیانەوە جوڵانەوەیەکی وا ناکەن، بۆ ئەم چەند وەختە نەیان کردووە، بۆچی ئێستا دەیکەن؟

من مەبەستم ئەوەیە چ ئەمریکاو چ هەموو ئەو سیستمانەی هاوشێوەی ئەون بەرژەوەندییان چۆن بخوازێت بەوجۆرە هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلەی میللەتان دەکەن سەیری وڵاتێکی وەکو (قەتەر) بکە، لەناوقەتەردا مینبەرێک دامەزراوە پێی دەوترێ کەناڵی ئاسمانی (الجزیرە) ڕۆژانە تبشیر بە قاعیدو هێزە مەزهەبییە ئیسلامیەکان دەکا بەعالەمی ئاشکرا گوتارێکی دژە ئەمریکای فۆرمۆلە کردووەو پیادەی ئەکا، بەڵام چونکە قاعیدەی (سیلییەی) لێیەلەبەرامبەر قەتەردا ئەمریکا مێش میوانی نییە.

چاودێر: باشە باڕاستەی گفتوگۆکە بەرینە شوێنێکیتر، ئەویش ئەوەیە، ئێستا لەعێراقدا هەموو لایەنەکان پێویستمان بەیەکە، شیعە بەئێمە، ئێمە بەشیعە سوننە بەهەردوولایان، هەردوولایان بەسوننە، باقی گروپە بچوکەکانیش بەهەمان شێوە، تۆ پێت وانیە، ئەمە بۆ یەک پێویست بوونە، بەیەک پەیوەست بوونە شتێکی کاتیە لەدوا ئەنجامدا، ئەگەر لایەک لەم لایە سەرکەوت، دیموکراتی نەبوو، ئازادی نەبوو، ئەو لایە پرۆسەکە تێک نادات کەپرۆسەیەکی دیموکراتیە؟

فواد مەجید میسری: من پێم وا نییە هیچ هێزێکی مەزهەبی لەگەڵ دیموکراسیدا بێت، من ئەوەنەی کەشیعە بەترسناک ئەزانم لەسەر دیموکراسی، ناڵێم سوننە لەگەڵ دیموکراسیەتایە چونکە سوننەش لەگەڵ دیموکراسیدا نییە، بەڵام شیعە خەتەرێکی تری هەیە ئەویش لەبیرکردنەوەیاندایە، مەبەستم مومارەسەکردنی مەزهەبی (تەقیە)یە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ٧٩-٨٠ دروست کردنی یەکەم حوکمەتی کۆماری ئێرانی، کەهێشتا نەبوو بەئیسلامی، ئەوکاتە هیچ باس لەحکومەتی ئیسلامی نەدەکرا، ئەبو حسن بنی صدر کرا بەسەرۆک کۆمار، پاشان بازرگان و کێ و کێ ئەوانەی لەکابینەی حکومەتدا بوون هەموو خەڵکی سوکولار بوونو، بەحەقیقەت هیچیان خەڵکی مەزەبی نەبوون، بەڵام چونکە لەبنەڕەتدا خومەینی ئەیویست نیزامێکی مەزهەبیو دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست بکات، ئاڵوگۆڕێکی وەهای بەسەر کابینەی حکومەتدا هێنا بەخێرایی سیستەمی ئاینی بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاند.

من پێم وایە تەعویل کردنی شیعە لەسەر مەسەلەی زۆرینە هەرلەو دیدەوە دێت، ڕۆژێک لەرۆژان ئەوە دێتە کایەوە ئەیبینی دەیسەپێنن بەناوی شەرعیەتی زۆرینەوە بەرنامەی سیاسی خۆیان دەسەپێنن. لەبیرت نەچێ لەنێوان شیعەو سوننەدا، یەک خاڵی هاوبەش هەیە. هەردوولا بڕوایان بەوە هەیە کەدەبێ دەستوور لەشەریعەتەوە سەرچاوە بگرێ، ئەوە خاڵێکی هاوبەشە هەمیشە ئەبێ لەیادمان بێ. ئەبێ هێزە عەلمانیەکان ئەوە بزانن کەشیعەو سوننە لەئوسوڵدا یەکن.

ئەوخاڵەش کەئێمە پێویستمان بەوان هەیەو ئەوانیش پێویستیان بەئێمەیە، ئەوان بۆیە پێویستیان بەئێمەیە بۆئەوەی کەحکومەتێک دروست بکەن، هەروەها ئەوان حکومەتێکیان دەوێ کەخۆیان مەبەستیانە، هەرچی ئێمەی کوردە هەتا ئێستا بەرنامەیەکی ڕۆشنمان نییە. تائێستا لەنێوان چوار دیواری داخراودا سەرکردایەتی سیاسی قسە ئەکەن (جەعفەری) هاتووە نازانم باسی چی کردووەو، هیچ هاوڵاتیەکی تریش نازانێ ئەمە حەقیقەتە.. ئەگەر تۆ ئەتەوێ پەیڕەوی دیموکراسی بکرێ، خودی سیستەمەکە وا دەخوازێ شەفاف بێت لەگەڵ جەماوەردا خەڵک بزانێ تێزەکانی جەعفەری چین بەرنامەکەی عەللاوی چەند لەگەڵ وتاری سیاسی کوردا یەک دەگرێتەوە.

چاودێر: عەللاوی هاتووە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی کراوە، ئەوەی لەکۆبونەوەکەدا باس کراوە، لەوێشدا باسکراوە، (جەعفەری) هاتووە کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری هاوبەش کراوەو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی لەسەر بڵاوکراوەتەوە، لەڕۆژنامە ئازادەکاندا، لەکوردستانی نوێدا باسی ئەوە کراوە کەمام جەلالو (ی.ن.ک) چوار ئەولەوییەتی هەیە، هەر لایەک لەگەڵی ڕێک بکەوێت، لەگەڵی ڕێک ئەکەوێت، لەگەڵی ڕێک نەکەوێت سەرۆک کۆماری لاگرنگ نییە (فیدراڵ - جوگرافیای کوردستان - بودجەی عێراق - کەرکوک) ئەمە بەئاشکرا باس کرا.. تۆ ئەم بەرنامانەت بەدڵە؟

فواد مەجید میسری: بەڕای من ئەوە چوونە پێشەوەیەک بوو لەدوای هەڵبژاردنەوە کەگوتاری سیاسی کورد بەخۆیەوە دی. ئەو تێزەی مام جەلال پیادەی کرد زەخمێکی نوێی دا بەگوتاری سیاسی کورد بەڵام لایەنی بەرامبەر وردە وردە لەئیستیحقاقەکانی پاشەکشە دەکا. ئەوەتا مەسەلەی کەرکوکیان خستە دوای پێکهێنانی حکومەت لەکاتێکدا سەرکردایەتی سیاسی کورد دایدنابوو، بەرلەوەی حکومەت پێک بێ چارەسەر بکرێ.

چاودێر: کێ وای وت، تەتبیعکردنی کەرکوک دەکەوێتە دوای هێمن کردنەوەی باروذۆخەکە؟

فواد مەجید میسری: ئەوە ڕۆژنامەکانی عیراق نوسیویانە.

چاودێر: کام ڕۆژنامە؟

فواد مەجید میسری: ڕۆژنامەی (شرق الاوسط)ی ئەمڕۆ نوسیویەتی.

چاودێر: ئێستا ئەوە ئەمریکا ئەڵێ، ئێمە لایەنگری جێبەجێکردنی مادەدەی (٥٨)یین، بەزمانی نگرۆپۆنتی کەسەفیری ئەمریکایە ئەمە یەک، دوو، هەموو حیزبە سیاسییەکانی مەجلیسی ئەعلا، دەعوە، دوێنێ دوپاتیان کردەوە کەمادەدەی (٥٨) وەکو قانون جێبەجێی ئەکەین، سێ: لیژنەیەک پێک هاتووە (حەمید موسا) سکرتێری حزبی شیوعی مەسئولیەتی کەمادەدەی (٥٨) دەکەوێتە دوای دروست کردنی حکومەت..

چاودێر: بۆ؟ حوکمەت دروست دەکرێت لەم هەفتەیەدا.

فواد مەجید میسری: هەمووومان ئاگاداری ئەوەین، بەڵام خۆ لەم هەفتەیەدا مادەدەی (٥٨) جێبەجێ نابێ..

چاودێر: ئیش ئەکرێ بۆ جێبەجێ کردنی.

فواد مەجید میسری: ئەمە بەشێکی مەسەلەکەیە، بەشێکی تری ئەوەیە ئێمە هەتا ئێستا هەڵوێستی شیعە نازانین، دیمان ئەیاد عەللاوی کەلەحوکمدا بوو لەسەدا چەندی لەبودجەی عێراق بۆ کورد تەرخان کردبوو، تا بەفشارێکی زۆر ئەوجا پشکی کورد کرایە ١٧٪. لەکاتێکدا ئەگەر بەپێی ئاماریش بێ خۆکورد ٢٥٪ ی دانیشتوانی عێراقە ئەگەر ٣٠٪ نەبێ، ئەوە لە مەسەلەی سەروەتدا هەرچی مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵاتە لایەنی بەرامبەر ڕازی نەبوون لەکابینەی حکومەتدا چوار وەزارەتی سیادی بدرێتە کوردو کردیانە یەک وەزارەت.

چاودێر: دوو وەزارەتی سیادی، سەرۆکی کۆمار سێ لەجێگرەکانیش..

فواد مەجید میسری: ڕاستیەکەی پۆستی سەرۆک کۆمار گرنگی ئەو پۆستە کاتێک دەردەکەوێ کەدەسەڵاتی سەرۆک کۆمار بزانین. دەسەڵاتی سەرۆک کۆماریش دەستور تەحدیدی ئەکات. ئەگەر سەلاحیەتی زۆری نەبێت ئەبێتە پۆستی شەرەف. کەبووە پۆستی شەرەف سەرۆک کۆمار کورد بێ یان عەرەب هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ.

چاودێر: نەء، دەسەڵاتی هەیە.

فواد مەجید میسری: ئەوە دەستور دیاری ئەکات، لەبەرئەوە نەمن ئەتوانم هیچی لەسەر بڵێم نەجەنابت ئەتوانی هیچی لەسەر بڵێی، ئەوە کاتێک ئەبێ کە لەدەستوردا دیاری کرابێو ئنجا منو تۆ بۆمان هەیە مشتومڕی لەسەر بکەین.

چاودێر: ئا، بەڵام تا دەستوور دەسەڵاتی سەرۆک دیاری دەکات، پەرلەمان ئەتوانێ بڕیاری بۆ بدات، چونکە پەرلەمانی ئێستا پەرلەمانی هەڵبژێردراوە، ئەتوانێ حکومەت پێک بهێنن، ئەتوانێ وەزیر بگۆڕێ، ئەتوانێ قانون تشریع بکات، پەرلەمانە، لەبەرئەوەی ئەتوانێ قانون بۆ سەرۆکیش تشریع بکات، تا ئەوکاتەی دەستور ئیستفتا ئەکرێت

فواد مەجید میسری: ئێستە بابزانین هەڵوێست لەفیدراڵ چییە، تائێستا نازانین لایەنی بەرامبەر ڕاشکاوانە چۆن دەڕوانێتە مەسەلەی فیدراڵیزم. لەم ڕۆژانەدا بۆخۆم گوێم لەبەرنامەیەکی ڕادیۆی سەوا بوو. لەچاوپێکەوتنێک بوو لەگەڵ نوێنەری عەللاویو نوێنەری مەجلیسی ئەعلاو سەرکردەیەکی کورددا. ڕەوتی بەرنامەکە بەئاراستەیەک گەیشت قسەی بەرزو نزمیشی تیا کرا. ئەوەی نوێنەرەکەی عەللاویو مەجلیسی ئەعلا بڕوایان پێی نەبوو مەسەلەی فیدراڵو مافی چارەی خۆنوسینی کورد بوو. لەوەڵامی پرسیارێکدا کەعەللاوی بۆخۆی باوەڕی تەواوی بەمافی گەلی کورد هەیە، نوێنەرەکەی وتی: ئەو بیروڕایانەی عەللاوی هی سەردەمێکی ترەو ئێمە سیاسەت ئەکەین مەرج نییە ئەوەی ئەوسا وتراوە ئێستە جێبەجێ بکرێ.

چاودێر: ئەیاد عەللاوی دوو سێ هەفتە لەمەوبەر لێرە بوو، لەتەسریحەکانیدا لەسەر مادەدەی (٥٨) لەسەر فیدراڵ، لەسەر پێشمەرگە، لەسەر بودجەی کوردستان، وتی: ئێمە سیاسەتمان سابتەو کورد حەقی خۆیەتی و زۆریش پێناسەی مام جەلالی کرد بۆ سەرۆک کۆمار..

فواد مەجید میسری: بەڵام گرنگ ئەوەیە لەپەرلەماندا ئەو مافە بچەسپێت، ئەگەر ئەوە تەسبیت بوو، ئەو وەختە تۆ حەقی ئەوەت هەیە ڕایەکی ئیجابی لەبارەی ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە دەربڕی.

چاودێر: کاک فوئاد بڕیاری پەرلەمان بەتەوافوقە، کورد لەسەر بڕیارەکانی پەرلەمان ڕازی نەبێت، هیچ بڕیارێکی تر لەپەرلەماندا ناڕوات چونکە بەتەوافوقە.

فواد مەجید میسری: من بۆ ئەم ڕایەی جەنابت پرسیارێکم هەیە، تۆ پێت وایە لەعێراقدا دەستور بەو ئاسانییە دەنوسرێ؟

چاودێر: نەخێر.

فواد مەجید میسری: من پێم وایە هەزارو یەک کێشە دێتە بەردەمی و هەر ناش نووسرێ.

چاودێر: پێمان وایە دەستوری هیچ وڵاتێک بەئاسانی نەنوسراوە، هەموو شەڕەکان، لەناو دەستوردایە.

فواد مەجید میسری: ئەوەی عێراق وێنەی کەمە، چونکە کۆمەڵێک شت هەن لەئێستاوە دەست پێشخەرییە بۆ ئەو هەڵوێستە. نەتەوەجوهە ئیسلامیەکانو نەتەوەجوهە نەتەوەییەکانی عەرەب هیچ لایەکیان لەگەڵ تەوەجوهی کورد نین.

چاودێر: ئەمڕۆ لەگەڵ دوێنێ دوێنێ، لەپێرێ، ئایندەش لەبەرچاو بگرین، کەبەراوردی شەمڕۆو دوێنێو پێرێ ئەکەین، ئاڵوگۆڕی زۆر بەسەر میتۆدی حیزبەکانو سیاسەتیان هاتووە، لەڕەفزی موتڵەقەوە، بۆگفتوگۆ بۆ قبوڵ کردنی هەندێک شت، من خۆم لەکۆنگرەکاندا بووم، لەکۆنگرەی ڤیینەنا ڕەفزی موتڵەقی فیدراڵ، کرا. لەکۆنگرەی سەلاحەدین وتیان قبوڵمانە، بەڵام ئەیبەستینەوە بەئایندەی عێراقەوە، لەکۆنگرەی لەندەن بەتەواوەتی قبوڵ کرا، لەکۆنگرەی نیۆرک قبوڵ کرا، لەقانونی کاتی عێراق دەوڵەتی فیدراڵ قبوڵ کراوە، من تاڕادەیەک قسەکەی تۆ قبوڵ ئەکەم، کەئەمانە لەناخی خۆیاندا بەتەواوەتی قبوڵیان نەکردووە، بەڵام ناتوانن بەبێ کورد هیچ بکەن، لەبەرئەوە بۆیە وتم پێویستمان بەیەکە بۆیە قبوڵمانە.

فواد مەجید میسری: ئنجا کەکورد ئەوەندە مەوقیعی بەهێزە بۆچی لەمەوقیعی هێزەوە سیاسەتەکانی پیادە ناکات؟

چاودێر: ئەوەی کەئێمە ئەیزانین سیاسەتی دەوڵی زۆر گرنگە لەم مەسەلەیە، سیاسەتی دەوڵی هێنانی دیموکراتیە بۆ ڕۆژهەڵات، چەسپاندنی دیموکراتیە لەڕۆژهەڵات چونکە ئەمە لەبەرژەوەندی ستراتیژی وڵاتە گەورەکانو ئەمریکایە.

فواد مەجید میسری: تۆ پێت وایە ئێستا فاکتەری دەرەکی فاکتەری حاسمە، بۆ دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیەک؟

چاودێر: من وا پێشبینی ئەکەم فاکتەری دەرەکی، یەکێک بێ لەگرنگترین فاکتەرەکانی دیاریکردنی سیاسەتی ناو عێراق..

فواد مەجید میسری: ئەی کورد وەکو خۆی، هێزە سیاسیەکانی هیچ دەورێکیان نییە؟ ئەشێ ئیرادەی سیاسی نەتەوەیەک بەفاکتەری دەرەکی بسپێردرێ. ئەو پرۆسەیەی کەپێی دەوترێ ڕیفراندۆم تاچەند بزوتنەوەیەکی خەیاڵییە یان واقیعی؟ بۆچی لەئێستاوە زەینی خەڵک لەڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە بۆ دیاری کردنی مافی چارەنی خۆنوسین ئامادە ناکرێت؟ بۆچی ئەو خیتابە شەرمنە هەتا ئێستا بەردەوامە.

چاودێر: لەپەرلەمانی عێراق، لەحکومەتی کاتی عێراقو، لەهاتنی هەموو وەفدەکاندا، ئەوە وتراوە، هێزە سیاسیەکان داوای فیدراڵ دەکەن، بەڵام جەماوەر داوای سەربەخۆیی دەکەن، ئێوە ئەگەر فیدراڵ بەئێمە نادەن بچن سەربەخۆیی بدەن بەجەماوەری کورد.

فواد مەجید میسری: باشە بۆچی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم نوێنەری دەگاتە UN و گەیشتە جنێڤ و گەیشتە نیۆرک، ملیۆنێک و حەوت سەد هەزار دەنگیان بردە ئەوێ، ئەی بۆچی پەرلەمانی کورد خۆی پێشوازیەکی لێنەکردن..

چاودێر: پێشوازی لێکردن.

فواد مەجید میسری: بەڵام پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد بڵێ ئێمە پشتگیری ڕاو هەڵوێستی ملیۆنێکو حەوت سەد هەزار کەس دەکەین؟ یان بڵێ ئێمە پشتگیری لەم جوڵانەوەیە دەکەین بەجوڵانەوەیەکی ڕاستو ڕەواوی دەزانینو تەعبیر لەئیرادەی سیاسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکات!

چاودێر: پێشوازی کران هانیان دان، یارمەتی دران، بەبێ یارمەتی هەردوو دەسەڵاتە کوردیەکە، بزوتنەوەی ڕیفراندۆم نەیئەتوانی لەناو چوار گەڕەکی سلێمانی ئیشەکانی خۆی بکات..

فواد مەجید میسری: ئەوە هەڵوێستێکی ئەخلاقیە، من باس لەهەڵوێستێکی سیاسی ئەکەم، مەبەستم ئەوەیە ئایا لەساڵی ١٩٩٢ کەهەڵبژاردن لەکوردستاندا کرا، ملیۆنێکو حەوت سەد هەزار کەس دەنگی داوە بەپەرلەمانی کورد، من پێم وایە ئەو ملیۆنو حەوت سەد هەزارکەسەی ڕیفراندۆم شەرعیەتی لەپەرلەمانە کوردیەکە زیاترە.

چاودێر: بەڵام هێشتا لەوکاتەی کەملیۆنێکو حەوت سەد هەزار کەس دەنگی بەریفراندۆم داوە، دوو ملیۆنو سەدو پەنجا هەزار کەس، دەنگی بەفیدراڵ دا لەهەمان کاتدا..

فواد مەجید میسری: زۆرباشە، ئەی ئەگەر ئەو تەرحە بخرایەتە چوارچێوەیەکی یاساییەوەو پەرلەمانی کوردستان بەرەسمی بیکردایە بەبڕیارێکو پشتگیری لێ بکردایە، ئەوە خۆشکردنی ئەرزیەت نەبوو بۆ ئایندە، لەحاڵێکدا ئەگەر ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەعێراقدا بێتە کایەوە.

چاودێر: بزوتنەوەی ڕیفراندۆم خۆی داوای وای لەپەرلەمان نەکردووە، بزوتنەوەی ڕیفراندۆم خۆی ئەڵێ من لەپاڵ سیاسەتدا ئەم کارە ئەکەم، لەو شتانە با تۆزێک بێینە سەر کوردستان، کاک فوئاد تۆپێت وایە دووەمین خولی پەرلەمان بتوانێ لەخولی یەکەمی پەرلەمان سەرکەوتووتر بێ، لەم هەلومەرجە گۆڕاوەی ئێستا؟

فواد مەجید میسری: حەقیقەت ئەوەیە کەئێمە ئەزمونێکی تاڵمان هەیە. مەسەلەکە هەر بەتەنها ختوکەدانی عاتیفەو دروشمی پەرلەمانی کوردی نییە. پەرلەمانی کوردی بەبێ خیتابێکی سیاسی ڕۆشن بەبێ پیادەکردنی بەرنامەیەکی فراوانی سیاسی ئابوری کۆمەڵایەتی چارەنوسی لەچارەنوسی پەرلەمانی پێشوو باشتر نابێ. بەش بەحاڵی خۆم هەتا ئێستا نازانم شێوەی ئەو ئیئتلافەی لەپەرلەماندا دەبێ بەچی دەگا ئیستیقتاب چۆن دەبێ پەرلەمان شوێنی دەرکردنی وەعزی سیاسی نییە، بۆ ئێستەی کورد پەرلەمان دەبێ بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بدا ئەبێ پەرلەمانێک بێ ئیش بۆ ستراتیژی مەسەلەی کوردبکا. بەرنامەی سیاسی حیزبەکانو شێوەی مامەڵە کردنیان لەگەڵ ڕووداو پێشهاتەکان دەری دەخەن پەلەمان تا چەند ئەکتیفە. پێداگرتن لەسەر مافی چارەی خۆنووسین لەئێستادا گرنگترین ئەرکێکە لەئەستۆی پەرلەمان. میسداقیەتی هەر لایەنە لەوەدا دیاری دەدا تاچەند ئامادەگی تێدایە بۆ سەرخستنی گوتاری سیاسی یەکگرتوو ئەوەی ئێستە دەیبینن دڵخۆشکەر نییە.

یەک نەگرتنی ئیدارەی کوردی (سلێمانی، هەولێر) سێ چوار وەزارەت بەهەڵواسراوی ئەهێڵێتەوە، ئەوە بۆ خۆی جۆرێک لە نائومێدی ئەدا بەمرۆڤ. با لەخۆمان بپرسین مانای چییە وەزارەتی ناوخۆ لێرەش هەبێتو لەهەولێریش، وەزارەتی پێشمەرگە، لەوێ هەبێتو لێرەش هەبێ، لەکاتێکدا کەئەمە حاڵی کابینەی حکومەت بێ کەدەسەڵاتی تەنفیزییە، دەسەڵاتە تەشریعیەکەکەپەرلەمانە لەو باشتر نابێ.

چاودێر: من ئەمەوێ بزانم ئەم پەرلەمانە ئەتوانێ لەپەرلەمانەکەی پێشوو ئەکتیڤ تر بێ، بتوانێ لەعەقڵیەتی تەسکی حیزبایەتی تێی بپەڕێنێت.

فواد مەجید میسری: ڕەنگە لەهەندێ حاڵەتدا باشتر بێ، بەڵام ئەم پرەنسیپەی بۆ دەسەڵاتی تەنفیزی دانراوە دڵخۆشکەر نییەو بەڵگەی نەبوونی متمانەی سیاسیە بەیەکتر. ئەوە دووبارە کردنەوەی هەمان ئەزموونی ساڵی ١٩٩٢ە.

چاودێر: نا، ئەمجارەیان ئەو وەزارەتانەی یەک ئەگرن جێگرو ڕێگری نییەو ئەوەی کەهەشە بەشێوەیەکی کاتی ئەبێ، هەتاتۆزێک باردۆخەکە ئەچێتەپێش، بەڵام هەمان سەرۆکایەتی وەزیران سەرپەرشتی ئەکات، نەک دوو سەرۆکایەتی وەزیران.

فواد مەجید میسری: بەڵێ ڕاستە، بەڵام وەکو هەیکەلی ئیداری دەمێننو دەبێ تخصیصاتی سەربەخۆیان بۆ دابین بکرێ، کەواتە دۆخەکە تاڕادەیەک هەر لەشوێنی خۆیەتی. تا ئێستا کەس نازانێ شێوەی ئیئتیلافەکان لەپەرلەماندا چۆنە، بەو مانایەی یەکێتی لەگەڵ کێ ئیئتلاف ئەکات، پارتی لەگەڵ کێ ئیئتلاف ئەکات، حیزبی شیوعی لەگەڵ کێ ئیئتلاف ئەکات، حیزبەکانی تریش چۆن ئیئتلاف ئەکەن، من بۆ خۆشم ڕایەکم هەبوو پێش هەڵبژاردن لەسەر هەندێک هێزکەهێنرانە ناو تەحالوفی کوردستانیەوە، پێم وابوو لەزۆر شوێنیش وتوومە کەتەقدیریان لەبەرامبەر هەندێ هێزی سیاسی تەواو نییەو هەندێک لایەنی سیاسی بەزۆری زۆرداری بەڕێژەیەکی بەرچاو خرانەناو پەرلەمانەوە.

چاودێر: بەچ بەڵگەیەک؟

فواد مەجید میسری: بە بەڵگەی ئەوەی ئەوانە ڕازی بوون، حەقیقەتی قاعیدەی جەماوەری خۆیان دەزانی بۆیە بەچەند کورسیەک ڕازی بوون، ئەگەر ئێستا دەنگەکانیان بۆ حساب بکرێت، ئەوەندە کورسیان نەئەهێنا کەپێیان بەخشرا.

چاودێر: بەو بەڵگەیەی یان بەبەڵگەی ئەوەی کە لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەوەندەیان نەهێنا بەهێندەی ئەوەی کەلەپەرلەماندا پێیان دراوە؟

فواد مەجید میسری: بەڵێ.. ئەوەش بەڵگەیەکی ترە.

چاودێر: لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەئازادی خۆیان دابەزینایە، بەقەد ئەو دەنگەیان نەهێناوە، کەپێیان بەخشراوە؟

فواد مەجید میسری: بەڵێ من لەسەر باوەڕی خۆم. حەق وابوو ڕێگەیان بدرێ بچنە مەیدانی کێبەرکێی هەڵبژاردنەوە بۆئەوەی چ خۆیانو چ هێزە سیاسیەکانی تر حەقیقەتی قاعیدەی جەماوەریان بزانن.

چاودێر: باشە کاک فواد ئەمساڵ پێنج ساڵ یان شەش ساڵ لەمەوبەر بەراورد بکە، کەدۆخێکی زۆر ناخۆشی لەکوردستاندا هەبوو، پێش کەوتن بەدیهاتووە، یان بەدی نەهاتووە، لەباری سیاسیەوە؟

فواد مەجید میسری: بەدڵنیاییەوە لەباری سیاسیەوە، لەباری ئابورییەوە، لەباری کۆمەڵایەتیەوە، بەداخەوە هەرچەند لەباری کۆمەڵایەتیەوە، جیاوازی هەیە، لەنێوان ناوچەیەک و ناوچەیەکی تر، ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەک بەرنامەی کۆمەڵایەتی، بەرنامەی سیاسی، بەرنامەی ڕۆشنبیری یەکگرتووە، کەپێویستە ئێستا خیتابی کوردی یەک دەنگ پیادەی بکات.

چاودێر: تاچەند لەم ئازادییەی دابین کراوە، تاچەند لێی ڕازیتو چاوەڕێی چی ئەکەیت بۆ ئاینده؟

فواد مەجید میسری: ئازادی سنوری نییە، بەڵام من بەردەوام گەشبینم بەرامبەر بەژیان، پێم وایە جوڵانەوەی واقیع ئەتوانێ خۆی فەرز بکات. جەماوەر خاوەنی مەزنترین ئیرادەیەو دەبێ دەرفەتی داهێنانو شێوازی کاری سیاسی جۆراوجۆری بۆ بڕوخسێ ئەمەش کاتێک ئەبێ کەهێزە سیاسیەکان سوود لەئەزموونی خۆیان وەربگرن لەمومارەساتی ڕابوردویان عیبرەت وەربگرن ئەو مافە بدەنە جەماوەر کە لەچەند ساڵی ڕابوردودا لایەنی کەم بەشداری ژیانی برسێتیو قاتوقڕییان کردووە. جەماوەرێک خاوەنی دەیان هەزار قوربانی بێو بەدرێژایی نیو سەدە بێ پسانەوە لەژێر زەبری ئاگرو ئاسندا ژیابن مافی خۆیەتی گوێی لێ بگیرێو حساب بۆ ئیرادەی سیاسی بکرێ.

چاودێر: وەڵامی بەشێک لەپرسیارەکەت نەدامەوە کەتاچەند لەئازادیەکە ڕازیت؟

فواد مەجید میسری: ئازادی لای من سنوری نییە، ئەوەی کەهەیشە ئومێدی زیاتری لێ دەکەم.

چاودێر: زۆر سوپاس..

فواد مەجید میسری: سوپاس.■

شوکرو پۆزش

لەژمارە (١٨)ی ڕۆژنامەی چاودێردا، لەپاڵ ئەو فایلەی کە لەسەر (نەهرۆ شێخ محمدی کربچنە) بڵاومان کردەوە وامان ڕاگەیاند کە ناوبراو کورسیەکی لەپەرلەمانی عێراق بەرکەوتووە، داوای لێبوردن لەخوێنەرانی چاودێر دەکەین، کە زانیارییەکانی ئەو کاتەی ئێمە هەڵە بوو، بەخۆشحاڵیەوە ڕادەگەیەنین کە شوکر ناوبراو و ئەو لیستە عەرەبیەی ئەویان کاندید کردبوو بۆ پەرلەمان، ئەوەندە دەنگیان بەدەست نەهێنا شایستەی تاقە کورسیەکیش بن لەپەرلەماندا.

laparakan.qxd 03/02/1426 09:47 ã Page 11

بەشی پرۆڤەیەک کات ماوە؟

دیاری قەرەداغی

□ یەکێک لەپایە سەرەکییەکانی مانەوە بەجوانی، بەردەوام راهێنان و فێربوونە کە پیرەمێردێکی بەساڵاچوو لەهەوڵی خۆپاراستن و پارێزکردندا بێت لەژەمەکانی نان خواردن و هەوڵدان بۆکەمێک وەرزش کردن و هەندێ جار وەرزش کردنی فیکریش، ئەوا بێ دوو دڵی و بێ سێ و دوو لەشێکی ساغ و تەندروست بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، کەلە پشت هەر لەش ساغبوونێکەوە، زهنیەتێکی باش ئیش دەکات.

لەپەنجەکانی موزیککارێک حەساسترو ناسکتر نییە، کەهەمیشە پێویستی بە راهێنان و چاودێری بەردەوام هەیە.

هەمیشە جیهانی موزیک دەتخاتە بەردەم گەڕان و هەوڵی بەردەوام.. هیچ خاڵ و پنتێکی دیاریکراو نییە، کە تێیدا بووەستیت و ئیتر بڵێی ئەمە دوا داواکارییە. ئەوەی لای ئێمە بۆتە شتێکی چەسپاو، ئەوەی بووەتە مامۆستای هونەر ئیتر پێی وایە پرۆڤەکردن عەیبەیە، جا بەهەر بیانوویەک بێت، من لەم بوارەی خۆماندا (گۆرانی و مۆسیقا) بەدەگمەن لە گەورە گۆرانی بێژان و مامۆستایانی مۆسیقا رادەبینم کە خەریکی پرۆڤەو راهێنان بن لەسەر گەروویان ئامێرەکانیان..

هەمیشە جیهانی موزیک دەتخاتە بەردەم گەڕان و هەوڵی بەردەوام.. هیچ خاڵ و پنتێکی دیاریکراو نییە، کە تێیدا بووەستیت و ئیتر بڵێی ئەمە دوا داواکارییە

با ئەم سەرنجەی منیشیان لا قورس نەبێت، چونکە توانای هونەری هەموو سات پێویستی بە چاککردن و باشتر کردنە، چەند رۆژو مانگێک دواکەوتن لەسەر راهێنان و گەڕان بەدووی زانیاری و تەکنیکی نوێ، وات لێدەکات، ئاست لاواز بیت لەژەنین، لەدانان، لە بیرکردنەوە، لە دۆزینەوەی پەیوەندییە هارمۆنیەکان، مۆسیقا ئەو سیحرە نییە لەخۆیەوە دابەزێتە نێو پەنجەکان... ئەوە سیحری ئیلهامە کە دادەبەزێتە نێو رۆح و دەمارەکانی خوێنتەوە، بەتەنهاش ئەو ئیلهامە بەس نییەکە بتکاتە قوتابخانە، بتکاتە مامۆستا..

تۆ هەمیشە دەبێت ئەو فێرخوازە بیت لەبەردەم ئامێرەکەت، بەبێ شەرم کاتێکی گرانبەهای خۆتی

بدەیتێ، تا لەرێگەیەوە فێری تەکنیکێکی نوێ و تازە بیت، تا دەسەڵاتت بەسەر کون و کەلەبەری ئامێرەکەتدا بشکێت. ئەوکات دەتوانیت ببیتە خاوەن ستایلی خۆت...

تا ئاستی ژەنینی تۆکزو لاوازو بێ راهێنان بێت، چۆن دەکرێت داوای مۆرک و ستایلی تایبەت و گونجاو بکەیت؟!

ئاخر هەر لیاقەتی هونەرمەندە بەشێک لەو بارە دروست دەکات و فەرزی دەکات، ئەمرۆکەی موزیکی ئێمە.. ژەنیارانی ئێمە.. بەتایبەت مامۆستا بەرێزو گرانبەهاکانمان بێ کاتن بۆ پرۆڤەکردن.. چونکە دەوامە زۆرەکان رێگرە لەبەردەم ئامێرە ناسک و جوانەکانی مۆسیقا، ئەو ئامێرانەی کەناسنامەی کەسەکانە بالەگەڵ دەم و چاو شتنی بەیانی و سەرقاڵی کاری رۆژانەتان، تا چوونە ناو پێخەفی شەو، هەر خەریکی کارە تایبەتیەکانی خۆمان نەبین
لەسەر حسابی گەروومان بۆ گۆرانی
لەسەر حسابی ئامێرە مۆسیقیەکانمان
لەسەر حسابی پرۆڤە نەکردن و فێرنەبوون
چونکە ئێمە و ئێوە لەسەر دەنگ و ئامێرەکانمان حسابین..■

شێوەکار ساکار فاروق:
من رەنگم و بێ رەنگیش بوونم نییە

ئا:هێشوو جەمال

□ شێوەکار ساکار فارووق لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٧ لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٧ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی وێنە کێشانم تەواو کردووە، لەگەڵ خوێندنەکەشمدا بەشداری سەرجەم فێستیڤاڵی ناوپەیمانگەم کردووە هەروەها لە ساڵی ١٩٩٦ەوە بەشداری پێشانگاکانم کردووە تا ٢٠٠٤یش بەتایبەتی پێشانگای هاوبەش کەمن زیاتر بەشداریم تێدا کردووە، لەو پێشانگایانەش کە هاوبەشی هەولێرو دهۆکەو پێشانگای (بینالی گالا) لە یابان، هەروەها پێشانگای (ژیانی ژنی کورد) لەفەرەنسا، چەند پێشانگایەکی دیکە، ئێستا یەکێکم لە ئەندامانی یەکێتی هونەرمەندان.

من بۆیە ژیان و بەستنەوەی بەشی وێنەکێشانم پێ خۆش بوو، چونکە وێنەکێشان زمانی منە، هەر یەکێک زمانێکی هەیە بۆ دەربرین، بۆیە وێنەکێشان زمانی منە بۆ قسەکردن لەخۆم و شتەکانی دەوروبەرم، هەموو ئەو شتانەی لە ژیاندا بەریان دەکەوم، رەنگە هێڵێک بێت رەنگە رەنگێک بێت من لە ئیشەکانمەوە باسی خۆم و ژیان دەکەم و دەمەوێ ئیش لەرەنگ و ژیان بکەم. ئیشی من رەنگە، بێ رەنگیش ناتوانم قسە بکەم، بۆیە من رەنگم و بێ رەنگیش بوونم نییە، من لەگەڵ کارەکانیشمدا هەرگیز لەخۆم رازی نیم، بەردەوام زیاتر لەخۆم داوا دەکەم تا بتوانم ئەوەی هەمە لە ژیانمدا بیڵێم، چونکە ئیش کردن تەنها بەکارکردن تابلۆ نابینمەوە، ئەمەوێ لەژیان و کارەکانمان هاو شێوە بم تا بتوانم زۆر ناسک و جوانتر بم بۆ ئەم ژیانە سحراوییە من خۆشەویستیم بۆ هونەر گەیشتنمە بە بەردەوام بوون تێیدا ژیان خۆی دواتر مامۆستاکانم.

بەتایبەتی مامۆستا سالار مەجید مامۆستا وەهبی رەسوڵ بەتایبەت ئەوان سەرەتا بناغەیەکی پتەویان پێ بەخشیم هەردەم خۆشم بە قوتابی ئەوان دادەنێم، چونکە ئەوان دەزانن چیت دەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە سەیرکردنم بۆ تابلۆیەک یان پەیکەرێک یان گوێگرتنم بۆ هونەرمەندێک هەست دەکەم بەوەی تا چەند راستگۆیی تیادا بێت، ئەوەندە راستی بەمن دەبەخشێت بێگومان کاریگەری ئەمانە لەسەرم زۆرە، بەڵام هەست ناکەم، کاری من لەکاری کەس بچێت، چونکە هەرکەسێک بەرۆحیەتێک کار دەکات رەنگ دادەنێ. لە کۆتاییدا دەڵێم پرۆژەی ئایندەم بەشداری کردنمە لە پێشانگای زاموا و هونەرمەندان هەروەها بەردەوام بوونی پێشانگای ژیان و ژن و تێروانینی هونەرمەند بە کارەکانم کردنەوەی پێشانگای تایبەتی لە بەرنامەمدایە، ئەمەش کات و مەرحەلەیەکی ئیش کردن بێت، دەمەوێت تەواو بگەمە ئەوەی ئیشەکانم زمانی ناوەوەم بێت.■

مۆزیک ژەنە ناودارەکانی جیهان

فیل کورت (١٩٠٠-١٩٥٠)

□ دانەرێکی موزیکی ئەڵمانییە، لەسەرەتای ژیانی هونەریدا، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئینجلبرت همبرونیک، بۆیە هەر لەساڵی ١٩٢١، سەرپەرشتی وانەکانی دەکات لەبەرلین. لەسەرەتای کاری هونەریدا رووەو هونەری تەعبیری دەچێت، هەر لەم سەروبەندەدا بۆ شانۆیی ئاهەنگ ئامێز، دوو بەرهەمی ئێجگار جوان پێشکەش دەکات. ئەوانیش protagonist Der(١٩٢٦)، ئینجا ئۆپێرای (قەیسەر رێگا بە وێنەگرتنی دەدات - ١٩٢٨)، لێرەوە دوابەدوای ناسین و دروست بوونی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ نوسەرو شاعیرو شانۆکاری گەورە (برتولد برێشت) رووەو شانۆی ریالیزم و جەماوەری دەچێت. بۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠، چەندین بەرهەمی هونەری پڕ داهێنان و رەخنە ئامێز وەبەر دەهێنن لە قاڵبی (سینجشبیل)ی ئەڵمانی، هەرە دیارەکەشیان (سێ قرشەکە) کە ئەمەش، وەرگیراوە لە ئۆپێرای (دوو سواڵکەرەکە)ی لیبیوش، کەیەکێک بوو لە کارە جەماوەرییە زۆر ناسراوەکەی سەدەی بیستەم. ئینجا ئۆپێرای (کۆتاییەکی دڵخۆش) لەگەڵ ئۆپێرای (سەرکەوتن و هاتنە خوارەوە ماها جونی). کاتێکیش نازیەکان لە ساڵی ١٩٣٣، لەئەڵمانیا دەسەڵات دەگرنە دەست، فیل کورت، بەهۆی ئەوەی کەلە بنچینەدا یەهوودی بوو، ئینجا لەژێر کاریگەری بیری سۆسیالیزمیش بووە، بەناچاری وڵات بەجێ دەهێڵێت، ویستگەی یەکەمی فەرەنسا دەبێت، چەند ساڵێک لەپاریس ژیان بەسەر دەبات، لەدواییدا، واتە لە ساڵی ١٩٣٥ بە یەکجاری روو دەکاتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هەر لێرەشەوە جنسیەی ئەمریکی بەدەست دەهێنێ. لێرەشەوە گرنگی زۆر بەموزیکی جاز دەدات. دوا ویستگەی هونەری فیل کورت، بریتی دەبێت لەگرنگی دان بەبواری هونەری سینەما، بەتایبەتیش، موزیکی فیلم، لە سێی نیسانی ساڵی ١٩٥٠، دڵە گەورەکەی بۆ دواجار لەلێدان دەکەوێت و لەدوای خۆشی، ئەم بەرهەمە دانسقانە بەجێ دەهێڵێت.

بەرهەمەکانی:

شانزە بەرهەمی جیاجیای بواری شانۆ (کۆمیدیا، موزیک، ئۆپێرا)، گرنگەکەی protagonist Derدرسدن ١٩٢٦

- قەیسەر رێگا بەوێنەگرتنی دەدات (لایزیغ ١٩٢٨)
- ئۆپێرای سێ قرشەکە (بەرلین ١٩٢٨)
- کێ دەڵێت بەڵێ، کێ دەڵێت نەخێر ١٩٣٠
- ژن لەسێبەردا (بۆستۆن ١٩٤٠)
- موزیک بۆ ئەم بەرهەمە شانۆییانە:

(ستریند برج -گرین -برێشت)

- دوو بالیە هەروەها کانتا تای ئۆرفیوسی نوێ
- ریکویمی بەرلین
- دوو سەمفۆنیا ١٩٢٧- ١٩٣٣
- کۆنشرتۆیەک بۆ کەمانچە
- کۆنشرتۆیەک بۆ فیولونسیل لەگەڵ ئالەتە هەواییەکان، چوارینەی ژێدار ١٩٢٣■

مارک شاگاڵ و تابلۆ شاعیرییەکانی بۆ دنیایەکی نامۆ

بەختیار سەعید



□ مارک شاگاڵ ..هونەرمەندی شاعیرو نیگارکێشی خاوەنی ئەندێشەو داهێنەری نامۆ، ئەمانە سیفەتەکانی ئەو نیگارکێشە منتەوییە لەسەر خۆی کە لە خێزانێکی هەژار لەدایک بووە کە خاوەنی کۆمەڵێک منداڵی زۆر بوون، هەروەها ئاینەکەی رێگر بووە لەبەردەم هونەرەکەیدا، بەڵام هەگیز گرنگی بەو رێگرییە نەداوە کە ئاینەکەی بۆی خوڵقاندووە، هەربۆیە لەتەمەنێکی سەرەتای ژیانییەوە نیشانەکانی داهێنانی تێدا بەدیکرا ئەو بژێوییە هەژارانەی کە خێزانەکەی تیایدا دەیانگوزەران زۆر ئازاردەری بوو تاکو دوا ساتەکانی ژیانی هەر پێوەی دەناڵاند.

دایک

هونەرمەند مارک شاگاڵ لەدایک بووی ٧ی یولیوی ١٨٨٧ ی (فیتبیسک) روسیای سپییە، لەگەڵ ئەو کەم دەرامەتی و هەژارییەی کە خێزانەکەیانی لە ژیانێکی ئاسایی خستبوو مارک توانی لە قوتابخانە بخوێنێت و تابلۆکانی نیگاری شێوازی بژێوی خەڵکی و سروشتی لەخۆگرتووە پێش ئەوەی بچێتە پاریس.

ساڵی ١٩١٠ دەچێتە شاری پاریس لەوەدەمەی کە روسیا ببووە نموونەیەک بۆ جیهانی خۆرئاوا، ئەو دەمە لە پاریس کۆمەڵێک نیگارکێشی روسی لە پاریس بوون لەوانە (یافلینسکی، کاندینسکی) لەوەدەمەدا مۆدەی رووسی لە رێگای بالییەوە گەیشتە خۆرئاوا، سەرەتای گەیشتنی بۆ پاریس شاگاڵ مەبەستی ئەوەی هەبووکە لەدوای وادەیەک مانەوەی لە پاریس بگەڕێتەوە بۆ روسیا، بەڵام لەدوای ماوەیەک لە مانەوەی لە پاریس پەرشیمان بۆوە لەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی شاگاڵ ئەمەی لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیووە... لە پاریس لە نێوان گەلەریی و پیشانگەکاندا بوو، هەر لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ تابلۆکانی ڤان کوخ و گۆگان پەیدا کرد، هەروەها سەرسام بوو بە تابلۆکانی نیگارکێشی فەرەنسی ماتیس و بەکارەکانی نیگارکێشە کۆنەکان ئاشنا بوو......شاگاڵ لە شاری پاریس لەلای هاوڕێیەکی فەرەنسی کە بەشێکی زۆری تابلۆ ناودارەکانی لەماڵەکەیدا کێشاوە لەوانە تابلۆکانی (من و گوند، شاعیر، سەربازەکە دەخواتەوە، مۆدێل) شاگاڵ لەگەڵ ئەو ژیانەی لە شاری پاریس سۆزی بۆ روسیاو شارەکەی بەکێشی دەکرد ئەوەش ئەو دیاردەیە بوو کە لە تابلۆکانی ئەو قۆناغەی ژیانیدا بەدەرکەووتووە، لە ساڵی ١٩١٢ دا شاگاڵ تابلۆکانی دەنێرێتەوە بۆ شاری بترسبۆرگ بە مەبەستی نیشاندانی لەوشارەکەلەژێر ناوی (مردووان-الموتی) دا بوو، بەڵام شیوعییەکان هەموو پیشانگەو تابلۆکانی وەک پڕوپاگەندە بۆخۆی بەکاردەهێنا.

سیماکانی بەهرەیی و کاری ناوازە لە تەمەنێکی دیاریکراوەوە هەربۆیە هەر لەتەمەنێکی دیاریکراوەوە بووە قوتابی ستودیۆیی (یودابتن) و پاشان لە ساڵی ١٩٠٦دابووە کە سەردانی قوتابخانەی هونەری دەکرد لە شاری بترسبۆرگ، و لە ساڵی ١٩١١دا لە ناودارترین گەلەری فەرەنسیدا پیشانگەی تایبەتی دەکاتەوە لەژێر ناوی (من و لادێ) و پاشان بووە ئەندامێکی ناودار لە گەلەری فەرەنسی و گەلەری پایزیی... هەروەها بەهۆی هاورێیەکییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ بازرگانێکی کاری هونەری بەرلینی پەیدا دەکات و کۆمەڵێک لە کارەکانی شاگاڵ دەبات و پیشانگەیەکی لە گەلەری (شتورم) لە ساڵی ١٩١٤دا بۆ دەکاتەوە، لە هەمان ساڵدا سەردانی (فیتبسک) دەکات بەڵام هێندەی پێناچێت جەنگ دەست پێدەکات و بەرەو رووی کارەساتێک دەبێتەوە کە چاوەڕوان نەکراو بوو کە ئەویش لە دەستدانی سەرجەم ئەو تابلۆیانەی کە لە بەرلین و پاریس بەجێیهێشتووە.

مارک شاگاڵ پیشانگەیەکی لە مۆسکۆ کردەوە و لە ساڵی ١٩١٧دا بووە نوێنەری هونەر لە (فیتبسک) و هەر لەوێ قوتابخانەیەکی هونەری نوێی دامەزراند و ئاهەنگی سەرکەووتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سازکرد، هەر لەو دەمەدا بوو یەکەمین کتێبی توێژینەوە لەسەر شاگاڵ و کارەکانی بە چاپ گەیەنرا، هەروەها بەشداری ئەو پیشانگە هاوبەشەی کرد کە لە (بیتروکراد) کرایەوە کە تایبەت بوو بە هونەری شۆڕش، هەروەها وەک ئەندازیارو دیکۆرکێش لە یەکێک لە شانۆکاندا کاری کردووە.

ساڵی ١٩٢٢ بەیەکجارەکی روسیا بەجێدەهێڵێت و لە بەرلین نیشتەجێ دەبێت، بۆ جارێکی تر لە ساڵی ١٩٢٣دا دەچێتەوە شاری پاریس و نیگارێکی تایبەت بۆ کتێبێکی نوسەری ناوداری روسی (گۆگڵ) دەکێشێت بە ناوی (رۆحە مردووەکان) و کۆمەڵێکی زۆر پیشانگەی تایبەتی بۆکرایەوە لە شاری پاریس.

لە ساڵی ١٩٢٦دا کارەکانی لە نیۆیۆرک نمایشکراو توانی بیرەوەرییەکانی لەژێر ناوی (ژیانم)دا بنوسێت و بانگهێشتکرا کە نیگاری ئینجیل بکێشێت، هەروەها وەک رێزلێنانێک لە بەرامبەر کارەکانی حکومەتی فەرەنسی رەگەزنامەی فەرەنسی پێبەخشیووە و کارەکانی لە زۆر لە وڵاتان نیشاندراوە و سەردانی زۆر وڵاتی کردووە و ناودارترین مەدالیایی فەرەنسی لەلایەن سەرۆکایەتی فەرەنسییەوە پێبەخشراوە.

لە ساڵی ١٩٨٥دا سەرجەم تابلۆکانی لە شاری لەندەن و مۆزەخانەی فیلادیلیفیا نیشاندراو هەرلەو ساڵەدا کۆچی دوایی دەکات.

هونەرمەندان و ئینسان مارک شاگاڵ.....٩٨ ساڵ لە داهێنانی ئینسانی و خەونی رۆمانسی و تابلۆی شاعرییەت.■

laparakan.qxd 03/02/1426 09:48 ã Page 12

پەیامی لاپەڕە

حەمە بچکۆل

□ لەوەتەی دوایین پۆستەی دابەشکردنی زەوی بەسەر وەرزشکاراندا هاتۆتە ئاراوەو دەنگو باسی برینەوەی مووچەی ڕێزلێنان بۆ هەندێ لە وەرزشکارانی شایستە کەوتۆتە ناو شەقامی وەرزشی، بارەگای لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بووە بە پورەی هەنگ، ئیتر ئەوەی کە لە فوتبۆڵدا شوتێکی لێداوە، ئەوەی کەلە باسکەدا جەمپ شوتێکی کردووە، ئەوەی لە باڵەدا کەبسەیەکی لێداوە، ئەوەی لەتۆپی دەستدا شوتێکی کردووە، ئەوەی ڕێکتەیەکی تۆپی سەرمێزی بەدەستەوە گرتووە، ئەوەی لەگۆرەپانو مەیداندا دوو سێ هەنگاو رایکردووە، یان بازێکی داوە، یاخود رمێ، دیسکێکی هەڵداوە، هەموویان رۆژانە سەردانی لیژنەی ئۆلۆمپی دەکەنو تیاشیاندایە زیاتر لە (٣٠) ساڵو چل ساڵو پتریش، بەهیچ جۆرێک ئاگای لە وەرزش نەماوەو کەچی پڕ بە گەرووی ئەقیژێنێو ئەڵێ: (چۆن منتان لەبیرچووە؟ من وام کردووە لەوەرزشداو وا رۆڵم بینیوە.. هتد) هەرچەندە تاک و تەراش لەو وەرزشکارانە بەراستی لەکاتی خۆیدا وەرزشکاری بەهرەمەندو لێهاتوو بوونو شوێن دەستیان دیار بووەو لەوانەشە زیاتر لە (٢٠) ساڵێک بەردەوام خزمەتی وەرزشیان کردبێ، بەڵام ماوەی چەند ساڵێک دەبێت لەبەر هەر هۆیەک بێت لەوەرزش دووركەوتونەتەوە، ئەم وەرزشکارە دێرینانە بەوانەیانەوە کە شایستەی ڕێزلێنانن بەوانەشەوە کە هیچ مێژوویەکی وەرزشییان نییە، راستیەک هەیە کە نایزانن ئەویش ئەوەیەکە هەر لەسەرەتای پەیدابوونی وەرزش لە شاری سلێمانیو بگرە سەرجەم کوردستانیشدا هیچ سەرچاوەو ئەرشیفو کەناڵێکی راگەیاندنی ئەوتۆی وەرزشیمان نەخوێندراوو بیستراوو بینراو نەبووە، کە یانەی وەرزشی سلێمانی، دواتریش لقی یەکێتییە وەرزشیەکانی عێراق لەکوردستان دروست بوو هیچ ئەرشیفێکیان بۆ تۆماری ناوی وەرزشکاران نەبووە، دوای راپەرینیش راگەیاندنی وەرزشی بینراوو بیستراوو خوێندراوە جۆرە بوژاندنەوەیەکی تێکەوتووە کە زۆر لەپێش راپەرین باشترە، بەڵام هێشتا لە ئاستی خواستو حەزو ئارەزووی وەرزشکاراندا نییەو مۆرکی پەیوەندی کەسێتیو رقو کینەو خۆشەویستی بە ئاشکرا پێوە دیارە، بە پێچەوانەی وەرزشکارانی وڵاتە پێشکەوتوەکانی دنیا کە مێژووی وەرزشییان لە رۆژنامەو گۆڤارو ئەرشیفی ئیستگەی رادیۆو تەلەفیزیۆنەکانداو لە ئەرشیفی یانەکانو یەکێتیە وەرزشیەکاندا تۆمار کراوە، جگەلەوە ئێمەی وەرزشکار بە پێچەوانەی ئەدیبو نوسەرو هونەرمەندەکانی وڵاتی خۆیشمانەوەین، کە ئەوان نوسینو شیعرو چیرۆکەکانیان لە رۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکاندا بەمێژوو تۆمارکراوە، هونەرمەندە شانۆکارەکانمان فیلمەکانیان لە ئەرشیفی تەلەفیزیۆنەکاندا هەمیشە لەبەرچاوە، هونەرمەندە تەشکیلیەکان وێنەکانیانو پێشانگەکانیان بەمێژووەوە لەبەرچاوەو تۆمارکراوە، دەنگ خۆشو مۆسیقیەکانمان بەهەمان شێوە، ئێمەی وەرزشکار لە کوردستاندا بەراستی سەربازی ونین، هەر لەگەڵ یەکەمین رۆژی دووركەوتنەوەمان لەدنیای وەرزش ئیتر هەموو مێژووی وەرزشیمان وەک یاریکەرو راهێنەرو بەڕێوەبەرو... هتد، لول دەکرێو کەس نامان ناسێتەوە، زۆربەمان هێشتا ناگاتە ساڵێک کەلە وەرزش دوور کەوتوینەتەوە، ئەگەر رووبکەینە یاریگەیەک بۆ سەیری یاری، لەوانەیە بڵێن: (نابێ زویر بیت، بێ زەحمەت بلیت ببرە!!)، یاخود هەر نەشمانکەنە ژوورەوە، یاخود گەر بشکرێینە ژوورەوە، زۆرجار کورسییەک نەبێت لەسەری دانیشین، بەتایبەتی لەم شاری سلێمانییەدا ئاوەکەی ئاواهی بەسەقەتی رژاوە، لەبەرئەوە ئەو وەرزشکارانەی کە خاوەنی مێژوویەکی دیارن کە دێن بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان گلەیی نەکەنو نەڵێن بۆچی ئێمەتان لە بیرچووە؟! من دڵنیام چەند وەرزشکارێکی بەئەمەک هەن کە پشتگیرییان دەکەنو لە ڕێزلێنان بێ بەش ناکرێن، ئەوانەشی کەهیچ مێژوویەکی وەرزشییان نییەو بەفرۆفێڵ دەیانەوێ خۆیان بسەپێنن، ئەوا گلەیی خۆیان لەملی خۆیان.■

کوردستان زاهیر هێشتا لە لوتکەدایە

ئا: گۆیژە

□ لەگەڵ ئەوەشدا کەتەمەنی خۆی داوە لە ٣٠ ساڵی ڕێک، کە ئەم تەمەنە بە گشتیو بەتایبەتی لەلای ئێمە بۆ یاریکەر زۆرە، خۆ ئەگەر ئەو یاریکەرە لەهێڵی هێرش بەرداو لەو تەمەنەدا وەک کوردستان زاهیر هەمیشە خەتەری بۆ سەرگۆڵی تیپی بەرامبەر هەبێ، ئەوا جێگەی ئەوپەری ڕێزەو پێویستە راهێنەرەکەیو دەستەی بەڕێوەبەرانی یانەکەیو جەماوەری وەرزشی بەتەواوەتی ئەو بارودۆخو هەڵوێستو تەمەنەی ئەم یاریکەرە کۆڵنەدەرو خۆراگرە بخوێننەوە زۆر بەباشی بینرخێنن.
کوردستان لەشولارێکی بەهێزو خێراییەکی کەم وێنەی بە تۆپو بێ تۆپەوە هەیە، لێسەندنێکی باشو گورجو گۆڵانەی هەیە کە یاریکەری بەرامبەر بەئاسانی دەبڕێ، گۆشەنیگایەکی گەورەی هەیە، هەروەها چاونەترسو ئازایەو هەندێ جار بەخۆیو تۆپەکەوە دەچێتە قوڵایی هێڵی بەرگری تیپی بەرامبەرەوە و بەم خۆپیاکردنەش زۆرجار پەنالتی بۆ تیپەکەی دروست دەکات، کاکە کوردستان لەهێڵی هێرشبەر وەک سەرەنێزە (رأس الحربە)و لە هێڵی ناوەراستیشدا دەتوانێ یاری بکات، دیارە هەر کاتێ کوردستان بجوڵێنرێ، ئەمیش قسەو رەخنەو گلەییو پێشنیاری خۆی هەیە، ئێمەش لەدیدارێکدا هەندێ پرسیارمان لێکردو ئەویش زۆر راشکاوانە وەڵامی داینەوە:

چاودێر: ئایا ئەم راهێنەرە عەرەبانەی تا ئێستا هێناویانن بۆ سلێمانی، هیچی نوێیان پێ بووە؟ سوودیان لێوەرگیراوە؟

کوردستان: نەخێر، تەنها بۆ پارە پیاکێشانو پارە دزین هاتوون.

چاودێر: ئاخۆ راهێنەرەکانی شاری سلێمانی بۆ یانەکانی خۆمان سوودیان لێوەردەگیرێ؟

کوردستان: بەڵێ: ئێستا کاک خەسرەو و کاک سەلاحی شێخ ئەمین زۆر لەعەرەبەکان باشترن بۆ یانەی سلێمانی.

چاودێر: ئایا ئەمساڵ دەتوانن بارودۆخی تیپی فوتبۆڵی یانەی سلێمانی چاک بکەن؟

کوردستان: ئەمساڵ.. تازە لەدەستمان چوو، بەڵام ساڵێکی تر دەتوانین تیپەکەمان بەرەو پێشەوە بەرین، ئەگەر هەندێ هەنگاو هەیە بینێین.

چاودێر: ئەو هەنگاوانە چین؟

کوردستان: یەکەم شت، راهێنەری شارەکەی خۆمان ببێتە راهێنەری تیپەکە، چونکە دڵسۆزترەو هیچیشی لەو راهێنەرە عەرەبانە کەمتر نییە کە دەیانهێننو ئەو هەموو پارەو پولە زۆرەیان دەدەنێ، دووەمیش، یاریکەری کوردو عەرەبی باش هەڵبژێرن بۆ تیپەکە، سێیەمیش، رۆژانی باران شوێنێکمان بۆ مەشق بۆ دابین بکرێ.

چاودێر: ئایا شتێکی باشە بەلاتەوە یاریکەر لەم یانەوە بچێتە ئەو یانەی تر؟

کوردستان: زۆر ئاساییە، یاریکەر بۆ چاکتر کردنی بژێوی خۆی ئەم یانەو ئەو یانە بکات، ئەوە هەقی خۆیەتی، جگەلەمەش شارەزایی زیاتر پەیدا دەکاتو ئاستی هونەری بەرزتر دەبێتەوە بەهۆی سوود وەرگرتن لەو راهێنەرە جیاوازانەوە.

چاودێر: لە یاریگەدا، بەچی پەست دەبی، چیشت پێخۆشە؟

کوردستان: ئەگەر یاریکەرەکانی هاورێم بەتایبەتی کوردەکان خۆیان ماندوو نەکەن، زۆر پەست دەبم، بردنەوەش زۆر دڵم خۆش دەکات.

چاودێر: بەرای تۆ، یاریکەرە عەرەبەکان بەتەواوەتی خۆیان ماندوو دەکەن؟

کوردستان: نەخێر، خۆیان بەتەواوەتی ماندوو ناکەن.

چاودێر: کام لەهەڵبژاردەو کام یانەی جیهانیت لە فوتبۆڵدا خۆش دەوێ؟

کوردستان: هەڵبژاردەی بەرازیلو فەرەنسا، لە یانەکانیشدا بەرشلۆنەو چێڵسی

چاودێر: کام یاریکەری جیهانیت بەدڵە؟

کوردستان: رۆناڵدۆو ئیتۆ

چاودێر: باشترین یاریت لەگەڵ کام تیپدا بووە؟

کوردستان: ئەو یارییەی هەڵبژاردەی سلێمانی بەرامبەر زەورا یاریمان کرد.

چاودێر: ئەی جوانترین گۆڵت لەکام تیپ بووە؟

کوردستان: ئەو کاتەی یاریم بۆ یانەی سیروان دەکرد، بەرامبەر بە نەجەف جوانترین گۆڵی خۆم تۆمارکردووە.

چاودێر: ئەو راهێنەرانە کێن، کە رۆڵیان هەبووە لە مەشق پێکردنتدا؟

کوردستان: بەرێزان (سەعدی غەریب، حەمە بچکۆل، ئازاد وەهاب، فەرەیدون ساڵح، خەسرەو گورون).

شوناسنامە:

کوردستان زاهیر ساڵی ١٩٧٥ لە سلێمانی لەدایک بووە.
لە تیپی چوارباخو تازە پێگەیشتوانی سلێمانیو یانەی سیروان یاری کردووە.
ئێستا یاریکەری یانەی وەرزشی سلێمانییە.■

کێ بەرپرسە لەم یانەیە؟

ئا: هەڵمەت هۆشیار

□ وەرزش لەسەرانسەری جیهاندا بۆتە یەکێک لە زەرورەتەکان کە دەسەڵاتو حکومەت بایەخێکی گرنگی پێدەدەنو هەمیشە لەهەوڵی زیاتر برەودان بەو بوارە، لەهەرێمی کوردستانیشدا، گرنگیەکی باش بەوەرزش دراوەو ئەو رەوتەش پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە، چ لەرووی تەکنیکی تیپەکانو پەروەردەکردنی یاریزانو دروست کردنی یاریگەی تازەو جۆراوجۆر، بەڵام تەنها شوێنێ کەلەم پێشکەوتنە دوورەو بێ بەشن، یاریزانانو وەرزش دۆستانی چەمچەماڵن، لەم بارەیەوە بۆزیاتر گەیشتن لەم دۆخە، چەند وەرزشکارێکمان دواندا، ئەوانیش بەوپەری نیگەرانییەوە وەڵامی ئەم چەند پرسیارەیان دایەوە..

- هۆکاری شکست هێنانی یانەی وەرزشی چەمچەماڵ چییە؟
- کێن ئەوانەی شکستیان بەو یانەیە هێنا؟
- بودجەی تەرخانکراوی یانەکە لەچیدا سەرف دەکرێت؟

- کرێکار عەلی نەریمان، کۆلیژی پەروەردەی وەرزش:
یانەی وەرزشی چەمچەماڵ شکستی نەهێنا، بەڵکو شکستیان پێهێنا لەلایەن ئەو کەسانەی بەڕێوەی دەبەن، چونکە ئەو یانەیە خاوەنی مێژووی خۆیەتی، رەنگە وەرزش دۆستان ئەو راستیە بزانن، بۆ نمونە (کاتێک ئەو یانەیە تیپی باسکەی هەبوو هیچ یانەیەک نەیبوو جگە لە یانەکانی سلێمانی کە ئەوانیش بەپەنجەی دەست دەژمێردران)، پاشان من یاریزانێکم لەو یانەیەدا، مەعقولە تا ئێستا نازانم ئەندامانی یانەکەم کێیە، سەرپەرشتیارەکە کێیە، یان ئەوەتا ئەندام یانەو سەرپەرشتیارم نییە، یان ئەگەر هەیە کواو بۆ نایەت دوو قسەم بۆ بکات، ئەمە جگەلەوەی کە هیچ یاریزانێک یارمەتی نییە، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە یان لیژنەی ئۆلۆمپی نەسریەی ناداتێ کە ئەمەش رێی تێ ناچێت یان ئەوەتا ئەوان بەشی شێر لەو نەسرییەیە بۆ خۆیان هەڵدەگرن.

- رزگار حەمە چەمچەماڵی، کۆلیژی پەروەردەی وەرزش، یاریزانی یانە:
پێموایە هەڵە لە ئێمەی وەرزشکارە، دەبێ وا بڵێین، چونکە ئەوان خۆیان بە ئیمامی مینبەری وەرزش دەزانن، نابێ ئەوان هەڵە بکەن، دەبێ ئێمە لەو دەنگە رەشانە بین، چونکە ئێمە تا ئێستا نەچووینە بەگژیانداو بڵێین ئێوە بۆ بەو جۆرە پەتی سێدارە بۆ وەرزش دەکەنو گەشەی رادەگرن، یانەی چەمچەماڵ تاکە یانە بوو لە قەزاکاندا تیپی باسکەی هەبوو، یان چەمچەماڵ لەکۆندا سێ یانەی تێدابوو، بەڵام ئێستا یەک یانەیەو ئەویش نەبێ باشترە، ئەگەر ئەوان رەحمێک بە خۆیان ناکەن، با بەناوی شارەکەو بە ئێمەی گەنجی بکەن.

- دلێر عەبدولرەحمان، پەروەردەی وەرزش:
دەربارەی یانەی وەرزشی چەمچەماڵ، من وەک خوێندکاری پەروەردەی وەرزشی، خۆم زۆر بەمەغدور دەزانم، بەتایبەتی کاتێ کە هاورێکانم باسی یانەکانی خۆیان دەکەن، وەک (دەربەندیخان، قەڵادزێ، سیروان، .. هتد)، منیش لەو کاتەدا جگەلە بێ دەنگ بوون، هیچی ترم بەدەستەوە نییە، بەڵام لەخۆم دەپرسم ئاخۆ ئێمە وەرزشەوان نین؟ یان یانەکەمان دڵسۆزیی تیا نییە بۆ وەرزش؟!

- ئارام بەکر، خوێندکاری پەیمانگە:
ئەگەر باس لە یانەی وەرزشی چەمچەماڵ بکەین، دەبینین لە رابردوودا چەند پلەیەکی باشی بەدەست هێناوە لەزۆر لەیاریەکاندا، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی زۆر سەیر پلەی ئەم یانەیە دابەزیوە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێک.

١. سەرپەرشتیارانی یانەکە وەکو پێویست نین، ئەو بودجەیەی بۆ یانەکە تەرخانکراوە زۆر بێ سەلیقانە سەرف دەکرێت.
٢. نەبوونی بیناو یاریگەی پێویست بۆ یانەکە.
٣. گرنگترینیان نەبوونی گیانێکی وەرزشی لەو کەسانەدا کە سەرپەرشتی یانەکە دەکەن.
٤. پشت گوێ خستنی یاریزانەکانی چەمچەماڵو گرنگی دان بەیاریزانی درەوە.

- ئازاد رەشید، پەروەردەی وەرزش:
چەمچەماڵ یەکێکە لەو شارە فەرامۆشکراوانەی کە لەرووی وەرزشەوە هیچ ئاورێکی لێ نەدراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لاوێکی زۆر بەوەرزشەوە خەریکن، ئەوەی بووەتە هۆی دواکەوتنی وەرزش لەم شارەدا نەبوونی یاریگای پێویستو کەسی پسپۆرو نەبوونی سەنتەرێکی واکە برەو بەتواناکانی وەرزشکار بدات. ئەمەش وایکردووە ئەو کۆمەڵە وەرزشکارەی کە توانایەکی باشیان هەیە وەلا بخرێنو هیچ ئاورێکی ماددیو مەعنەوییان لێ نەدرێتەوە، بوونی کۆمەڵێک کەسی ناوەرزشی لە یانەکەدا هیچ چالاکییەکی وەرزشیش لەو شارەدا برەوی پێ نادرێت، هیچ خزمەتێکیش بە تیپە وەرزشیەکان ناکرێت، ئەمەش بووە هۆی دوورکەوتنەوەی کەسانی دڵسۆزی وەرزشی لە شارەکەدا.■

ئەنجا پێرسۆنی سویدی لەیاری کۆتایی پاڵەوانێتی نەمسا لەخلیسکاندنی سەر سەهۆڵ



بەرشلۆنە لەلوتکەی ریزبەندی خولی ئیسپانیا

کامێرلیگ ریکۆردی جیهانی ٥٠م لەمەلەوانیدا، شکاند